# ئەدەب

# و

# هونەر

(بەرگی دووەم)

موعتەسەم ساڵەیی

کەرکوك – ٢٠١١

ناوی کتێب: ئەدەب و هونەر
ناوی نووسەر: موعتەسەم ساڵەیی
بابەت: لێکۆڵینەوە
تایپ: زانا جاف
نەخشەسازی: ئەنجام سەعید
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد عەلی شێخانی
زنجیرە (٩٠) لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیری و کۆمەلایەتی کەرکوك
چاپخانە: کارۆ
چاپی دووەم – ٢٠١١
تیراژ: (٥٠٠) دانە

## لەنێوان
## "گۆران"و "ئۆسكار وايلد"و داستانی "لاس و خەزال"ی كورديدا

هەر كە باسی ئەدەبی كورديی هاوچەرخ هاتە ئاراوە, پێویستە لەسەر توێژەرو لێكۆڵەر بە توندی رووی خۆی بەرەو ئەدەبی عەبدوڵڵا گۆران وەرچەرخێنێت. ئەم شاعیرە داهێنەرو بەهرەمەندە شۆڕشێكی گەورەی بەرپاكرد لە ئەدەبی كورديی هاوچەرخدا. بەتایبەتی هەڵبەستە رۆمانسیەكانی لە هەنگوین شیرینترن. هەر كەسێك شیعرە رۆمانسیەكانی گۆران بە زمانی كوردی بخوێنێتەوە هێزو توانای هونەریو نرخو بەهای ئەدەبیی بەرهەمەكانی شاعیری بۆ دەردەكەوێت. هەر میللەتێك لە میللەتانی دنیا بگرین, دەبینین شانازی بە چەند شاعیرێكی هەڵكەوتووی خۆیانەوە دەكەن. بۆ نموونە عەرەبەكان "موتەنەبی"و "سەیاب"و "نەزار قەبانی"یان هەیە. رووسەكانیش "پۆشكین"و "مایا كۆڤسكی"یان هەیە.. توركەكانیش "نامیق كەمال"و "نازم حیكمەت"یان هەیە.. فارسەكانیش "عومەر خەیام"و "شیرازی"و "تەبریزی"یان هەیە.. بە نیسبەت ئێمەی كوردەوە بەدرێژایی مێژوو كۆمەڵێك شاعیری هەڵكەوتوومان هەبووە وەك: "بابا تاهیر"و "ئەحمەدی خانی"و "جەزیری"و "حەریری"و "فەقێ تەیران"و "مەولەوی"و "سالم"و "نالی"و "شێخ رەزا"و "رەنجوری"..هتد. هەروەها لە سەدەی بیستەمدا چەندین شاعیری بەتوانای كورد سەریان هەڵدا, كە توانیان جێ پەنجەیان بەسەر ئەدەبی كورديی هاوچەرخەوە جێبهێڵن. بێگومان لە هەموویان ناسراوتر شاعیری رۆمانسیی هەست ناسك "گۆران"ە, كە بەسەر ئافرەتو جوانیو سروشتو خۆشەویستی نیشتماندا هەڵیدا. بەتایبەتی بەشێوەیەكی سەركەوتووانە

تـوانيی لەچوارچـێوەی هونەريـدا وەسـفی سروشـتی رەنگينـی كوردسـتان بكـات. زيـادەڕۆيی ناكـەم گـەر بڵـێم كـەوا زۆربـەی رۆشـنبيرانو ئـەدەب دۆسـتان شـيعرەكانی گۆرانيـان لەناخــەوە ئەزبــەر كــردووە. دەووترێـت گوايـە گـۆرانیو مۆسـيقای روسـی قـەرزاربارى شـيعرە ناسـكەكانى "پۆشـكين"ە, ئێمـەيش دەڵـێين كـە بـە هـەمان شـێوە گۆرانیو مۆسيقای كوردی قەرزاربارى هەڵبەستە رۆمانسيەكانی "گـۆران"ە. بـۆ نموونـە هەڵبەسـتی سـەركەوتووترينو بەسـۆزترين گـۆرانيی كـوردی لـە شـيعرەكانی گـۆرانی شاعيرەوە وەرگيراون.

هەروەها شاعير لە بواری لاواندنەوەدا دەستێكی باڵای هـەبوو, بەتايبـەتی لاواندنـەوەی بۆ "هيوا"ی كۆچكردووی كوڕی باشترين نموونەيە. هەر كە لەساڵی "١٩٤٨"دا شـاعيری بەتوانای هاوەڵی "فايەق بێكەس" كۆچی دوايی كرد, گۆران تـوانيی بـە هەڵبەسـتێكی پڕ لە جۆشو خرۆش شـيوەن بگێڕێـتو بـرادەرە ئازيزەكـەی بلاوێنێتـەوە.. لەلايـەكی تريشەوە لە بـواری سـروودی نيـشتمانيدا توانـای خـۆی خـستەگڕو چـەندين هەڵبەسـتی سەركەوتووی بەبەرهەم هێنا وەك: "كوردستان"و "بەری بەيانـە"و "دەمـی راپەڕينـە". كە تاوەكو رۆژی ئەمڕۆمان ئەو هەڵبەسـتانە وزەو توانـای هونـەريی خۆيـان پاراسـتووە. بەڵام سەرەڕای هەمووی گەر عەوداڵی راستیو دروستی بين, دەبێـت دانـی پێـدا بنـێينو بڵێين كە زۆربەی ئەو هەڵبەستانەی كە شاعير لەدووا ساڵەكانی ژيانيـدا دانـاون, بـەهيچ كلۆجێـك ناگەنـە ئاسـتی شـيعرە رۆمانـسيەكانی. بەتايبـەتی كاتێـك كـە شـاعير خـۆی پەيوەسـت كـرد بـە ئايديۆلۆژيـەتی ماركسيەوە, شـيعرەكانی بـەرەو لاوازیو بـێ هێـزی هەنگاويان نا, بەو پێيەيش ئەو ئايديۆلۆژيەتە كاريگەريـەكی ناهـەمواری هـەبوو بەسـەر هەڵبەسـتەكانيدا. لێكۆڵـەر "حوسـێن عـەلی شـانۆف" لـەبارەی دووا سـاڵەكانی ژيـانی شاعيرەوە دەدوێتو دەڵێت: "ئەو هەڵبەسـتانەی كـە گـۆران لـەو ماوەيـەدا هۆنيانيـەوە بەشــێوەيەكی خۆڕســكی پــڕن لــەهاتو هــاوارو هوتافــاتو دروشــم بەرزكردنــەوەو بانگەواز"(١). لەراستيدا شـاعير لـەو ماوەيـەی دووايـيـەدا كۆمـەڵێك هەڵبەسـتی سياسـی بەبەرهـەم هێنـا, كـە دوورن لـە هەسـتی هونـەریو جوانكـاریو بەبەسەرچـوونی كـاتو

زەمانەیش فەرامۆش کراون‌و هەستی خوێنەر نابزوێنن وەك هەڵبەستی "بۆ مایکل"و "مەکارسی"و "بۆ پۆل روپسن"و "ڕێگای لینین"و "مۆسکۆی ئایار"و "بەڕێگادا.. بەرەو کۆنفرانس". بەتایبەتی شاعیر هەڵبەستێکی سیاسی هەیە کە هێرش دەباتە سەر "ماك ئارسەر"ی سەرکردەی گشتیی هێزەکانی ئەمەریکا, کەلەو سەردەمەدا دژی کوریا دەجەنگا لەژێر ئاڵای نەتەوە یەکگرتووەکاندا. گەر شاعیر لەم ڕۆژگارەی ئێمەدا بژیایەو بەچاوی خۆی دیکتاتۆریەتی شیوعیی کۆریای باکوری ببینیایە کە بە چ شێوەیەك میللەتەکەی دەچەوسێنێتەوەو هەڕەشەیش لە ئاشتی‌و ئاسایشی جیهانی دەدات بەهێزی ئەتۆمی, بێگومان گەر ئێستا شاعیر لە ژیاندا بووایە گۆشە نیگای خۆی دەرهەق بە کۆریای باکوری مارکسی ملهوڕ دەگۆڕی‌و لەو هەڵبەستەی خۆی پەشیمان دەبووەوە.
لەهەموو وەخت‌و سەردەمێکدا هەڵبەست‌و شیعری ستراني‌و ڕۆمانسی هەست‌و سۆزی خوێنەر دەبزوێنێت‌و بە هێمنی‌و لەسەرخۆ ژێیەکانی دڵی خوێنەر دەخاتە لەرە. لەم بوارەدا گۆران توانای خۆی خستەکارو گەلێك هەڵبەستی ڕۆمانسی‌و سترانی هێنایە بەرهەم. خاڵێکی گرنگ لەم رووەوە هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار شیعری سیاسیش گەر بەرووپۆشێکی ڕۆمانسیانە بپۆشرێت, دەتوانێت خۆی بڵند بکاتەوە بۆ ئاستی داهێنان. مۆرکی سترانی‌و ڕۆمانسی بابەتی ئەدەبی بەتایبەتی شیعر دەوڵەمەند دەکات‌و نەمری‌و زیندوێتی پێ دەبەخشێت. لەم باسەماندا لەبارەی ئەم لایەنەوە دەدوێین‌و ئۆپەرێتی "گوڵی خوێناوی"ی گۆرانی شاعیر وەك نموونەیەکی زیندوو دەهێنینەوە. لەم هەڵبەستەدا یاخود لەم ئۆپەرێتەدا گۆران هەستی سیاسی‌و نێوەندی ڕۆمانسی ئاوێتەی یەکتری دەکات. لە ئاکامیشدا دەتوانێت هێزو تواناو سەرکەوتن بە بابەتەکەی ببەخشێت. لێرەدا لە خوارەوە کورتەیەك لە ناوەڕۆکی هەڵبەستەکە دەخەینەڕوو کە بەم شێوەیەیە:
"لەماڵێکدا شایی‌و هەڵپەڕکێ بوو. دەنگی نای‌و دەهۆڵ‌و زوڕنا دەبیسترا. کوڕێکی لاو داوا لە کچێکی شۆخ‌و شەنگ دەکات بۆ ئەوەی پێکەوە بچن بۆسەر شایی‌و هەڵپەڕکێ. بەڵام کچەکە پەلپ لە کوڕەکە دەگرێت‌و داوای دوو چەپکی گوڵی زەردو سووری

لێدەکات بۆ رازاندنەوەی سەری, تاوەکو لە تەکیدا بەشداریی ئاهەنگو شاییو هەڵپەڕکێ بکات.. داواکاریەکەی کچەکە بەڕادەیەکی زۆر گرانو زەحمەت بوو, چونکی وەرز پـایزەو دارو دەوەن بـێ گـەڵان.. لـە ئەنجامـدا کوڕەکـە ناچـار دەبێـت کـە ئارەزووەکـانی خۆشەویـستەکەی جێبـەجێ بکـات. رووەکاتـە مـاڵی پاشـا کـە لەوبـەری ئـاوی رووبارەکەدایـە. رێگـایش سـەختەو دوژمنـیش گـەمارۆی هـەموو رێگـاو بانـەکانیان داوە تاوەکو کەس نەتوانێت بچێتە باخچەی ماڵی پاشاوە کە گـوڵو گولیلکـەی تێـدا رووەوە.. بەهەر حاڵ لاوەکە دەتوانێت خـۆی بگەیەنێتـە باخـچەی پاشـاو پـاش گـەڕانو پـشکنین بەتـەنیا گـوڵی زەردی دەسـت دەکـەوێت.. بەپەلـە بەچـەپکێك گـوڵی زەردەوە خـۆی دەگەیەنێتـە لای کـچەی خۆشەویـستیو چـەپکە گوڵـە زەردەکـەی پێـشکەش دەکـات.. ئەوسایش یاخەی کراسەکەی دەکاتەوەو دڵی خوێناوی خۆی بە کـچەکە پیـشان دەدات, کە لە ئاکامی گوللەی پاساوانانی باخچەی ماڵی پاشا بریندار کراوە.. لاوەکـە پەنجـە بـۆ برینەکەی درێژ دەکاتو دەڵێت ئایا ئەم برینە سوورە خوێناویەم وەرناگریت لـەبری ئـەو گوڵە سوورەی کـە داوات کردبـوو..؟ بۆ رونکردنەوەی زیاتری وێنەکە لەخوارەوە هەڵبەستی (گوڵی خوێناوی) دەخەینەڕوو کە بەم شێوەیەیە":

کوڕ:

بڕوانە: شاییە, چۆپیە لەو ماڵە

گوێ بگرە! زوڕنایە, دەهۆڵە, شمشاڵە!

زەردو سوور تێکەڵ بوون, ژنو پیاو, هەرایە,

لەو ناوە هەر هاڕەی هەیاسەی تۆ نایە!

ساتوخوا, خێراکە, با بڕۆین, دەست بگرین,

بەکامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین!..

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم: ئاڵ چەپکێ, زەرد چەپکێ,

نایەم بۆ زەماوەن, نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

کوڕ:

کچ لەڕێی جوانیتا, کچ لەڕێی جوانیتا,

کچ لەڕێی نێو نیگای هاتوچۆی کانیتا,

پایزە, گەڵای دار ڕژاوە, باغ رووتە

گوڵ کوانێ گوڵ لێوی بەبزە پشکووتە!..

کچ:

گوڵ نەبێ بۆ سەرم: زەرد چەپکێ, ئاڵ چەپکێ,

نایەم بۆ زەماوەن, نایەم بۆ هەڵپەڕکێ!

بتدایە دڵ بەمن, بەهەموو مەعناوە!...

دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە!...

کوڕ: "ئەڕواو لەبەرخۆیەوە بەگۆرانی ئەڵێ":

باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە,

خێڵی دوژمن دەورەی داوە,

ئەڕۆم: ڕێگام لێ گیراوە,

ناڕۆم: چاوکاڵ لێم تۆراوە!

"بەرە بەرە لەدێ دوورکەوتەوە":

کوڕ:

بەباخچەی پاشادا ورد گەڕام, خوارو ژوور,

زەرد هەبوو, بۆم چنیت, چنگ نەکەوت گوڵی سوور,

نازانم ئەمجا دێیت بۆ شاییو هەڵپەڕکێ؟

کچ:

نایەم, گوڵ ماویەتی بۆ سەرم سوور چەپکێ!

کوڕ: "یەخەی مراخانیی ترازاند"

ناتەوێ ئەم زامی سەر دڵەم لەباتی؟

کچ:

هەی هاوار! تفەنگی دوژمنیش پێکاتی؟

راکشێ تاوێ سەر بنێرە سەر رانم"

با بگریم بۆ دڵێ, بۆ گوڵێ دۆڕانم!...

"پەردە دادەدرێتەوە"(٢)

لەبارەی ئەم ئۆپەرێتە کورتەوە ووتراوە, کەوا گۆران گوایە لەژێر کاریگەرێتی چیرۆکێکی نووسەری ئیرلەندایی "ئۆسکار وایلد"ەوە دایناوە, کە بە ناوونیشانی "بولبولو گوڵ- The nightingale and the rose"ەوەیە.ئەم بەراوردکاریەیش لەلایەن چەند نووسەرێکی کوردەوە ورووژا. بەتایبەتی مامۆستا "عومەر مارف بەرزنجی" بابەتێکی بەنرخی بەناوونیشانی "گۆرانو ئەدەبی ئینگلیزی"یەوە کاتی خۆی لە گۆڤاری "رۆژی کوردستان"دا بڵاو کردەوە.(٣) کە نووسەر لە باسەکەیدا لە بارەی کاریگەرێتی ئەدەبی ئینگلیزی بۆسەر ئەدەبی گۆران دوواوە. هەروەها گۆران خۆیشی لایەنی کاریگەرێتی ئەدەبی رۆمانسی ئینگلیزی بۆسەر بەرهەمە شیعریەکانی نەشاردووەتەوەو ئاماژەی بۆ کردووە. نووسەر عومەر مارف بەرزنجی دەستنیشانی ئەو شیعرانەی گۆرانی کردووە کە لەژێر کاریگەرێتی شاعیرانی ئینگلیزیدا داندراون بەتایبەتی "شیللی"ی گەورە شاعیری رۆمانسی. هەروەها نووسەر لە میانی بەراوردکاریەك هەڵساوە بە دەرخستنی لایەنە لێکچووەکانی نێوان هەڵبەستی "گوڵی خوێناوی"ی گۆرانو, چیرۆکی "بولبولو گوڵ"ی نووسەری ئیرلەندایی "ئۆسکار وایلد" لێرەدا لە خوارەوە کورتەیەکی ناوەڕۆکی چیرۆکی "بولبولو گوڵ"ی نووسەری ئیرلەندایی "ئۆسکار وایلد" دەخەینەڕوو:

"قوتابیەکی لاو لە ژوورەکەیدا لەتەك خۆیدا دەدوێتو دەڵێت کەوا سبەی شەو لەماڵی میری شاردا ئاهەنگێکی سەما ساز دەکرێت. دەڵێت گەر بێتو داواکاریی خۆشەویستەکەی جێبەجێ بکاتو گوڵێکی سووری پێشکەش بکات, ئەوا لەتەکیدا دەڕوات بۆ ئاهەنگەکەو پێکەوە سەما دەکەن. لەهەمان کاتدا کورە لاوەکە دۆش دادەمێنێت بەرامبەر بە داواکاریی خۆشەویستەکەی, چونکی لەم کاتەدا زۆر مەحاڵە

گـولێکی سـووری بەدەسـت بکـەوێت.. لـەو کاتەیـدا کـوڕە لاوەکـە سـکاڵای دڵـی خـۆی دەردەبڕێت, بولبولێك لـە باخـچەکەی تەنیـشتی ژوورەکەیـدا گـوێ لـە رازونیـازی کـوڕە دەگرێـتو دڵـی پێدەسـووتێت. بولبولەکـە دەکەوێتـە خـۆیو روو دەکاتـە داری گولێـكو داوای لێـدەکات کـە گـولێکی سـووری پێـشکەش بکـاتو, ئـەمیش لـە پاداشـتی ئـەوەدا بەدرێـژایی شـەو بەسـۆزترین گـۆرانیی بـۆ بـچڕێت. دار گوڵەکـە کـە لـەژێری پەنجـەرەی لاوەکەدا رووواوە دێتە وەڵامو دەڵێت کەوا سـەرماو سـۆڵەی زسـتان هـەموو لـقو پۆکـانی وشك هەڵگەڕاندووە, بەڵام گەر بێـتو بولبولەکـە لـەژێر تریفـەی مانگەشـەودا سـنگی لـە درکێکی دارەکەدا بچەقێنێتو بکەوێتە گۆرانی چڕین, ئەوا بولبولەکە بەخوێنی جەستەی دار گوڵەکە دەبووژێنێتەوەو لە ئاکامیشدا دارەکە گولێکی سوور بە بولبولەکە پێشکەش دەکات. بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە بولبولەکە رەزامەندی خۆی دەردەبڕێتو سـنگی لـە درکـی داری گوڵەکـە دەچـەقێنێتو گـۆرانی دەچـڕێت.. سـەر لەبـەیانی کـوڕە لاوەکـە پەنجـەرەی ژوورەکـەی دەکاتـەوەو دەبینێـت گـولێکی سـوور لـەداری نێـو حەوشـەکەدا رووواوەو بولبولێکیش بەقـەد دارەکـەوە رەق هەڵگـەڕاوە.. بەوپـەڕی خۆشـیو شـادیەوە لاوەکـە گوڵـە سـوورەکە لـە دارەکـە دەکاتـەوەو بەپەلـە بـەرەو لای خۆشەویـستەکەی دەڕوات, تـاوەکو گوڵەکـەی پێـشکەش بکـاتو ئەوسـا لەتەکیـدا پێکـەوە بـڕۆن بۆسـەر ئاهــەنگو خۆشــی. هــەر کــە لاوەکــە دەیــەوێت گوڵــە ســوورەکە پێــشکەش بــە خۆشەویــستەکەی بکــات, خۆشەویــستەکەی زۆر بەدڵڕەقییــەوە داواکاریەکــەی رەت دەکاتەوەو گوڵەکە دەهاوێتە سەر جادەکەو ئۆتۆمبێلێکیش دەیپلیشێنێتەوە.. ئەوسا بە کوڕەکـە, دەڵێـت کـەوا بۆیـە گوڵەکـەی لێ وەرنـەگرت چـونکی کابرایـەکی دەوڵەمەنـد گەوهــەرێکی گرانبــایی پێــشکەش کــردووە کەلەگــەڵ رەنگــی جلوبەرگەکەیــدا دەگونجێت.."(٤)

لەکاتی بەراوردکاریدا خوێنەر هەست بەچەند لایەنێکی لێکچوون دەکات لەنێوان هـەردوو بابەتەکـەی "گـۆران"و "ئۆسـکار وایلـد"دا. بـەڵام گـەر زیـاتر رۆچـین بـەناخو کرۆکـی بابەتەکاندا, دەتوانین کاریگەریی بابەتێکی فۆلکلۆری کـوردی بـۆ ناوەڕۆکـەکان دەسـت

نیـشان بکـەین, ئـەو بابەتـەیش داسـتانی "لاسو خـەزال"ی کوردیـە. بەبـەراوردکردنی هەردوو بابەتەکـە لەگـەڵ داسـتانی "لاسو خـەزال"ی فۆلکلۆریـدا تووشـی سەرسـوڕمان دەبین, چونکی بەڕادەیەکی زۆر لایەنو رووی لێکچوون هەیە لەنێوان "گوڵی خوێناوی"و "بولبولو گوڵ"و داستانی "لاسو خەزال"دا. ئایا ئەم هەموو نزیکیو لێکچوونانە دەبێت لە ئاکامی وێکچوونی بیرو بۆچوونی مرۆوە بێـت, یـاخود لـە ئاکـامی وێکـچوونی نەسـتی کۆمەکیی میللـەتانی جیهانـەوە سەرچـاوەی گرتبێـت. !؟ ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمانە "ئۆسکار وایلد" لەنێوان سالانی "١٨٥٤–١٩٠٠"دا ژیاوە(٥), بەلام مێژووی رووداوەکانی داستانی لاسو خەزال وەك دەردەکەوێت دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانیی کۆن کـە سەردەمی سوارچاکی بووەو ڕمو شیرو تـیر بـەکارهاتووە. هـەروەها لـەنێو داسـتانەکەدا هاتووە کە دراوو پارەی "مەجیدی"ی عوسمانی بەکارهاتووە..(٦) ئـەم داسـتانە بـەزۆر شێوازو بەچەند دەقێکی جیاجیا گێڕراوەتەوە یاخود بەچـاپ گـەییوە. هـەر لـە کۆنـەوە حیکایەتخوانـەکان حیکایـەتو داسـتانە فۆلکلـۆریو میللیـەکانیان ئەزبـەر کـردووەو, زۆرجـاریش بەشـێوەی گـۆرانیو لەگـەڵ دەف لێدانـدا ئـەو دەقـە فۆلکلۆریانـەیان بـۆ بیستەران یاخود بۆ دانیشتوانی دیوەخانەکان گێڕاوەتەوە.

داسـتانی "لاسو خـەزال" لەگـەڵ چـەند دەقێکـی فۆلکلـۆریی کـوردی تـردا, لەسـالی "١٩٠٥"دا لەلایـەن رۆژهـەلات نـاس "ئۆسـکار مـان"ەوە لـەدوو بەرگـدا بەناوونیـشانی "توحفەی موزەفەریە" تۆمارکراون. داستانی نـاوبراو شـێوازێکی شایـستەو نـاوەڕۆکێکی چڕوپڕ دەگرێتەخۆی کە دەبێتە بابەتێکی دەولەمەند بۆ نووسەرانو لێکۆلەران.دەتـوانین بلێین کە لە ئاستی داستانی "مەمو زین"ی بەناوبانگدایە, بەلام بەداخەوە وەك داستانو حیکایەتەکانی تر بەتەواوەتی رۆشنایی نەخراوەتە سەر لەلایەن لێکۆلەرانەوە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە ئاراوە, ئایا "ئۆسکار وایلد" بیرۆکەی چیرۆکەکەی دەبێت لـەکوێوە وەرگرتبێـت.!؟ یـاخود دەبێـت ئۆسـکار وایلـد ئـەو ناوەڕۆکـەی لـە یـەکێك لـە حیکایەتـە رۆژهـەلاتی یـاخود رۆژئاواییەکانـەوە وەرنـەگرتبێت.!؟ هـەروەك زانراویـشە زۆرجـار داسـتانو حیکایەتـە میللیـەکانی نەتـەوە جیاجیاکـانی دنیـا تێکەلکێـشیو

هاوشێوەیی پێك دەهێنن.. لەکاتی خوێندنەوەو بیستنی داستانی "لاسو خەزال" بۆمان روون دەبێتـەوە, کـە بەڕادەیـەکی زۆر هاوشـێوەییو لێکـچوونی هەیـە لەگـەڵ "گـوڵی خوێناوی"ی "گۆران"و "بولبولو گوڵ"ی "ئۆسکار وایلد"دا...

کورتەی داستانی ناوبراو دەڵێت کە "لاس"ی کوڕی سەرۆك خێڵی هـۆزێکی کـورد, حـەز لە کچی سەرۆك خێڵی هۆزێکی کوردی تر دەکات بـەناوی "خـەزال"ەوە. خۆشەویـستی لاس بـۆ خــەزال پـاڵی پێوەدەنێـت کـە جلوبــەرگی شـوان لەبـەر بکـاتو روو بکاتــە خێوەتگــای هــۆزی خۆشەویــستەکەیو لەوێــدا وەك شــوانکارەیەك لــە دولبـــەرە خۆشەویستەکەیەوە خۆی نزیك بکاتەوە.. زۆری پێناچێت "خـەزال" نهێنـی شـوانەکەی بـۆ ئاشـکرا دەبێـتو راسـتیی کەسـایەتیی پێـدەزانێت. ئـیتر هـەردووك پێکـەوە دەست تێکەڵ دەکەنو دەبنە ئەویندارى یـەکتری. رۆژێـك "لاس" لـەو دەشـتو دەرەدا لـەکاتی لەوەڕاندنی مێگەلەکەیدا, چەپکێك گوڵی کێوی بەڕێگای کەسێکەوە بۆ "خەزال" رەوانـە دەکات. بەڵام خەزال دیاریەکە رەت دەکاتەوەو دەڵێت:

ئەوە گوڵی سەر رێو بەر رێیانن‌و

لینچکی جەواڵی کاروانیان گرتییە

تۆزی رێگای مەڕو مێگەلانیان لەسەر کەوتییە

نەگوڵی مێرگە چەکۆی, نە گوڵی مێرگە شەکۆی,

نە گوڵی مێرگە خڕکەلی, نەگوڵی مێرگە چووکەڵەی,

نە گوڵی پانکەڵەی, نەگوڵی چل پلەی عومانی,

ئەو گوڵانەیان هیچیان دەگەڵ نییە..

بۆیە ئەو گوڵانەم بە دیاریو سەوقات لەتۆ قەبووڵ نییە..(٧)

لە دەقێکی تردا "خەزال" پەلپو بیانو لە "لاس" دەگرێتو داوای گوڵی شۆڕانێی لەچل پلەی عومانێ دەکاتو دەڵێت:

چبکەم ئەوەش دەبێتە خەم, ئەمن بابان وێرانێ,

پێیان گوتم گوڵی شۆڕانێ هەن لە چل پلەی عومانێ,

چراو لالەت ناویٚ سەربەخۆ دادەگیرسیٚ هەتتا سبحەیانیٚ(٨)

لە ئاکامدا "لاس" ناچار دەبێت کە بە بوێریو ئازایەتیەکی زۆرەوە سواری پشتی ئەسپ ببێتو ڕێی هاتو نەهات بگرێتەبەر, لەپێناوی بەدەست هێنانی گولٚ لـە وڵاتـی دوور بـۆ "خەزال". بەرێگاکەیەوە تووشی گەلێك کێشەو چەرمەسـەری دەبێـت, تـا لـە ئەنجامـدا دەتوانێت ئەو گوڵە عاجباتیە بەدەست بهێنێت بۆ خۆشەویستەکەی.بەڵام لەبەد بەختیدا لەرێی گەڕانەوەیدا تیرێکی ژەهراویی لەلایەن دوژمنانەوە بەردەکەوێتو کۆتـایی بـەژیانی دێت..

بە خوێندنەوەی هەر سیٚ دەقەکە, دەتـوانین بڵـێین کـە لێکچوونێکی زۆر لـە نێوانیانـدا هەیە. هەروەها لە هـەمان کاتـدا دەگەینـە ئـەو راسـتیەی کـە بڵـێین هەڵبەسـتی "گـوڵی خوێناوی"ی گۆران, زیـاتر لـە داسـتانە میللیەکـەی "لاسو خـەزال"ەوە نزیکـە وەك لـە "بولبولو گولٚ"ەکەی "ئۆسکار وایلد".. بۆمـان هەیـە بڵـێین کـە گـۆران لـەکاتی دانـانی هەڵبەستەکەیدا, بابەتەکەی "ئۆسکار وایلدی" خوێندبێتەوەو لەهەمان کاتیشدا گوێی لـە داستانی "لاسو خەزال"یش بووبێت.. لەپاشاندا لەژێر کاریگـەرێتیی هـەردوو دەقەکـەدا هەڵبەستەکەی خۆی دانابێت.. بەڵام بەهـەرحالٚ داسـتانی "لاسو خـەزال" قورسـاییەکی زۆری هەیە بەسەر بەرهەمەکەی گۆراندا. لە هەردوو بابەتدا لاوێکی سـەرکێشو جەربـەزە هەیـــە کـــەرێی هـــاتو نـــەهات دەگرێتەبـــەر لـــەپێناوی بەدەســـتهێنانی گـــولٚ بـــۆ خۆشەویستەکەی. لەهەردوو بابەتەکەیـشدا سـەرەنجامی لاوەکـە بەشـێوەیەکی تراژیـدی کۆتایی پێدێت.لە دەقە فۆلکلۆریەکەدا لاوەکـە بـەتیری دوژمـن دەپێکرێـت. لەدەقەکـەی گۆرانی شاعیریشدا بەهـەمان شـێواز لاوە ئەویندارەکـە بـە گوللـەی دوژمـن دەپێکرێـت.. لەهـــەردوو دەقـــی "لاسو خـــەزال"و "گـــوڵی خوێنـــاوی"دا لاوەکـــە بـــە تەنیـــشت خۆشەویستەکەیەوە گیانی لەدەست دەداتو دەمرێت..

پەراوێزەکان:

١-عەبدوڵلا گۆران شعر الشاعر الکردی المعاصر. دانانی: حوسێن عەلی شانۆڤ وەرگێڕانی: شکور مستەفا. بەغدا "١٩٧٥"لاپەڕە "١٣".

٢-دیوانی گۆران. ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم. بەغدا "١٩٨٠"لاپەڕە ١٦.

٣-گۆڤاری "رۆژی کوردستان" تشرینی دووەم ١٩٧٦. ژمارە ٤٢ کۆمەڵەی رۆشنبیری کوردی بەغدا.

٤-قصص اوروبیە معاصرە.وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: محمد العابدی. القاهرە,لاپەڕە ٧٥.

٥-الادب الانجلیزی. پول دوتان. دار الفکر العربی. القاهرە "١٩٤٨"لاپەڕە ٢٣٧.

٦-چیرۆکو بەیتی کوردی. کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: عەزیز شاڕوخ. دەزگای ئاراس هەولێر "٢٠٠٢" لاپەڕە ٩٨.

٧-سەرچاوەی پێشوو.. لاپەڕە٩٧.

٨-توحفەی موزەفەریە. بەرگی یەکەم. ئامادەکردنی: ئۆسکار مان. پیاچوونەوەی: هێمن موکریانی. کۆڕی زانیاری کورد. بەغدا "١٩٧٥" لاپەڕە ٩٢.

* لە ژمارە (١)ی (١٩٨٩/٧/٢٩)ی رۆژنامەی (ئاسۆ) لە بەغدا بڵاوبۆتەوە.

* لەلایەن نووسەرەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبیو لە ژمارە (١٠ -١١)ی تشرینی دووەمی (٢٠٠٥)ی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) بڵاوبۆتەوە.

# گۆران و کەلەپوور

هیچ نووسەرو شاعیرو هونەرمەندێکی هەڵکەوتوو نییە , کە لە ژێر کاریگەرێتی ڕێبازێك یاخود داهێنەرێکی پێش خۆیدا دەستی بە بەرهەم هێنان نەکردبێت.. هەموو داهێنەرێکی ڕەسەن ئیلهامی داهێنانی لە سەرچاوەیەکی دیاریکراوی تایبەتیەوە هەڵدەقوڵێت. بەڵام ئەم دیاردەیە دوو لایەنی جیاوازی دوور لە یەکی هەیە. جاری ئەوتۆ هەیە کە شاعیرێك یا نووسەرێك زۆر کوێرانە شوێن پێ ی یەکێکی دی دەگرێتو دەقاو دەق دەمە لاسکێ ی دەکاتەوە , بەڕادەیەك خۆی دەکات بە سێبەرێکی بێ گیانو بێ جەستە. بێگومان لەم بارو دۆخەدا شاعیر ناگاتە پلەی داهێنان , بگرە بەرهەمێکی کرچو کاڵی بێ ووزە دەخاتە روو.. بەڵام لە حاڵەتی دووەمدا شاعیرو نووسەرو هونەرمەند چاو دەبڕێتە سەرچاوەیەكو ئیلهامی لێ وەردەگرێت , بە بێ ئەوەی مۆرکی کەسایەتیو نەتەوایەتیو ڕەسەنایەتی خۆی بدۆڕێنێتو لە دەستی بدات. بەم پێیەیش شاعیر بە داهێنانێکی پڕاو پڕی سەرسوڕهێنەرەوە دێتە پێش.. داهێنەری ڕەسەن ئەو کەسەیە کە سوود لە کەڵچەری پێش خۆی ببینێت بەو مەرجەی گۆشە نیگای تایبەتی ی خۆی بخاتە روو..

نموونە بۆ ئەم بۆچوونە گەلێ زۆرە. بۆ وێنە ناوەڕۆکی شانۆنامەکانی نووسەرە گریکیە کۆنەکان , وەك ئەسخیلۆسو سۆفۆکلیسو یۆربیدس , بە زۆری لە چیرۆكو داستانو حیکایەتە فۆلکلۆریەکانی میللەتەکەیانەوە هەڵدەهێنجاو , بە بەرگێکی نوێو گوشە نیگایەکی تازەوە دایاندەڕشتەوە. (ئیلیۆت)ی شاعیر (ئەزراپاوەند)ی بە رابەرو مامۆستای خۆی دادەنا. ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٢٢)دا دوو بەرهەمی مەزنی سەدەی بیستەم هاتنە کایەوە. یەکێکیان (وێرانە خاك)ی ئیلیۆت بوو , کە بە ڕادەیەکی زۆر لە

هەڵبەستەکانیدا سوودی لە کەڵچەری دێرینو حیکایەتو داستانە کۆنەکان وەرگرتبوو..

دووەم بەرهەمی مەزنی کەیش کە لەو ساڵە دا بڵاوبووەوە ڕۆمانی (یۆلسیس)ی نووسەری ئیرلەندایی (جێمس جۆیس) بوو , کە نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا سوودی لە داستانی ئۆدیسەی گریکی دێرین وەرگرتبوو. یەشار کەمال دەڵێت کە کەوتبووە ژێر کاریگەریی (سورو ڕەش)ی نووسەری فەرەنگی (ستاندال)ەوەو خۆی دەڵێت کە بۆ دە جار زیاتر ئەو ڕۆمانەی خوێندۆتەوە١٠ نووسەری کیرخیزی (جەنگیز ئیتماتۆڤ) بۆ نووسینی ڕۆمانەکانی سوودی لە چیرۆكو حیکایەتە فۆلکلۆریەکانی میللەتەکەی وەرگرتووە.. گابرێل گارسیا مارکیز دانی بەوە داناوە کە (فۆکنەر)ی نووسەر جێ پەنجەی بەسەر نووسینەکانیەوە دیارە.٢ لە لایەکی تریشدا ئەم نووسەرە دەڵێت کە هەزارو یەك شەوە (الف لیلە ولیلە) کاریگەریەکی توندی بەسەر بیرو هۆشیەوە هەیەو هەموو ساڵێکیش دەیخوێنێتەوە.. لەم ڕووەوە (ئەرزا پاوەند)ی شاعیر راو بۆچوونێکی تایبەتی ی خۆی هەیە کە دەڵێت هەوڵ بدە (کۆن نوێ بکەوە..)٣ .

بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەمان دەتوانین گەلێ نموونەی زیندوو بهێنینەوە.. لێرەدا دەمانەوێت بگەین بەو ئاکامەی کە بڵێین گەر (گۆران)ی شاعیر سەرچاوەی ئیلهامی شیعریی لە چەند لایەنێکەوە وەرگرتبێت , مانای بێ دەسەڵاتیو دەستکورتی شاعیر ناگەیەنێت. بەڵکو شاعیر زۆر بلیمەتانەو سەرکەوتووانە بە گۆشە نیگایەکی نوێی تایبەتیەوە هەڵبەستەکانی داڕشتووە. بە ڕادەیەك توانیویەتی مۆرکی تایبەتی خۆی بپارێزێتو جێ پەنجەی تایبەتی ی خۆی بەسەر بەرهەمەکانیەوە بلکێنێت.

کاتی خۆی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا دکتۆر (عبدالله دباغ) بابەتێکی لە ژێر ناونیشانی (گۆرانو گۆڵد سمیپو تازەکردنەوە لە هۆنراوەدا)٤ بڵاوکردەوە. نووسەر وای بۆ دەچێت کە گۆران لە هەڵبەستی (گەشت لە هەورامانـدا) سوودی لە هەڵبەستی (دێ ی وێران)ی نووسەری ئینگلستانی سەدەی هەژدەمدا (گۆڵد سمیپ) وەرگرتبێت. نوسەر بۆ پاڵپشتی بۆچوونەکەی بە چەند بەراوردکاریەك هەڵساوە. بۆ نموونە هەردوو شاعیر وەسفی لادێ دەکەنو باسو خواسی ژیانی گوندایەتی تۆمار دەکەن. شاعیری

ئینگلستانی وەسفی کڵێسەو قەشەو مامۆستای خوێندگاو خەڵکی گوندنشین دەکات. بە هەمان شێوە گۆرانی خۆمانیش وەسفی خەڵکانی لادێو مزگەوتو مەلاو ژیانی لادێ دەکات. دەتوانرێت بووترێت کە هەردوو شاعیر بە شێوازێکی هونەریانە وێنەی بابەتەکانیان گرتووەو لە ئەنجامدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە.
ئێمەیش لێرەدا باسی کارتێکردنی دەقی فۆلکلۆری کوردی , بۆ سەر چەند لایەنێکی هەڵبەستی (گەشت لە هەوراماندا) دەکەین. دەڵێین لەوانەیە شاعیر ئەو دەقە فۆلکلۆریە کوردیانەی لە لایەن حیکایەتخوانە کوردەکانەوە کەوتبێتە بەرگوێو سوودی لێیان وەرگرتبێت.. گۆران لە هەڵبەستی (گەشت لە هەوراماندا) وەسفی کاتی بەرەبەیان دەکاتو دەڵێت:

(الله أكبر!) مەلا بانگدانە

تاریکو لێڵی بەری بەیانە

مانگی بەجێ ماو لە سەفەری شەو

زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو!٥

لە بەیتی (لاسو خەزال) لە توحفەی موزەفەریەدا بەم شێوەیەی خوارەوە وەسفی بەرەبەیان دەکرێت:

(ئینجا بنوو هەتتاوەکوو سبحەیانێ. مەلا دەڵێ ئەڵڵاهو ئەکبەر سۆڤ دێنیوە شادەتو ئیمانە)٦

گۆران لە هەڵبەستەکەیدا باسی راوو شکار دەکاتو دەڵێت:

لە رێ ی ئەوبەری شاخ دەنگی زەنگ دێ

لە شوێنی راوکەر تەقەی تفەنگ دێ٧

لە بەیتە فۆلکلۆریە کوردیەکەیشدا باسی راوو شکار کراوەو دەڵێت:

(سواری راوێ ئەگەر کەروێشکی چاو پێکەوت. بەری دەداتێ تووڵەو تاژیانە)٨

شاعیرمان وەسفی مزگەوتی لادێمان بۆ دەکاتو , ئەوسا دێتە سەر باسی ئیمامی مزگەوتو بانگدانو نوێژکردنی کۆمەکی.. لە پاشاندا مزگەوت چۆڵ دەبێتو چەند پیرەمێردێك دەمێننەوەو دەکەونە قسەو باسو ئاخ هەڵکێشان بۆ رۆژانی رابردوو:

بنچینەی مزگەوت نیشتۆتە ناوچەم
روو بەرەو قیبلە. پشت لە جەهەنەم!
مزگەوتی کاتی چێشتەنگاوی چۆڵ:
وەك مردوو کفنی بێ دەنگی بە کۆڵ!
سوورە چناری لقو پۆپ درێژ
سێبەر ئەکا بۆ خەوی بەردە نوێژ!
جارجار ئیمامی تەنیای گۆشەی حەوز:
سەرسنگ ماچ ئەکا ریشی بە وەنەوز!
کەسێك بانگ ئەدا. ئەشڵەقێنێ گۆم
ئیمام هەڵدەستێ: دار بە دەست پشت کۆم!
تا تەواو ئەبێ (الله أکبر..)
پەنگ ئەخواتەوە لافاوی نوێژ کەر..
نوێژ بەتاڵ ئەبێ. جەماعەت بڵاو.
چەن پیرێك ئەبن بە خڵتەی لافاو:
سوچێك گەرم ئەکەن بە رازی جوانی
ئاخ بە با ئەدەن بۆ دنیای فانی!؟

گەر هاتوو ئەم پارچە شیعرەی گۆرانمان لەتەك پارچەیەکی بەیتی (مەمو زین)دا بەراورد کرد , دەبینین بە رادەیەکی سەرسورهێنەر لە یەکترەوە نزیکن.!؟ لە هەردوو بەرهەمدا بە شێوازێکی واقیعیانە وەسفی مزگەوت کراوە.. لە هەردوو لادا مەلا پێش نوێژی دەکات یاخود وەسفی دونیاو قیامەت بۆ نوێژکەران دەکات.. کاتێکیش کە خەڵکی لە نوێژکردن دەبنەوە , لە لای گۆران دەبینین چەند پیرێك لە سووچێکی مزگەوتی چۆڵدا

کۆدەبنەوەو دەست دەکەن بە ئاخ هەڵکێشان بۆ دونیای فانی.. بەڵام لە بەیتە فۆلکلۆریەکەدا دەبینین دووای نوێژی جەماعەتو چۆڵ بوونی مزگەوت , دووازدە کوێری قورئان خوێن بەجێ دەمێنن.. ئەوەتا لە بەیتی (مەمو زین) لە (تحفە مڤفریە)دا , یا یەزین دەڵێت:

خولایە ! چلۆن رووم رەشە. بابانم وێرانە !

(مزگەوتی کاکی من لە لایەکی دیوان گیراوە.

لێی رۆنیشتوون وەکیلو وەزیری کەوڵ بەشانە.

لە تەرەفی دیکەی لێی رۆنیشتوون

سۆفی بەرماڵ لە ملانە

ئەوا لە میعراجی مزگەوتێ مەلا مەسەلەی دەخوێنێ

لە بەحسی دونیاو قیامەتانە

لە پێشخانان نۆکەرو قەننەداری بەردەستانە

ئەگەر مزگەوتی کاکی من چۆڵو ئەحەدولقەهار دەبێ

بە کوڵینچاکانی بەجێ دەمێنن دوازدە کوێر

لە لایەکی تەکیەیە , لە تەرەفی دیکەیان خانەقا رۆنانە.

ئەوە بۆ موسڵمانان چاکە تێدا بێنن شادەو ئیمانە

یا رەبی بە کاری تو سەدجار شوکرانە !١٠

گۆران بە سەلیقە بۆی دەرکەوتبوو کە شیعری کوردی دەبێت بگەڕێتەوە سەر کێشی پەنجە.. هەڵبەتە شیعری فۆلکلۆریمانو بەیتی کوردی لەسەر کێشی پەنجە داڕێژراونو زۆریش بە گوێ ئاشنان. وەها دیارە (گۆران)ی شاعیر دەرکی بەم نەهێنیە کردووەو زۆری لەم بارەوە ژنەوتووەو سوودی لێ وەرگرتوون. بەیتی کوردی لەسەر کێشی پەنجەنو بە زۆریش لە لایەن شایەرو حیکایەتخوانەکانەوە بە دەنگی زوڵاڵو لەسەر نەزمی دەف بۆ گوێ گرو بیستەران وتراونو کۆڕو مەجلیسو دیوەخانەکانیان پێ رازاندۆتەوە.. هەروەها شیعرە رۆمانسیەکانی (گۆران)ی خۆمانیش زۆر بە گوێ ئاشنانو

پڕ له ئاوازن. شتێكی سه‌یریش نییه كه زۆربه‌ی شیعره ڕۆمانسیه‌كانی گۆران كراون به گۆرانی ی سه‌ركه‌وتوو ئاوازی پڕ له جۆش‌و خرۆشیان بۆ دانراون. یاخود زۆرێك له شیعره فۆلكلۆریه‌كان له‌شایی‌و زه‌ماوه‌ندا به گۆرانی له‌سه‌ر ترپه‌و رایتمی چه‌پڵه لێدان ده‌ووترێنه‌وه. بێ گومان ترپه‌و نه‌زمی چه‌پڵه‌یش تا راده‌یه‌كی زۆر ئیقاع‌و رایتمی له كێشی په‌نجه‌وه نزیكه.. وه‌ك زانراوه شیعری سه‌ربه‌ست (شعر الحر) له سالّی (١٨٥٥)دا بۆ یه‌كه‌م جار له دیوانی (په‌لكی گژوگیا — اوراق العشب)١١ سه‌ری هه‌ڵدا , كه له دانانی شاعیری ئه‌مه‌ریكایی (والت ویتمان)ه , به‌لاّم هه‌ر له دێر زه‌مانه‌وه شیعری سه‌ربه‌ست‌و حوڕ هه‌رده‌م له به‌یته فۆلكلۆریه كوردیه‌كاندا هه‌بووه..

ئه‌و راستیه‌ی كه ده‌بێت بوترێت‌و نكوّڵی لیّ نه‌كرێت , ئه‌وه‌یه كه به‌یت‌و شیعرو حیكایه‌تی فۆلكلۆری كوردی هێزو ووزه‌یه‌كی هونه‌ری‌و فیكری ی له‌بن نه‌هاتوویان هه‌یه‌و سوودی ته‌واویان لیّ وه‌رده‌گیرێت.. به تایبه‌تی توحفه‌ی موزه‌فه‌ریه به هه‌ردوو به‌شه‌كه‌یه‌وه نرخ‌و به‌هاو پله‌و پایه‌یه‌كی به‌رزو بلّندی هه‌یه. به راده‌یه‌ك هه‌رچه‌ند بیخوێنیته‌وه شتی تازه‌تری تێدا ده‌دۆزیته‌وه , بۆیه ده‌توانین ناوی بنێین (هه‌زارو یه‌ك شه‌وه)ی ئه‌ده‌بی كوردی..

په‌راوێزه‌كان:

١. لقاو مع یشار كمال. وه‌رگێرانی: احمد درویش. جریده الجمهوریه العدد (١٧٠٧) ١٩٨٨.

٢.رائحه الجوافه. گابریل گارسیا ماركیز. ترجمه: فكری بكر محمد. دار المنارات. عمان—الاردن ١٩٨٩. ل٥٦.

٣. مختارات نقدیه من الادب الغربی الحدیپ. محمد شاهین. دار الشؤن الپقافیه العامه بغداد ١٩٩١ ل٣٣.

٤. گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژماره (١١٨) ١٩٨٩. (گۆران‌و گۆلد سمیپ‌و تازه‌كردنه‌وه له هۆنراوه‌دا) نووسینی دكتۆر عبدالله دباغ.

٥.دیوانی گۆران.ئاماده‌كردنی: محه‌مه‌دی مه‌لا كه‌ریم. چاپخانه‌ی كۆری زانیاری عێراق—به‌غدا ١٩٨٠ ل١٣١.

٦. تحفه مڤفريه. بەشی دووەم. ئۆسکارمان. ساخکردنەوەی: هێمن موکریانی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٥ لاپەڕە (٣٥٥).

٧. دیوانی گۆران... لاپەڕە (١٣١).

٨. تحفه مڤفريه... لاپەڕە (٣٥٤).

٩. دیوانی گۆران... لاپەڕە (١٣٢).

١٠. تحفه مڤفريه... لاپەڕە (٣٠١).

١١. اوراق العشب. والت ويتمان. ترجمه: سعدی یوسف. وزاره الاعلام العراقیه ١٩٧٦.

* لە ژمارە (٢)ی (١٩٨٩/٩/٩)ی رۆژنامەی (ئاسۆ) لە بەغدا بڵاوبۆتەوە.

# شێخ مەحموودی نەمر و دنیای شیعر

داڕووخانو نوشوستی لە سیاسەتدا بە تایبەتی لە سەردەمی نوێدا , مانای کۆڵەواریو بێ دەسەڵاتیو بێ توانایی ناگەیەنێت , بەڵکو هەردەم فاکتەرو هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان لەم رووەوە کاریگەری دەنوێنن و سەنگو قورسایی خۆیان دەسەپێنن. راستیشە هەندێك جار هەڵەی گەورەو رێکەوتەکانیش دەوری خۆیان دەنوێننو دەست لە ئامانجەکان وەردەدەن.

نموونەی داڕووخانو نوشوستی لە مێژوودا زۆرن. زۆر جار روویداوە کە دەسەڵاتو زەبرو زەنگەکان لە ژوور توانای خاوەن بیرو سەرکەردەکانەوە بوونەو تووانیویانە بۆ ماوەیەك بیرو هزرە نوێیەکان سەرکوت بکەن , کە دژی بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بوونە. کاتێك کە شۆڕشی کۆیلەکان بە سەرکردایەتی (سپارتاکۆس) نوشوستی هێنا , ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو شۆڕشەو سەرکردەکەی نەشارەزاو کۆڵەوار بوونە , بەڵکو دەتوانین بڵێین کە هێزو توانای ئەمبراتۆریی رۆمای ئەو سەردەمە لە ژوور توانای شۆڕشگێڕاندا بووە.. یاخود سەرکوتکردنی مەسیحو ئاینە نوێیەکەی هەر لە ئاکامی هێزو توانای ئەمبراتۆریی رۆماوە بووە. هەر ئەو هێزو توانایەیش بووە کە سەروەری مەسیحی ناچار کردووە بڵێت گەر لە رووم‌ەتێکتیان دا ئەوا رووم‌ەتەکەی تریشت بەرە پێشەوە بۆ لێدان..! راستە دەسەڵاتدارانی ئەو سەردەمە توانیان ئەو شۆڕشە ئاینیە مەزنە سەرکوت بکەن , بەڵام هەرگیز نەیانتوانی بنەبڕی بکەن..

هۆی سەرکەوتنەکانی ئیسلام لە دورگەی عەرەبیدا , یەکەم بۆ بڕواو ئیمانی موسوڵمانەکان دەگەڕێتەوە کە هۆکارێکی ئابووریش لە پاڵیەوە هەبوو , دووەمیش لەو دورگەیەدا دەوڵەتو دەسەڵاتێکی بە هێزو بە زەبرو زەنگ لە ئارادا نەبوو..

لەم چەند سەدەیەی پێشوودا هەردەم میللەتی کورد لە نێو بەرداشی هەردوو وڵاتی ئێران‌و عوسمانیدا بووە. هەندێك جار ئەو دوو دەوڵەتە لە نێو خۆیاندا بە هۆی سنوورو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیانەوە بوّتە ناکۆکیان , زۆر زیرەکانە لە ئاستی خۆیانەوە لە پێناوی دابین کردنی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان میللەتی کوردیان بەکار هێناوە. هەر کە لە پاشاندا کە پێك هاتوون , بەرژەوەندیەکانیان وەهای پێویست کردووە کە بە هەردوو لایانەوە بکەونە ویّزەی کوردو بیّ هێزیان بکەن.. پاشتریش چەند وڵاتێکی رۆژئاوایش لە بەد بەختی کورددا هاتوونەتە نێو بازنەی ئەو هاوکێشەیەوەو , ئەوانیش بەشداریان کردووە لە سەرکوتکردنی میللەتی کوردی بەد بەخت. لەم رووەوە دەتوانین ناوی هەر چوار وولاتی روسیاو ئینگلستان‌و فەرەنساو وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەست نیشان بکەین , کە ئەوانیش دەرهەق بە کورد درێخیان نەکردووەو بوونەتە بەربەست لە رووی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کورددا..

داڕووخانی کۆماری مەهاباد لە کوردستانی ئێراندا مانای نەشارەزاییو کەم توانایی میللەتی کوردو سەرکردەکانی نابەخشێت , بەڵکو یەکگرتنی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەو دەرەوەی ناوچەکە دەوری سەرەکیان گێرا لە رووخانی ئەو کۆمارەدا.. هەر لە ئاکامی ئەو پاڵنەرو هۆیانەدا , چەندین جار بزووتنەوەی سیاسیو شۆڕشەکانی کورد تووشی نەهامەتیو سەرکوتکردن بوونەتەوە , هەروەك ئەوەی کە بە داخەوە لە ساڵانی (١٩٧٥)و (١٩٨٨)و (١٩٩١)دا لە کوردستانی عێراقدا روویانداو بە چاوی خۆمان ئەو نوشوستیانەمان بینی.

هەندێك کەسانی نەزان‌و ساویلکە هۆی نوشوستی هێنانی شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی مەزن بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە , گوایە ئەو سەرکردەیە شارەزای سیاسەت نەبووەو گوایە لە کاتی تەوقەکردندا لەتەك ئینگلیزەکاندا پەڕۆی بە دەستیەوە پێچاوە نەوەك دەستی گڵاو ببێت..! ئەم بۆچوونە زۆر لە راستیەوە دوورە , چونکی شێخ مەحموود کابرایەکی ئازاو بە تواناو سیاسی بووەو زۆریش لەگەڵ ئینگلیزەکاندا هەوڵیدا بەڵام بیّ سوود بوو. لە هەمان کاتیشدا رۆشنبیرانی لە خۆی کۆدەکردەوەو رۆژنامەیشی دەردەکرد. هەردەم

گویٚ بیستی راوێژکاره منەوەرەکانی بووه وەك (رەفیق حیلمی)و (ئەحمەد خواجـه) کـه خاوەنی هەر سیٚ بەشی یاداشتنامەکانیەتی به ناوی (چیم دی)یەوه.
(شوکری فەزڵی) له سەردەمی فەرمانڕەوایی شێخدا شیعرێکی ئاراستەی شـێخ کـردووەو , ئەویش به دڵ فرەوانیەوه لێی وەرگرتووەو که دەڵێت:

ئیش رووی ئێسته له هەورازه سەرەو لێژی نەکەی
بیری وردیشی ئەویٚ هەر به دوعاو نوێژی نەکەی
گێره شێوێنی که کای کوٚنی به بادا له لات
چاکه هەر لێی خوڕی سەیری دەمو کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەك بوونه ئەویش نابیٚ هەتا
هەر برینیٚ که له دڵدا بووه سارێژی نەکەی
قەومی بیٚ سەر نیه ئەمڕوٚ له هەموو عالەمدا
دەتەویٚ تاجی سەری بیٚ هەوا گێژی نەکەی
شا وەکو شایەکی شەترەنجه له عالەم ئەمڕوٚ
گەوره قانوونه قسەی کورت ئەوەیه درێژی نەکەی

ئەمەو سەرەڕای هەموویشی شێخ خوٚی وەك شاعیرێك شیعری هوٚنیوەتـەوەو ئـەوەتا لـه وەڵامی شیعرێکی (مستەفا پاشای یاموڵکی)دا شێخ دەڵیٚ:

تالع ئەگەر مەدەد بدا حەجی تەواف ئەکەم
ئەم قەلبه قەلبمه به سەفاو مەروه ساف ئەکەم
وەختی نیاز رووم له خوا کردو خوٚم نەدی
حەمدی خوا له سوجدەوه بوٚ رێی هەق تەواف ئەکەم
من وەك سەنەم پەرست موحیبەت پەرستی توٚم
باوەڕ بکه به چاوی ئەحمەدی کاکی کەراز ئەکەم
فەسڵی شکاره دڵ به موحیبەت که برسیه
من بازمو شکاری وەتەن بیٚ ریا ئەکەم

یاوەر ئەگرم بە هیمەتی حەیدەر حقوقی کورد
یا روحی خۆمو ئالی پێغەمبەر فیدا ئەکەم
گەر مانیعی حەقی میللەتی کورد بێ عەرەب
رەنگە بڵێم بە کوردی نوێژ ئەدا ئەکەم
بیستم برا لە دەمی هاتیفێکی قودرەتی
من بە بەرگی سەبزی خونچە بەیداخ وا ئەکەم
توخوا برۆ بە حەزرەتی پاشا بڵێ کە ئەو
هەرچەندە چاکە لای خراپە ئەمن چاکە ئەکەم
نەقشیو سەهرەوەردی چەشنی قادری
ئەمریان بە فەرزی عەین ، ئەزانم یەك یەك ئەدا ئەکەم
فەرقێ ببێ لە بە ینی قادریو نەفشی هێندەیە
سۆفی لە هورکی ئەداتو من زەرگی پیا ئەکەم

هۆی نوشوستی هێنانی شۆرشەکانی شێخ مەحموود دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نێو دەوڵەتیو بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لەو سەردەمەدا ، نەك کەم توانایی کوردو سەرکردەکەی. ئەی گوایە ماقووڵەو رەوای هەقە بڵێین گوایە شێخ مەحموود بەقەد میرەکانی کەنداو سیاسیو شارەزا نەبوبێت ، کە لە پارەو سامانو بەرژەوەندی بەولاوە هری لە برِی ناکەنەوە..!؟ لە کاتێکدا بەرژەوەندیەکانی رۆژئاواو ئینگلیز وەهای سەپاند کە هەموویان بکات بە پاشانشینو میرنشین..! لە راستیدا سیاسەتو ستراتیژیو بەرژەوەندیەکانی ئینگلیز لەگەڵ کورددا یەکانگیر نەدەبوون ، بەڵکو لەگەڵ میرنشینەکانی کەنداوو سوننە مەزەبی عێراقیدا کە لە نێوەڕاستو رۆژئاوای عێراقدا دەژیان یەکیان دەگرتەوە..

خۆشبەختانە ئێستا کەشو هەوایەکی سیاسیی گونجاوو لەبار بە پێچەوانەی سەردەمەکانی کۆنەوە بۆ کورد رەخساوە. لە رۆژی ئەمڕۆماندا بەرژەوەندیەکانی رۆژئاواو بە تایبەتی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، لەگەڵ بەرژەوەندیە باڵاکانی

کورددا یەکانگیر بوونەو یاخود هاوتەریبن. بۆیە ئێستا ئێمەی میللـەتی کـورد گەشـبینین بەرامبـەر ئاینـدەو دووا ڕۆژ. ئێمـەی کـورد پێویـستە زۆر وردبـین بینـو بـە باشـی هـەل و مەرجەکانی سەردەم لە پێناوی ئامانجە ڕەواکانی خۆماندا بقۆزینەوە..

# ڕۆمانی مێژوویی

داستانی ئەلیادە و ئۆدیسە بە کۆنترین بابەتی ئەدەبیی زیندوو دادەنرێت، کە لە بارەی شەڕ و شۆڕەکانی نێوان گریکەکان و تەراودەییەکانەوە نووسراوەتەوە. دانەری ئەم شاکارە زیندووە شاعیری نابینای گریکی (هۆمیرۆس)ە کە وەها دادەنرێت لە نێوەڕاستی سەدەی نۆی پێش زاینیدا ژیابێت. مێژووی ڕووداوی ئەو جەنگەیش وەها لێکدراوەتەوە کە لە سەدەی دوازدەی پێش زاینیدا ڕوویدا بێت، پاش ئەم شاکارەیش بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بابەتی ئەدەبی لەبارەی جەنگەوە بەدی ناکرێت، بەڵام لەلای زۆربەی نەتەوەکان بەیت و حیکایەتی میللی لەبارەی جەنگ و شەڕ و شۆڕەوە بە چڕی هەن. لە ئەدەبی میلليی کوردیشدا چەندین بەیت و حیکایەتمان لەبارەی پەلامار و هێرشکاریی ناڕەوای لەشکری عارەب و فورس و تورك بە دەنگی بەیت بێژەکان وتراون. نەوە پاش نەوەیش ئەو بەیت و حیکایەتانەیان پاراستووە. باشترین نموونەیش داستانی (قەڵام دم دم)ە، کە لە بارەی هێرشی ناڕەوای سەفەوییەکانەوەیە بۆ سەر قەڵای دم دمی کوردان. داستانەکە بریتییە لە گێڕانەوەی زوڵم و ستەم و هێرشی ناڕەوای دوژمن، هەروەها باسکردنی ئازایەتی و جوامێریی جەنگاوەرە کوردەکانە بەرامبەر بە هێرش و پەلاماری دوژمن.. بە شێوەیەکی گشتی ئێمەی کورد ڕۆمانی مێژووییمان نییە، کە وێنەی جەنگ و ڕووداوە مێژووییەکانمان بۆ بگوازێتەوە. گەر ویستمان لەبارەی ئەدەبی مێژووییەوە بکۆڵینەوە، ئەوا بێگومان دەبێت ڕووی خۆمان بەرەو ئەو داستان و حیکایەت و ڕۆمانانە وەربچەرخێنین، کە سەربردە و کارەسات و نەهامەتییەکانی جەنگ و شەڕ و شۆڕەکانی سەردەمانی کۆن و نوێ دەخەنە ڕوو. ڕۆمانی مێژوویی وزە و توانایەکی هونەری و شارەزاییێکی هەمەلایەنی مێژوویی تەواوی گەرەکە. لە ڕاستیدا بابەتی مێژوویی بە

ڕادەیەکی زۆر زەحمەت و گرانە و نووسەریشی ڕووبەڕووی لێپرسینەوەی ڕاستییەکان دەبێتەوە. هەر هەڵەیەکی بچووک کێشەیەکی گەورە بۆ نووسەر پێک دەهێنێت. نووسەری مێژوویی پێش دەستبەکار بوونی پرۆژەکەی دەبێت هەموو کون و کەلەبەری ڕابردوو بەسەر بکاتەوە.. چۆن مێژوونووسان ئەرشیفەکان دەپشکنن و لە پاشاندا هەموویان لێکدەدەنەوە و ڕاستییەکانی مێژووی کۆن و نوێ تۆمار دەکەن، بەهەمان شێواز و دەستوور پێویستە نووسەری ڕۆمانی مێژوویی سەرچاوە و ڕاپۆرت و ئەرشیفەکان بەسەر بکاتەوە و زەخیرەی ئەدەبییان لێ هەڵبهێنجێنێت. نووسەری ڕووسی لیڤ تۆلستۆی پێش ئەوەی دەستی کردبێت بە نووسینی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)، بە درێژایی چەندین ساڵ تێکڕای ئەو سەرچاوە و دیکۆمێنت و ڕاپۆرت و ئەرشیفە جۆراوجۆرانەی بەسەرکردەوە، کە پەیوەندییان بە قۆناخی ڕووداوەکانەوە هەبوو، بەتایبەتی لەو سەردەمەیدا کە ناپلیۆن لەشکرکێشی کردە سەر وڵاتی ڕووسیای پان و بەرین. ڕەخنەگران ڕەخنە ئاراستەی تۆلستۆی دەکەن سەبارەت بەوەی لە ڕۆمانەکەیدا دەڵێت گوایە ناپلیۆن گوێچکەی باڵیۆزی ڕووسیی ڕاکێشتووە. لە ڕاستیدا بە پێچەوانەوە سیزەری ڕووسی گوێچکەی باڵیۆزی فەرەنسایی ڕاکێشتبوو.. زۆرجار تێکەڵ بوونی نووسەر لەگەڵ تەوژمی ڕووداوەکاندا دەبێتە پاڵپشتێکی تۆکمە و پتەو لەمیانی داڕشتنی بابەتی ئەدەبیدا. تۆلستۆی لە سەرەتای ژیانیدا وەکو ئەفسەرێك لە سوپادا تێکەڵ بە شەڕ و شۆڕەکانی قۆقاز بوو، ئەم بەشداریکردنەی نووسەر لەگەڵ بەهرەی لەبن نەهاتوویدا بووە مایەی نووسینی (چیرۆکەکانی سیباستۆبۆل). نووسەر لەو کۆمەڵە چیرۆکە درێژانەدا زۆر بە کارامەیی و لێهاتووییەوە باسی شەڕ و پێکدادان و نەهامەتییەکان دەکات. پاش ئەوەی قەیسەری ڕووسی ئەو چیرۆکانە دەخوێنێتەوە بڕیار دەردەکات بە دوورخستەوەی تۆلستۆی لە بەرەکانی جەنگ بۆ ڕیزەکانی دوواوە، ئەویش وەکو هەوڵ و تەقەللایەك بۆ پاراستنی گیانی نووسەر لە مەترسی کوشتنی. نووسەری ئەڵمانی (ریمارك) بە چاوی خۆی لە نزیکەوە کارەساتە جەرگ بڕەکانی هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی بینی، لەئاکامدا سەرجەمی ڕووداوەکان بوونە

کەرەستەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی وەکو ڕۆمانی (هەموو شتێك لە بەرەی ڕۆژئاوادا هێمنە) و (ساتێك بۆ خۆشەویستی و ساتێك بۆ مردن) و ( شەوی لەشبۆنە) و.. (ولیەم شکسپیر)یش کە خاوەنی سی و حەوت شاکاری شانۆییە، کۆمەڵێك شانۆنامەی سەرکەوتووی لەبارەی مێژووی وڵاتەکەیەوە هەن. ناو و شوورەتی ڕۆماننووسی مێژوویی (والتەر سکۆت) لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بە شێوەیەکی هونەری بەرز و بڵند و بە شارەزاییەکی زۆرەوە ڕۆمانە مێژووییەکانی خۆی داڕشتووە. تاوەکو ئێستایش بێ وچان خوێنەران ڕوودەکەنە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی. گەر بهاتبایە ئەو نووسەرە هەڵە و کون و کەلەبەری مێژوویی بخستایەتە نێو بابەتەکانییەوە، یاخود بە سۆز و لایەنگیرییەکی کوێرانەوە و بە دیدگایەکی سیاسی و مەزەبی و ئایین پەروەرانەوە بابەتەکانی بنووسیبایە، ئەوا ڕۆمانەکانی بەرگەی وەخت و زەمانەیان نەدەگرت و ئێستا فەرامۆش دەکران.. لە سەرانسەری جیهاندا تێکڕای خوێنەران لە هەموو میللەتە جیاجیاکان بە پەرۆشەوە شانۆنامەکانی شکسپیر دەخوێننەوە، یاخود لەسەر تەختەی شانۆدا نمایشیان دەکەن. لە حاڵەتێکدا گەر بهاتبایە بۆ نموونە شکسپیر بە دەمارگیریی نەتەوایەتی و کەللە ڕەقیی مەزەبی و ئاینییەوە بینووسیبایە، ئەوا ئێستا هەرگیز ناو و شوورەتی بەربڵاوی بۆخۆی دەستەبەر نەدەکرد. هێز و وزەی هونەری و ئەدەبیی شانۆنامەکانی شکسپیر لەوەوە هەڵقوڵاوە کە بەبێ لایەنگیریی کوێرانە هەردەم بەدیدگایەکی مرۆڤ پەروەرانەوە سەربردە و ڕووداوەکان ڕیز دەکات. نووسەری ڕووسی (شۆلۆخۆڤ) لە ڕۆمانی (دۆنی کپ)دا بە زیرەکی و وردەکارییەکی زۆرەوە باسی شەڕ و شووڕی ناوخۆیی و دووبەرەکی و براکوژی لە وڵاتەکەیدا دەکات، کە لە سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا سەریان هەڵدا. ئەوەی دەبێتە مایەی پیرۆزی و ئاست بەرزی ئەم ڕۆمانە درێژە، لەوەدا کۆدەبێتەوە کە لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا هەست بەوە ناکەیت داخۆ نووسەر سەر بە کام لایەنە.. نەنگی و دڵڕەقیی هەردوو بەرەکە دەخاتە ڕوو، بەبێ ئەوەی جوێن و هێرش ببارێنێتە سەر لایەنێکی شەڕکەرەکان. وەك زانراویشە لە شەڕ و کوشتار و پێکادانەکاندا مرۆ دەبێتە دڕندە و هیچ لایەنێکیش نابن بە فریشتەی

ئاسمان..ئێرنست هەمەنگوای بەشداریی جەنگی یەکەمی جیهانیی کرد و لە نزیکەوە شارەزای ڕووداو و کارەساتەکان بوو، ئەمەیش یارمەتی دا بۆ نووسینی ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەك). باشتریش ئاگاداری شەڕ و شۆڕە ناوخۆییەکانی وڵاتی ئیسپانیا بوو، پاش بەسەرچوونی ئەو ڕووداوانەیش ڕۆمانی (زەنگەکانی بۆ کێ لێ دەردرێن؟)ی بە چاپ گەیاند. نووسەر بە ئەمانەتێکی لە ڕادەبەدەر باسی براکوژی و دووبەرەکی وڵاتی ئیسپانیا دەکات، بە ڕادەیەك دڵڕەقی و زوڵم و ستەمی هەردوو بەرەی کۆماریخوازی و پاشایەتیخوازی دەردەخات. بۆ نموونە باسی ئەوە دەکات، کە چۆن وەك تۆڵەسەندەوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ بە کۆمەڵ ئافرەتان ئەتك دەکران.. گەر ڕۆمانەکانی نووسەری یۆنانی (نیکۆس کازانتزاکی) بخوێنینەوە بەتایبەتی ڕۆمانی (براکوژی)، ڕادەی وردبینی و ئاستی ئەمانەتی نووسەرمان لەلادا گەڵاڵە دەبێت. نووسەری مێژوویی یاخود نووسەری جەنگ نابێت ڕاستەوخۆ لایەنگیریی خۆی بۆ لایەنێك پیشان بدات، بەڵکو بەدەرخستنی وێنە و ڕووداوی نزیك لە ڕاستییەوە، خوێنەر دەخاتە سەر ئاستێکی ئەوتۆ کە بگات بە ئەنجامێکی شیاو و لەبار و بەباشی حوکمی تایبەتیی خۆی بدات. هەمەنگوای لە ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەك) دا باسی ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەکات و گەرچی خۆی دژی بەرەی فاشیزم دەجەنگا، بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو دیاردەیەکی بێزەوەنی ناقۆڵا و درێو شەڕ و شۆڕ و کوشتارەکان پیشان دەدات و دەڵێت: "مرۆ لە شەڕدا وەکو حەیوان دەکوژرێن".. بە پێچەوانەوە نووسەرانی لایەنگرانی بەعس بە شەڕەکانی وڵاتەکەیان دەوت شەڕ و جەنگی پیرۆز.. لە بیرمانە لە سەردەمی جەنگی ناڕەوای سەدام دژی ئێران، لە ژێر چاودێریی بەعسدا بە دەیان و بە سەدان چیرۆك و ڕۆمان لەبارەی ئەو جەنگە ناڕەوا ماڵوێرانکەرەوە کەوتنە بازاڕەکانی کتێبەوە. زۆربەی زۆری ئەو بابەتانەیش بە دیدگایەکی ڕەگەزپەرستی و دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی داڕێژرابوون. ئەو نووسەرانە سوپای بەعسیان بە ئازا و جوامێر پیشان دەدا و هێزی دوژمنیشیان وەکو مشك و ترسنۆك دەخستە ڕوو. ئێستا گەر بێت و هەموو کتێبخانە ئێراقی و عەرەبییەکان تەی بکەین و بە دووی ڕۆمانێکی ئێراقی ئەو

سەردەمە لەبارەی جەنگەوە بەدەست بهێنین، ئەوا لەئاکامدا ناتوانین لە کـون و قـوژبنی هیچ کتێبخانەیەکدا بیاندۆزینەوە. زۆربەی میللەتانی جیهـان ڕۆمـانی مێـژوویی و ڕۆمـانی جەنگی خۆیان هەن، بەڵام ئێمەی کورد گەرچی گـەلێك ڕووداو و کارەسـاتی جـەرگبڕمان بەسـەردا هـاتووە، بـەڵام تـاوەکو ئێـستا ڕۆمـانی مێـژوویی و ڕۆمـانی جـەنگ و شـەڕ و شـۆڕمان نییــە، تــاوەکو ئێـستا چــەند ڕۆمانێــك لــەبارەی کارەســاتەکانی ئەنفالــەوە نووسراونەتەوە، بەڵام بە شێوازێکی عـاتفی و سـۆز ئـامێز و ڕیپۆرتاژئاسـاوە هێنراونەتـە بەرهەم.

# دادایزم ( Dadaism )

هەر لەگەڵ سەرەتای سەدەی بیستەمدا، تێکڕای کۆمەڵگەکانی دنیا پێیان نایە قۆناخێکی تازەوە لە ڕەوتی بێ وچانی گەشەکردن و پەرەسەندندا، بەتایبەتی لە ڕووی بەرز بوونەوەی ئاستی پیشەسازی و دروستکاری لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا. هەموو ئەم دیاردانە بوونە هۆکاری گۆڕانکاری لە داب و نەریت و دەستووری کۆمەڵایەتیدا. ئەوەبوو ژیان و گوزەرانی خەڵکی پێشکەوتنێکی سەرسووڕهێنەری بەخۆیەوە بینی، لە ئاکامدا ئەم وەرچەرخان و گۆڕانکارییە مەزنانە کاردانەوە و بەرپەرچدانەوەی توند و تیژیان هێنایەکایەوە، ئەویش لە ڕێگەی هزر و بۆچوونی جیاجیای هەمەجۆرەوە خۆیان نواند، یاخود بەشێوەی چەند بزووتنەوە و ئاراستە و قوتابخانەی ئەدەبی و هونەرییەکی هەمەجۆرەوە کە یەك بە دووی یەکدا سەریان هەڵدا و توانیان بۆ ماوە و مەودایەکی کورت خایەن یاخود درێژخایەن خۆیان بەسەر بیر و هۆشی دەستە و چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵدا بسەپێنن. زۆرجار ئەو ڕەوت و ئاراستە هزریانە تۆوی ناڕەزایی و سەرپێچییان دەگرتە خۆیان، بەڕادەیەك ڕەگەزی ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەیان لە ڕوخسار و ناوەڕۆکدا تێدا بەدی دەکرا. دەتوانین چەند ڕێباز و قەوارەیەك لەم بوارەدا دەستنیشان بکەین، کە هەردەم مایەی بەرپەچدانەوە و ڕووخانکارییان زیاتر لە ڕەگەزی بیناکاری تێدا ڕەنگی دەدایەوە. بزووتنەوەی ئایندەیی و دادایزم و سوریالیزم لە پێشەوەی ئەو ڕێبازانەوە دێن. هەروەها لە گۆڕەپانی ڕامیاریدا بەهەمان شێوە چەند گرووپ و قەوارەیەکی ناهەموار سەریان هەڵدا، کە لە تەك ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندنی شارستانیدا هاوتەریب نەبوون، بگرە دژی بیر و باوەڕی شارستانییەت و بەها مرۆڤایەتییەکان تێدەکۆشان وەکو بیر و باوەڕی سەرمایەداریی و داگیرکاری و

نەژادپەرستی و فاشیزم و نازیزم و مارکسیزم. پێش چوونە نێو لێدوان لەبارەی دادییەوە، دەبێت وەك پێویستییەکی مێژوویی دەرهەق بە بزووتنەوەی ئایندەیی بدوێین. ڕێبازی ناوبراو لە پاشاندا بوو بە پاڵپشت و هۆکاری سەرهەڵدانی ڕێبازی دادایزم. لە ساڵی (١٩٠٩) دا (مارینتی) یەکەم مانفێست و بەیاننامەی ئایندەیی بڵاوکردەوە، کە تیایدا بنەما نوێیەکانی ڕێبازەکەی خستبووە ڕوو. وەکو بایەخدان بە بەروبووم و بەرهەمی پیشەسازی و ڕەنگدانەوەیان لەسەر کاروباری هونەریدا. یاخود گرینگیدان بە گیانی سەرپێچی و سەرکێشی و توندوتیژی هەست و هۆش. زۆری نەبرد گڕ و کڵپەی تەوژمی ئایندەگەراییەکان دامرکایەوە، لە پاشکۆیدا گڕ و بڵێسەی بزووتنەوەی دادایزم کەوتە کڵپە کڵپ و نێڵە نێڵ. (تریستان تزارا) بە باوکی گیانی بزاڤەکە دەژمێردرێت. وشەی (دا– دا) بە زمانی ڕۆمانی و سلاڤی بە واتای (بەڵێ — بەڵێ) دێت، وەکو زانراویشە تزارا خۆی بە ڕەگەز خەڵکی ڕۆمانیایە و هەمیشە ئەو وشەیەیشی بەسەر زاراوە بوو. (هانز ئارب) دەڵێت کە (تریستان تزارا) بۆ یەکەم جار ئەم وشەیەی لە کاتژمێری شەشی شەوی فبرایەری ساڵی (١٩١٦) دا داهێنا لە یانەی (دی لایتراس) لە شاری (زویریخ) دا. لەلایەکی دیکەشەوە وشەی (دادا) بە زمانی فەرەنسی بە واتای ئەسپە دارینەیەکی منالان دێت. لە زمانی ئەڵمانیشدا ئەم وشەیە واتای گەمژەیی و ساویلکەیی دەگەیەنێت. لە چەند دەڤەرێکی ئیتالیشدا بە دایك و گوڵی (نەرد) دەوترێت (دادا).. دکتۆر جەمال ڕەشید لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری) دا لە لاپەڕە (٣١٧) دا لەبارەی وشەی (تاتا)وە دەنووسێت: (ئەم ناوە کەسییە لە ئێرانیدا بە هەمان شێوە واتای (باوك)ی گەیاندووە و لە هیندیدا (تەتە) بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەوەی لە نووسراوە ئاشوورییەکاندا بەرچاو کەوتووە، لەنێو سەکس و سەرماتەکاندا ناوێکی کەسی بووە و ئەمڕۆ لە کوردیدا بە شێوەی گۆرانی و لە بولگاری و ئەڵمانیدا هەمان واتای (باوك) دەگەیەنێت و لە ئینگلیزیدا بووە بە دادی..) هەروەها لە ڕووی میهرەبانییەوە لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا بە خوشك یاخود بە ئافرەتان دەوترێت (دادە).. وشەی (دادا) لە ڕێکەوتی

پێنجی یۆنیۆی ساڵی (١٩١٦) دا له کابارێی (ڤۆڵتێر) دا بۆ یەکەمین جار نووسرایەوە و تۆمار کرا، هەر لەو ساڵەدا ژمارەیەکی گۆڤاری (دادا) بڵاوبووەوە. سەرنووسەر و هەڵسووڕێنەری هەر (تزارا) خۆی بوو، چەند نووسەر و شاعیر و هونەرمەندێك هاوکارییان لە دەرکردنیدا کرد وەك (ئەراگۆن، ئێلوار، بریتون، سۆبۆ، پێکاسۆ، ئەپۆلێنێر، مۆدلیانی، کاندنیسکی، مارینتی..) له ساڵی (١٩١٩) به دواوه دادییەکان چالاکی خۆیان بۆ شاری پاریس گواستەوە. دادایستەکان هەموو ڕەفتارێکی نائاسایی و ناوێزە و ناپەلیاریان ئەنجام دەدا، بە هەموو توانایانەوە هەوڵی ڕووشاندنەوەی هەست و هۆشی گوێگران و بینەرانیان دەدا، هەڵسان بە شێواندنی گەلێك تابلۆ و پەیکەری ناودار. پیشانگەکانیان له شوێنی ئەوتۆدا دەکردەوە، که دەبووە مایەی سەرسووڕمانی خەڵکی وەکو شوێنی نائاسایی و ئاودەست خانە.. (دۆشان) لە پیشانگەیەکیدا میزدانی پێشکەش کرد بە ناونیشانی ئاوپڕژێن، یاخود تەورداسیان دەدا بە دەستی بینەرانەوە تاوەکو بەرهەمەکانیان تێکبشکێنن. لە (٢٦) ی مایۆی ساڵی (١٩٢٠) دا دادییەکان سەری خۆیان پاك تاشی و ڕەحەتیی نەوتیان خستە سەر خۆیان و لەسەر شانۆی هۆڵی (گابۆ) لە شاری پاریسدا نمایشێکی سەیر و سەمەرەیان بۆ جەماوەر پێشکەش کرد. بریتون لوولەی دوو دەمانچەی ئاراستەی لاجانگی خۆی کردبوو، ناوبەناویش جنێو و قسەی ناشیرینیان ئاراستەی بینەران دەکرد، ئەراگۆن وەکو پشیلە دەیمیاواند. ئیتر بەو شێوازە واژە واژو هات و هاواریان پێکهێنا و کردبوویانە ڕۆژی خۆیان..! (ڤان دوزبێرگ) له تەك ژنە پیانۆژەنەکەیدا بۆ پێشکەش کردنی چالاکی هونەری بە وڵاتی هۆڵەندەدا سووڕانەوە. لەنێو نمایشەکانیدا وەکو سەگ دەکەوتە حەپەحەپ. ڕۆژێك (کرافان)ی دادی داواکرا تاوەکو بۆ کۆمەڵە ئافرەتێك وتار بدات. ئەوەبوو کرافان لە بری کۆڕگێڕان دەستی کرد بە داکەندنی جلوبەرگی خۆی، گەر پیاوانی پۆلیس پێڕانەگەیشتنایە بە ڕووت و قووتی لەسەر تەختەی شانۆ خۆی بۆ ئافرەتان پیشان دەدا.. ڕۆژێك ناوبراو سواری بەلەمێك بوو و سەری خۆی هەڵگرت و ڕوویکردە دەریای کاریبی کە بە نەهەنگی قرش تەنراوە. هەر ئەو چوونەی بوو ئیتر نەگەڕایەوە دواوە.. (هانز ئارب) لەبارەی

ڕێبازەکەیانەوە دەڵێت: (دادا لە هەموو واتایەك بەدەرە، هەر وەکو سروشت هیچ ئامانجێکی نییە..). (ئەپۆلینێر) لە قۆناخی دادییدا دەیوت: (ئێمە ناقۆڵایی و درزێوی خوازین). (پیکابیا) لە بەیاننامەی (گۆشت خۆرانی ئادەمیزادی دادایی) دا، هەست و هۆشی کۆمەڵایەتی دەڕوشێنێتەوە و هەموو بەهاو یاسا و ڕێسایەك پێشێل دەکات و دەڵێت: دادا.. هیچ شتێك نییە. هیچ شتێك نییە. هیچ شتێك نییە هەروەکو ئاواتەکانتان هیچ نییە.. وەکو بەهەشتەکانتان هیچ نییە هەروەکو شتە پیرۆزەکانتان هیچ نییە هەروەکو پاڵەوانەکانتان هیچ نییە هەروەکو هونەرمەندەکانتان هیچ نییە هەروەکو ئاینەکانتان هیچ نییە بزووتنەوەی دادایزم وردە وردە بەرەو کزی و پووکانەوە چوو. تا وەهای لێهات ئاراستەی نوێ توانیی جێ پێی لەق بکات و خۆی شوێنی بگرێتەوە. ئەم تەوژمە نوێیەیش ڕێبازی (سوریالیزم) بوو. ئەوەبوو زۆربەی لایەنگران و ئاڵاهەڵگرانی ڕێبازی دادایزم هاتنە ڕیزی ئەم تەوژمە نوێیەوە. (ئەندرێ بریتون) بوو بە پێشەنگ ڕابەری سوریالیزم. ئەوەی جێی تێڕامان و لێ وردبوونەوەیە ڕێچکەی بەڕەڵایی و دێوانەی شێت ئاسا هەردەم لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا لە ئارادا بووە وەکو دادایزم.. سوریالیزم.. بێ هوودەیی.. بوونگەری.. هیپیزم.. بانیکس.. لەم ڕۆژانەیشدا سەمای (ڕاپ) هاتۆتەکایەوە. سەرچاوەکان: ١- الدادائیه بین الامس و الیوم. علی الشوك. بغداد - ١٩٧٠. ٢- عصر السریالیه. والس فاولی . و: خالدە سعید. مؤسسه فرانکلین. ١٩٦٧. ٣- لێکۆڵینەوەی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری. دکتۆر جەمال ڕەشید. دەزگای ڕۆشنبیریی و بلاوکردنەوەی کوردی- بەغدا. ١٩٨٨. ٤- THE MODREN WORLD.NORBERT LYNTON. LONDON .1967

# وشه هاوبەشەکانی نێوان زمانی کوردی و ئینگلیزی

هیچ زمانێکی زیندووی دنیا نییە کە خاوەنی وشەی هاوبەش نەبێت لەگەڵ زمانانی تردا. هەندێك جار بە هۆی دراوسێتی و هام و شۆ و کاروباری بازرگانییەوە کۆمەڵێك وشە لەنێو چەند میللەتێکی جیاجیادا بڵاودەبنەوە، یاخود فاکتەری زانیاری و دەسەڵاتی ئاین وشەی هاوبەش لە وڵاتاندا پەیدا دەکەن. زۆرجاریش بنەڕەتی مێژوویی و هاوڕەگەزایەتیی کۆن و دێرین، کاریگەریی تەواوی خۆیان لەم ڕووەوە دەبینن. بۆ نموونە زۆر وشەی هاوبەش لە نێوان میللەتانی سەر بەڕەگەزی ئاری بەدی دەکرێن، کە لە بنەڕەتدا سەرچاوەی هەموویان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سانسکریتی. ڕەگەزی ئاری دوو هەزار ساڵ بەر لە دایك بوونی مەسیح لە باکووری ڕۆژهەڵاتی دەریاچەی قەزوینەوە بەرەو وڵاتی ئێران و کوردستان کۆچیان کردووە و بەو تەوژمە کۆچکەرانەیش دەوترێت کۆمەڵەی هیند و ئەوروپایی، هەندێکی تریش لە ئاریەکان بەرەو وڵاتانی ئەوروپا کۆچیان کردووە، کە میللەتی ئینگلستانیش بەشێکن لەو کۆچکردووە ئاری نەژادانە. وشەی ئاری بە مانای (خانەدان) دێت، کە وشەی (ئاگر)یش لەوەوە داتاشراوە، چونکە کاتی خۆی ئەو ڕەگەزە بە ڕادەی پەرستن پیرۆزییان بە ئاگر داوە. ئێستاش لەنێو کوردانداو لە چەند بەشێکی کوردستاندا هەردەم دەوترێت (ئاگر. ئایر. ئاور)، تەنانەت وشەی (ئێران)یش هەر بە مانای وڵاتی ئارییان دێت، یاخود مانای وڵاتی ئێرلەندانیش هەر لە وشەی ئارییەوە سەرچاوە دەگرێت.

شتێکی ئاساییە گەر کۆمەڵێك وشەی هاوبەش لە نێو هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بەدی بکرێن. کاتی خۆی مامۆستا (گیو موکریانی) لە (کۆلکە زێڕینە) کەیدا باسی ئەم هاوبەشیەی کردووە و چەند نموونەیەکیشی لە سەرەتای فەرهەنگەکەیدا هێناوەتەوە

وەکـو: نـاو (NAME).. پـەڕە (PAPER).. بـرا، بـرادەر (BROTHER).. ئەسـتێرە (STAR).. مـانگ (MOON).. بـەد، خـراپ (BAD).. چـەقەڵ (JACKAL).. نـوێ (NEW).. کـچ، دوێتـە (DAUGHTER).. دڵۆپـە (DROP).. هـەنگوین (HONEY).. شـەرم (SHAME).. لێـو (LIP).. لاق (LEG).. هێلکـە (EGG).. پاسـاری (SPAROW).. بـرۆ (BROW).. کـاتی خۆی ئەفسەرێکی خانەنشینی کورد لەبارەی وشـە هاوبەشـەکانی نێـوان هـەردوو زمـانی کوردی و ئینگلیـزی گێڕابوویـەوە کـە مامۆسـتاکەیان لـە کۆلێـژدا ڕسـتەیەکی بـە زمـانی ئینگلیزی لەسەر تەختـەدا دەنووسـێت: (WE HAVE HARASSED AND PERISHED THE ENEMY). ئەفسەرە خانەنشینەکە دەڵێت کە بە باشی لە ڕستەکە ورد بووینـەوە بۆمـان دەرکـەوت کـە بـە زمـانی کـوردی بەرامبـەر بـەو ڕسـتەیە دەوترێت (ئێمە دوژمنمان هەراسان و پەرێشان کرد).

بۆمان هەیە چەندین وشەی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو زمانەدا دەستنیشان بکەین وەکو: جەنگـەڵ (JUNGLE).. بێـشە (BUSH).. بـۆش (BOSH).. ڕووبـار (RIVER).. بیبـەر (PEPER).. لیـك (LEAK).. سـوور بـوون لەسـەر کارێـك (SURE).. بازاڕ (BAZAR).. گەمە (GAME).. هار (HARESH).. چـەنە (CHIN).. کلیل (KEY).. پەردە (PARDE).. جوین (CHEW).

لـە لای خۆمـان گـەر بێـت و لـە کـۆڕ و مەجلیـسێکدا دەنگـە دەنـگ و هـەراوهوریای زۆر بڵاودەبێتـەوە، بـۆ وەسـف کردنـی ئـەو حاڵەتـە دەوترێـت (گەڕەلاویژکـە) لـە زمـانی ئینگلیزیشدا وشەیەکی نزیك بەم وشەیە هەیە و دەڵێت (GARRULOUS).

هەندێك وشە و زاراوە هەن، کە لـە ئاکـامی هـەژمونی زانیـاری و ئـەدەب و هونـەردا لـە زمـانی ئینگلیـزی و زمانـانی تـرەوە کەوتوونەتـە نێـو زمـانی کوردییـەوە، وەکـو وشـەی پروپاگەندە و (پرۆگرام) و (سەنتەر) و (سەندیکا) و (ئینستوت).. هتد.

جـۆرە وشـەیەکی هاوبەشـی ئـەوتۆ هـەن، کـە سەرچـاوەکەی بـزر و نادیـارن، بـەڵام بـە پێچەوانەوە وشەی هاوبەشی تریش هەن، کـە سەرچـاوە و بنەڕەتەکـەی ئاشـکەران، بـۆ

نموونە ئێمەی کورد دەڵێین (شەکر) عەرەبەکانیش دەڵێن (سکر) و ئینگلیزەکانیش دەڵێن

(SUGER).. ئەوەی زانراوە سەرچاوەی ئەم وشە باو و بڵاوە دەگەڕێتەوە بۆ زمانی سانسکریتی.. لێرەدا پێویستە بڵێین کە لە نووسینێکی کورت و چڕدا ناتوانین هەقی تەواوی ئەم بابەتە بدەینە دەست، بەڵکو پێویستیی بە لێکۆڵینەوە و بەراوردکاریی دوور و درێژ هەیە.

# ئەگاسا کریستی و چیرۆکی خەنجەری کوردی

خاتوو ئەگاسا کریستی یەکێکە لە ناسراوترین نووسەری ئەدەبی پۆلیسی لە جیهاندا. ڕۆمانە پڕ لە تاوان و تەنراو بە نهێنییەکانی، وەرگێڕدراونەتەوە سەر زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان. بە تایبەتی پاش جەنگی دووەمی جیهانی خوێنەرێکی فراوانیان لە سەرانسەری دنیادا هەیە. بەڵام وەك بزانم زۆر بە کەمی و تاك و تەرا بابەتەکانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە نێو ڕۆشنبیرانی کورددا خوێنەری کەمە. خاتوو ئەگاسا لە ساڵی (١٩٠٤) دا لە شاری لەندەنی پایتەختی ئینگلستاندا هاتۆتە دنیاوە. باوکی بە ڕەگەز کابرایەکی ئەمساوی بوو لە تەمەنی هەشتا و پێنج ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. دایکیشی کە لە ساڵی (١٨٧٦) دا لە دایك ببوو لە تەمەنی حەفتا و چوار ساڵیدا مرد. وەك ژنێکی ڕۆشنبیر بەوە ناسرابوو، کە هەردەم ڕۆمانە کلاسیکییەکانی دەخوێندەوە و، شیعریشی دەنووسی و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی دەکردنەوە. خاتوو ئەگاسا لە نێوان ساڵانی (١٩٢١ – ١٩٢٥) دا لە زانکۆی ئۆکسفۆرددا خوێندی. وەکو خۆی باسی دەکات، هەر لە سەردەمی منداڵییەوە لە نێوەندێکی ڕۆشنبیرییدا ژیاوە. تەنانەت کە باوکیشی پارێزەر بووە، هەردەم یەك جونەیهی دەبەخشی بە هەر کچ و کوڕێکی گەر بهاتبایە و کتێبێکی بخوێندایەتەوە، بێگومان کە لەو سەردەمانەدا پارەیەکی زۆر بووە. لە پاشانیشدا وتووێژی لەتەکدا دەکردن سەبارەت بە ناوەڕۆکی کتێبەکان، هەمیشە خوشکی بچووکی ئەگاسا کە ناوی (کاتی) بوو، ئەو خەڵاتەی بەردەکەوت. بەڵام ئەگاسا بە ڕادەیەکی زۆر بیری بەلای خوێندندا نەدەچوو. ڕۆژێك باوکی دانیشت و پرسیاری ئاراستەی ئەگاسا کرد و پێی وت: – کچی خۆم بۆچی حەزت بە خوێندنەوە نییە..!؟ ئەوەتا تەماشای خوشکی بچووکی خۆت بکە، کە دایمە جونەیهی زۆر بەدەست دەهێنێت و جلوبەرگی

پێدەکرێت..! نووسەر لە دوا تەمەنی ژیانیدا وەسفی خۆی کردبوو وتبووی: (جیاوازیی نێوان من و کاتیی خوشکی بچووکم ئەوەبوو، کە کاتێك ئەو پارەی بەخشیشی وەردەگرت دەیدا بە جلوبەرگ، بەڵام ئەمن ئێستا پارەی داهاتی نووسینەکانم دەدەم بە کتێبی تازە.. خۆزگە باوکم دەماو چاوی پێمدەکەوت و دەیزانی ئەوکچەی کە جاران بە منالی حەزی بە خوێندنەوە نەبوو، ئێستاکێ چۆنە..!) ئەگاسا لە سالی (١٩١٤) دا شووی بە کۆلۆنێل ئەرشیباڵد کریستی کرد و نازناوی (کریستی) ی لەو مێردەیەوە وەرگرت. پاش چواردە ساڵ ژن و مێردایەتی لە یەکتری جیابوونەوە. بۆ دووەم جار لە سالی (١٩٣٠) دا شووی بە زانای ئاسەوارناس (ماکس مالوان) کرد. کە ئەوسایش ئەگاسا لە تەمەنی سی و نۆ ساڵیدا بوو، مالوانی مێردیشی لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا بوو. بۆ ماوەی چەند ساڵێك ئەگاسا کریستی لەگەڵ مێردەکەیدا لە وڵاتی عێراقدا ژیانیان بەسەربرد. بۆ ماوەیەکی زۆر لە شاری مووسڵ مانەوە و مێردەکەیشی بەردەوام وەکو زانایەکی مێژوویی ئاسەوارە کۆنەکانی وڵاتی عێراقی دەپشکنی. مالوان کتێبێکی داناوە لەبارەی گەڕان و پشکنینەکانی لە وڵاتی میسۆپۆتامیادا، کە لە ساڵانی (١٩٧٨) دا بەناونیشانی (مـذکرات مالوان – یاداشتەکانی مالوان). لەلایەن دکتۆر (سەمیر عەبدولڕەحیم ئەلچەلەبی) یەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە لایەن دەزگای (دار المأمون) لە شاری بەغدا لە چاپدراوە. کتێبەکە لە دووتوێی (٣٣٦) لاپەڕەدایە و گەلێك زانیاری و وێنەی بەنرخی گرتۆتە خۆی. خاتوو ئەگاسا کریستی لەو ساڵانەیدا کە لە وڵاتی عێراقدا بوو، دەستی بە نووسینی چیرۆك و ڕۆمانەکانی خۆی کرد. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام، چیرۆکێکی درێژی نووسەرە بەناوی (خەنجەری کوردی)یەوە، کە لە نێو چیرۆکەکەدا تاوانی کوشتنێك بە خەنجەرێکی کوردی دەکرێت. ئەمەیش مانای ئەوە دەبەخشێت کە نووسەر لەو ساڵانەیدا کە لە عێراقدا ژیاوە، لە شارە کوردییەکاندا سووڕاوەتەوە و خەنجەری کوردیی بە چاوی خۆی بینیوە و لە پاشاندا خەنجەری کردووە بە مایەی چیرۆکێکی درێژی خۆی. وەك زانراوە تاوەکو پەنجا و شەست ساڵێك لەمەوبەر باوبوو کە زۆربەی پیاوانی کورد خەنجەریان لە پشتێنی خۆیان دەبەست.

باشترین خەنجەریش خەنجەری دەبان بوو، کە هەندێك جار بۆ جوانی تەزبیحیان بە مستووەکەیەوە دەپێچاو لەبەر باخڵیان بەسەر پشێنەکانیانەوە دەردەکەوتن. کۆمەڵگەی کوردەواری وەکو کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ئەو دیاردەیەی بەسەر نێوەندەکەدا سەپاندبوو. لەلایەکی تریشەوە هەردەم میللەتی کورد دووچاری هەڕەشە و گوڕەشە بووە، بۆیە لەپێناوی پارێزگاری کردن لەخۆ خەڵکی خەنجەریان هەڵدەگرت و شانازییان پێوە دەکرد. بەڵام ئێستا لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا چووینەتە نێو قۆناغێکی تازەوەو شاری پڕ لە شارستانیی گەورە و فراوانمان هەیە، بوواری ئەوە نادات کە خەڵکی خەنجەر هەڵبگرن. بەڵام بە هەرحاڵ خەنجەر بەشێکە لە کولتووری کۆنی کۆمەڵگەی کوردەواری و نابێت نکولیی لێ بکەین.

کێشە ڕۆشنبیرییە کوشندەکانمان

جموجۆڵی چاپخانە و چاپەمەنییەکان لەگەڵ کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندندا، دەورێکی باڵا و کاریگەر دەبینن لە بواری پێشکەوتنی شارستانییەت و ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵدا، بە کورتییەکەی کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ئەو کۆمەڵگەیەیە کە خوێندەوار و کەسانی ڕۆشنبیر و داهێنەری زۆرە، کۆمەڵگەی کوردەواری بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا، نەك بەتەنیا لە رووی پیشەسازی و تەکنەلۆژییەوە دوواکەوتووە، بەڵکو لە رووی شارەزایی و ڕۆشنبیریشەوە بە رادەیەکی زۆر لە دوواوەیە، ئەو کەسانەی کە لە وڵاتانی ڕۆژئاواوە دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، باس لەوە دەکەن کە چۆن هاووڵاتی ڕۆژئاوایی بە زۆری و بە بەردەوامی خەریکی خوێندنەوە و خۆ ڕۆشنبیر کردنن. بۆ نموونە ڕۆمانی فانتازیایی (هاری پۆتەر) کە بە شەش بەرگ لە ئینگلستاندا بڵاوبۆتەوە، تاوەکو ئێستا بە سەدان ملیۆن دانەی لە وڵاتە ڕۆژئاوییەکاندا لێ فرۆشراوە ، بەڵام لەلای ئێمە لەم ڕۆژانەدا باشترین کتێب بە تەنیا یەك دوو هەزار دانەی لێ چاپ دەکرێت. کێشەیەکی تریشمان هەیە لە بواری چاپەمەنیدا، ئەویش ئەوەیە کە هەندێك جار کتێب و دیوانی ئاستنزمی فیکریو هونەری، لە بازاڕی کتێبدا ژمارەیەکی زۆری لە

رادەبەدەری لێدەفرۆشێت! چەند شاعیرێکی هاکەزایی کورد هەن، کە بەس بەتەنیا بۆ لاوەکان شیعر دەنووسنەوە و، شیعرەکانیشیان ئەوەندە کرچ و کاڵ و لاوازن، بەڕادەیەك گەر ئەو شیعرانەیان بۆ هەر رۆژنامە و گۆڤارێکی کوردی رەوانە بکەن، ئەوا بێ سێ و دوو رەتدەکرێنەوە و بڵاونابنەوە، کەچی دەکرێنە کتێب و لە بازاڕی کتێبدا بە هەزاران دانەیان لێدەفرۆشرێت، تەنانەت دیوانەکانی گۆران و مەولەوی و نالی لە رووی سەرف بوون و رادەی لە چاپدانیان ناگەنە ئاستی ئەو جۆرە کتێبە پڕوپووچانە!؟

بەداخەوە ژمارەی خوێنەری جدی لە کۆمەڵگەکاماندا زۆر کەمە. هەندێك خوێنەرمان هەن لەپێناوی ئەوەدا دەخوێننەوە کە ببن بە نووسەر و شاعیر.. لە کاتێکدا مەرج نییە هەموو خوێنەرێك نووسەر و شاعیر بێت، نووسەرێکی جیهانی دەڵێت:(گەر خوێنەرێکی باش بیت لەوە چاکترە نووسەرێکی خراپ بیت).

زۆرجار جۆرە کەسانێك دەبینم دەڵێن گوایە کات و وەختیان بەدەستەوە نییە تاوەکو بخوێننەوە، لەڕاستیدا ئەم بۆچوونە لە جێی خۆیدا نییە، چونکی خوێندنەوە هۆگری و ئولفەت و راهاتنە، بۆ نموونە گەر یەکێك لەسەر جگەرەکێشان راهاتبێت هەرگیز ناڵێت کات و وەختم بەدەستەوە نییە تاوەکو جگەرە بکێشم.. راهاتنیش لەسەر خوێندنەوە بەزۆری لە سەردەمی منداڵییەوە دەست پێدەکات، بۆیە وەها چاکە گرنگی بە چاپەمەنی منداڵان بدرێت، بۆ ئەوەی کە گەورەیش بوون هەر رابێن و بەردەوامبن لەسەر خوێندنەوە. پێویستە هەمووماڵێکیش بەلایەنی کەمەوە کتێبخانەیەکی بچکۆلانەی تێدا بێت، دەتوانم بڵێم زۆر زەحمەتە گەر یەکێك پاش بیست یاخود سی ساڵی ببێت بە خوێنەرێکی جدی گەر لە منداڵییەوە دەستی بە خوێندنەوە نەکردبێت.

خوێندنی قوتابخانە و بەدەستهێنانی بڕوانامە گەلێك گرنگە، بەڵام بەتەنیا ئەو خوێندنە مەنهەجییە کەس ناکات بە رۆشنبیر و مرۆی بە ئاگا، بەڵکو خوێندنی قوتابخانە بەتەنیا کلیلێکە و لە رێگایەوە دەتوانین دەرگای جیهانی بیر و هۆشیاریی پێبکەینەوە. لە ژیانی رۆژانەماندا خاوەنی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای بە ئاگا و رۆشنبیرمان دەکەوێتە پێش

چاو، لە هەمان کاتدا رووبەرووی کۆمەڵێك خاوەن بڕوانامەی جۆراوجۆری ناشارەزا و بێئاگا و نارۆشنبیر دەبینەوە..!

هەروەك وتمان ژمارەی خوێنەرمان زۆر کەمە، بۆ نموونە لەم شاری کەرکوکەدا وەکو هەر شارێکی تری ئەم وڵاتە نزیکەی دە هەزار جگەرە فرۆش هەن کە بازاڕیان گەرمە، بەڵام لە هەموو کەرکوکدا لە دە یاخود دوازدە کتێبخانە و کتێبفرۆش زیاترمان نییە.. مایەی نیگەرانییە گەر ژمارەی خوێنەر لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا کەم بن، بەڵام لە هەمووی نەنگتر و جەرگبڕتر ئەوەیە گەر نووسەران نەخوێننەوە.. با لەسەر ئەم کێشەیەیان بەزۆری نەکۆڵینەوە، چونکی کورد واتەنی ئەم هەویرە ئاوی زۆری دەوێت..!

بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵگەی ئێمە دەتوانین پۆلێنی بکەین و بڵێین دەبێت بەسێ بەشەوە، بەشی یەکەمیان کە هەرگیز بەهیچ کلۆجێك ناخوێننەوە و نازانن رۆژنامە و گۆڤار و کتێب چییە.. بەداخەوە ئەم بەشەیان ژمارەی زۆرە.. بەشی دووەم بریتییە لە توێژی نووسەر و خوێنەری بە ئاگا و رۆشنبیری ئاسۆ رووناك، بەداخەوە ئەم بەشەیش ژمارەیان زۆر کەمە لەنێو کۆمەڵدا، بەشی سێیەمیش بریتیین لە کۆمەڵێك کۆڵکە خوێندەوار کە لە سەرچاوە عەرەبی کۆنەکان بەولاوە هیچی تر ناخوێننەوە.. گەر کەسانی توندڕەو پەیدا ببن ئەوا لەنێو ئەم بەشەوە سەرهەڵدەدەن..! پێویستە خوێنەر هەمەلایەن بێت و هەموو سەرچاوەیەکی رۆشنبیری بەسەر بکاتەوە. من بەش بەحاڵی خۆم بە لەخۆبوردووییەوە دەڵێم کە هەردەم سەرچاوە عەرەبییە کۆنەکان و نوێیەکانیش بەسەر دەکەمەوە و دەیانخوێنمەوە. لە هەمان کاتیشدا گرنگی بە ئەدەبی جیهانی و کوردیش دەدەم.. جارێکیان قەشەیەکی توندڕەو پاش مردنی لە وەسیەتنامەکەیدا بە شانازییەوە نووسیبووی، گوایە بەدرێژایی ژیانی لە ئینجیل و ژیانی پاکمەندانی مەسیحی بەولاوە هیچی تری نەخوێندۆتەوە.! لە راستیدا ئاینی مەسیحی و هەموو ئاینە پیرۆزەکانی تر ئاسۆ فراوانن، بەڕادەیەك هەرگیز رێنمایی لایەنگرانیان ناکەن، کە وەکو ئەو قەشەیە رەفتار بکەن.

# ئاسۆی هونەری کوردی

هونەری شێوەکاری بەگشت لقەکانیەوە هەردەم لەلایەن گەلانی جیا جیای جیهانەوە بایەخی تەواوی پێدەدرێت، بەتایبەتی نەتەوە پێشکەوتووەکان گرینگیەکی زۆری لەڕادەبەدەری پێدەدەن و، سات و کاتێکی زۆری ژیانی خۆیانیان بۆ تەرخان دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی وەها دەخەملێت کە مێژووی دێرینی هونەر دەگەڕێنەوە بۆ نزیکەی پەنجا هەزار ساڵ بەر لەئێستا. هونەر ڕۆڵێکی سەرەکیی تەواوی لە ژیانی کۆمەڵە سەرەتاییەکانی سەرگۆی زەویدا گێڕاوە. بە چڕوپڕی سوود و قازانجی پێیان گەیاندووە و کاروباری ژیانی ڕۆژانەی بۆ مەیسەر کردوون، هەر لەو ڕۆژگارە کۆنانەوە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بە تەواوەتی هونەر ڕەگ و ڕیشەی داکوتاوە و بگرە هیچ قۆناغێك لە ژیانی کۆمەڵگە و میللەت و نەتەوەکان بەبێ چالاکی هونەری بەدی ناکرێت. لە چاخی بەردینی باڵادا مرۆی سەرەتایی وێنەی ئەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی لەقەد دیواری ئەشکەوتەکاندا کێشاوە، کە مەبەستی بووە ڕاویان بکات و گۆشتەکانیان بخوات. یاخود مرۆی سەرەتایی بەهەست و هۆشێکی هونەرییەوە لەبەردی ڕەق پێداویستییەکانی ژیانی خۆی داتاشیوە. ئێستایش ئەو پاشماوە هونەرییانە ماونەتەوە و لە مۆزەخانەکاندا پارێزراون. کوردستانی خۆمانیش شوێنێکی شیاو و لەبار بووە بۆ ژیان و گوزەرانی مرۆی سەرەتایی. گوندی چەرمووی دێرین و ئەشکەوتەکانی شانەدەری و هەزارمێرد باشترین نموونەی زیندوون لەم ڕووەوە. مامۆستا شکور مستەفای نووسەر نووسیویەتی و دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی منالییاندا لە ناوچەی قەرەحەسەن، هەندێك جار زەوییان هەڵکۆڵیوە و سەرە ڕمی لەبەرد داتاشراوی پاشماوەی مرۆی چاخی بەردینیان دۆزیوەتەوە.. هونەرمەندی سەرەتایی هەردەم دەربڕی بەرژەوەندی و هیوا و خواستی دەستە و تاقمی سەردەمەکەی بووە. ئەشکەوتەکان لەلایەکەوە جێی گوزەران و

مەڵبەنـدی ژیـانی مـرۆی دێـرین بـووە، لەلایـەکی تریـشەوە ئـەو ئەشـکەوتانە وەکـو پیشانگەیەکی هونـەری بوونـە و قـەد دیوارەکانیـان بـە وێنـەی ئـاژەڵ و مـرۆ و دیمـەنی ڕاووشکارەوە ڕازابوونەوە. مەبەستی سەرەکیی بەرهەمهێنانی کاروبـاری هونـەری بـریتی بووە لە هۆکارێك بۆ دابینکردنی گوزەرانی ژیان. وەکو زانراوە ژیانی مرۆی سەرەتایی تا ڕادەیەکی زۆر سەخت و دژوار و گران بووە. بۆ نموونە ڕێژەی تەمەنی ژیـانی مـرۆی ئـەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆمان لە شەستەوە تاوەکو حەفتاساڵ دەخایەنێت، بەڵام تەمـەنی مـرۆی چاخە بەردینەکان زۆر کەم بووە و ڕێژەی گشتیی تەمەنیان بیـست سـاڵی ڕەت نـەداوە. بە شێوەیەکی گشتی وێنەی قـەد دیـواری ئەشـکەوتەکان بـریتی بوونـە لـە دیمـەنی ئـەو ئاژەڵ و گیانلەبەرانەی کـە مـرۆی ئـەو سـەردەمە سـوودیان لـە گۆشـتەکەی بینیـوە بـۆ تێرکردنی سکیان، یاخود سوودیان لە کەوڵ و پێـستەکەی بینیـوە بـۆ پۆشـینی لـەش و لاریـان. مەبەسـتی دووەمـیش لـە چـالاکیی هونەریـدا خـۆی لـە هـەوڵ و تەقەللایەکـدا چـڕکردۆتەوە بـۆ هێنانەکایـەوەی ڕەگـەزی جوانکـاری و گەڵاڵـەبوونی حـەز و چـێژی هونەری. لە سـەردەمی گریکـە یۆنانییەکانـدا هونـەر و کاروبـاری هونـەری بەشـێوەیەکی میتۆدی بەرجەستە بوو و چووە نێو چوارچێوە و بازنەیەکی شیاوی لەبەرچـاوگیراوەوە، بۆیە هونەر لەو سـەردەمەدا تـوانیی تاڕادەیـەکی زۆر تێکـەڵ بـە ژیـانی خـەڵکی ببێـت و بەشێوەیەك لە شێوەکانیش لەنێو کۆشکی پاشایەتی و پەرسـتگاکان بێتـەدەر و هـەوای سەربەستی هەڵمژێت. فەیلەسووفە یۆنانییەکان بەشێکی فەلسەفە و تێڕوانینی خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەی هونەری و میتۆدی جوانکـاری تـەرخان کـرد، هـەردوو فەلیەسـووفی یۆنـانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ لە سەرووی هەموویانەوە دێن. پاشتریش تێکڕای فەلسەفە و ئـاین و ڕێبازە خاوەن بیروباوەڕەکان لە دیدگای خۆیانەوە تەماشای چالاکی هونەرییان کـردووە و قالب و قەوارەیان بۆ دەستنیـشان کـردووە، ئێمـەی کـوردیش کـە مێژوویـەکی دوور و درێژمان هەیە لەسایەی ئیسلامدا، بۆیە کۆمەڵگەی کوردەواریمانیش بـەدەر نـەبووە لـەم ڕێوڕەسمەدا. بە درێژایی ئەو ماوە دوور و درێژە لەژێر دەسەڵاتی سوڵتانەکاندا دەبیـنین لەنێو کۆمەڵگەکەماندا وەکو سەرتاپای کۆمەڵگە موسـوڵمانەکانی تـر، ڕەوتـی هونـەر بـە

شـێوەیەکی گـشتی یاپـەکی کـەوتووە یـاخود بـە ئاسـتەم نـووزەی لێوەهـاتووە.. هونەرمەنـدە موسـوڵمانەکان بـەڕادەی سـەرەکی گرینگییـان بـە جـوان نووسـی و خـەت خۆشی و نەخشە و زەخرەفەی قەد دیواری مزگەوتـەکان دەدا. ئێستایش ئـەو هونـەرە ئیسلامیە دێرینە لە فەرهەنگی هونەری جیهانیدا بە (ئەرابیسك– arabesque) نـاودێر دەکرێت. ئەم کۆمەڵگەیانەی ئـەم ناوچـەیەی ئێمـە کوردیشی لەگەڵـدا بێـت، بەدرێـژایی چـەندین سـەدە لـە دنیـای وێنەکێـشان و پەیگەرتاشـی بـە دوور بوونـە. ئەمـەیش بـە پێچەوانەی سروشتی کۆمەڵگە و میللەتانی ڕۆژئاواییەکانەوە بووە، کە بێوچان قۆنـاغ لـە دوای قۆنـاغ هـەردەم خـاوەنی گەنجینـەی هونـەری وێنەکێـشان و پەیکەرتاشـی و تەلارسازی بوونە. سەرەڕای هەموو جۆرە کۆت و زنجیرێکێش دەبینین میللـەتی کـورد گرینگی بە مۆسیقا و گۆرانی و شیعر و هەڵبەست داوە، یـاخود جاروبـار نەخـشەساز و دارتاشـەکان سەرپێـچی بۆچـوونە باوەکانیـان کـردووە و لەسـەر سـەنووق و کارەدەستییەکانیان وێنەی مرۆ و ئاژەڵیان کێشاوە. لـە سـاڵی (١٥٩٦) دا شـەرەفخانی بەدلیسی شەرەفنامەکەی خۆی نووسـی و بـە بیـست وێنـەی دەسـتکردی ڕەنگـاوڕەنگی دانەر ئـەو بەرهەمـە مێژووییـە گرینگـە ڕازاوەتـەوە. وێنـە دەسـتکردەکانی شـەرەفخانی بەدلیسی و وێنە دەستکردەکانی هونەرمەندی عەرەبی (واسـتی)و وێنـە دەسـتکردەکانی هونەرمەندی فارسی (بـەهزاد)، تێکڕا هـەموو مێـژووی هونـەری ناوچـەکە پێکـدەهێنن.. هونەری شێوەکاری لە کوردستانی عێراقدا بە گشتی لە نێوەڕاستی سەدەی بیستەمدا بە شێوەیەکی زانیارییانە سەریهەڵدا و نەش و نمـای کـرد. پـێش ئـەم مێـژووەیش هونـەری وێنەکێشان و داتاشین و هەڵکۆڵین بەشـێوەیەکی سـەرەتایی و ڕەمـەکی هـەر هـەبووە و لەسەر دەستی وەستا و دارتاشەکاندا بە ئەنجام گەیوە. لـە هەنـدێك ناوچـەی شـاخاویدا یـاخود لەلایـەن هەنـدێك هۆبـەی کۆچـەریدا، خـەڵکانێك هەبوونـە کـە کاسـە و کـەویل و پێداویستییەکانی نێو ماڵیـان لـەدار داتاشـیوە و نـەخش و نیگاریـان لەسـەری کێشاوە. یاخود دارتاشەکان دەرگا و سەنووق و هەشتەرخانیان دروسـت کـردووە و بەشـێوەیەکی ڕەمەکیی ساکار بە نەخش و نیگـار ڕازاندوویانەتـەوە. هـەروەها نابێـت دەوری وەسـتای

تەلارسازی و بیناسازی فەرامۆش بکەین، کە ئەوانیش لە ئاستی خۆیانەوە هەندێك جار دەستی هونەرییان هەبووە و قەد دیوارەکانیان بە وێنە و نەخش و نیگار ڕازاندۆتەوە. لە دەرەوەی سنووری کوردستانی عێراقدا چەندین هونەرمەندی شێوەکاری ناسراو سەریان هەڵداوە، بۆ نموونە هەردوو برای هونەرمەند (سیف وانلی) و (ئەدهەم وانلی) کە لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری (وان)ن لە کوردستانی تورکیادا، هەردووکیان وەکو دوو هونەرمەندی شێوەکاری سەرکەتوو توانیان ئاستی هونەری شێوەکاری لە وڵاتی میسردا پێشبخەن. (ئیبراهیم باڵەبان) هونەرمەندێکی لێهاتووە لە کوردستانی تورکیادا و بە یەکێك لە هونەرمەندە ناسراوەکانی جیهانیش دادەنرێت. لە سەرەتای ژیانیدا جەردە و ڕێگر بووە. لە بەندیخانەدا ئاشنایەتی لەگەڵ شاعیری ناسراوی تورکی (نازم حیکمەت) پەیدا دەکات. هەر ئەو شاعیرە مەزنەیش ڕێنمایی دەکات و فێری خوێندن و وێنەکێشانی دەکات.. هەروەها (عابدین دینۆ)ی کوردی وڵاتی تورکیا یەکێکە لە هونەرمەندە هەرە ناسراوەکان و بۆ چەندین کتێبی تورکیش وێنەی هەمەجۆری کێشاوە. ئێستا لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا لە هەموو شارەکانی کوردستاندا وێنەکێش و پەیکەرتاشی لێهاتوومان هەن کە مایەی دڵخۆشین بۆمان. ئێمەی کورد مێژوویەکی دوور و درێژی هونەریمان نییە وەکو میللەت ڕۆژئاواییەکان، بەڵکو مێژووی هونەری هاوچەرخمان تازە و نوێیە، بۆیە هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە کە پێویستە لەسەرمان بڵێین هەقی خۆمانە گەر شانازی بە هونەری هاوچەرخمانەوە بکەین و دەرهەقی گەشبین بین.

# ( جۆرج ئۆروێل ) و تراژیدیای سەردەم

نووسەری ئینگلستانی (جۆرج ئۆروێل) لە ساڵی ١٩٠٣دا لە وڵاتی هیندستاندا لەدایك بووە. باوکی کابرایەکی ئینگلیز بوو، دایکیشی ئافرەتێکی هیندی بوو.

ئۆروێل لە ساڵی ١٩٢٢دا چووە ڕیزی پۆلیسی سەر بە ئیمپراتۆریەتی ئینگلستانی لە هیندستاندا. بەچاوی خۆی بینی کە چۆن ئینگلیزەکان خەڵکی ئەو وڵاتە ژێردەستەو داگیرکراوەیان دەچەوساندەوەو بە هەموو شێوەیەکیش سەرکوتیانیان دەکردن. لە پاشاندا ئۆرەوێل گوێزرایەوە بۆ بورما. لە ساڵی ١٩٢٨دا دەستی لە کارەکەی کێشایەوەو نەیویست نوێنەرایەتیی دام و دەزگای وڵاتێکی داگیرکەر بکات.. دژی جۆرەکانی داگیرکردن وەستا و لە کتێبی (ڕۆژگاری بورما)دا راوبۆچوون و رەتکردنەوەکانی خۆی دەربڕی. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا ڕوویکردە شاری پاریس و بە نەبوونی و سەرگەردانی و سەرەڕۆیی ژیانی بەسەر برد.. لە پەناو ژووری پیس و پۆخڵدا دەنوست و هەندێ جاریش زبڵدان و پاشەڕۆکانی بەسەردەکردەوە بۆ ئەوەی خۆراکی خۆی بەچنگ بهێنێت.. لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەڵێت گوایە برسێتی و نەبوونی ئازاری نەداوە هێندەی لێکدابڕانی ئەو پیرەژنە دڵ و دەروون سافەی کە ئۆروێلی دەبردەوە ماڵی خۆیان و داڵدەی دەداو، لە شەوانی سارد و سەهۆڵبەنددا چێشتی گەرم و گوڕی دەخستە پێشی.. ڕۆژێك ئۆروێل دەستی ئەو پیرەژنەی گرت و لە جادە قیرە ئاپوورەکەدا پەڕاندیەوە. ئیتر هەر لەو ڕۆژە بەدوواوە بوون بە هاوەڵ و ئاشنای یەکتر. ئەو پیرەژنە لە ماڵی خۆیاندا میوانداریی کرد و بە پیرەپیاوە کوێرەکەی مێردی ناساند. پیرەمێرد و پیرەژن سێ کوڕیان هەبوو، بەڵام گەورە ببوون و ژنیان هێنابوو ئەمانیان بەجێ هێشتبوو. بەدرێژایی سێ مانگ هۆگری یەکتر بوون و هەموو

شەوێك هەردوو پیرەكە (ئۆروێل)یان دەحەواندەوە.. ئەوەبوو لە پاشاندا پیرەژنی دڵ و دەروون ساف كۆچی دوایی كرد و مێردەكەی بەتاك و تەنیا بەجێ هێشت و لە هەمان كاتیشدا (ئۆروێل)یان خستەوە تەنیایی و بێ نەواییەوە..

ئۆروێل بە قەرز پارەی پلیتی شەمەنەفەری لە برادەرێكی وەرگرت بۆ ئەوەی خواحافیزی لە شاری پاریس بكات و ڕوو بكاتە شاری لەندەن. نووسەر خۆی باسی ئەوەیش دەكات كە چۆن كابرای پیرە لەژێر چاویلكەكانیەوە بە هێمنی و بەبێ دەنگی فرمێسكی هەڵدەڕشت و ئەمیش لە ئاستی خۆیەوە بەكوڵ دەگریاو لە وێستگای شەمەنەفەردا خواحافیزیان لە یەكتری كرد.

لەساڵی ١٩٢٩دا كە گەڕایەوە بۆ شاری لەندەن سەرلەنوێ دەستی كردەوە بە ژیانی بۆهیمی و سەرەڕۆیی. لە ساڵی ١٩٣٧دا كتێبێكی دانا بەناوی (ژیانی دەربەدەری لە لەندەن و پاریسدا. ئەو كتێبەی بەناوی (ئارسەر بلێر)ەوە بڵاوكردەوەو بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە پەنجەی خستبووە سەر ژیانی پڕ لە كولەمەرگی و هەژاری خۆی. لە ساڵی (١٩٤٠)دا وەك مامۆستایەك كاری دەكرد و لە هەمان كاتدا لە گۆڤارێكی هەفتانەدا دەستبەكار بوو. لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا گوللەیەك بەر قورگی كەوت و زۆری نەمابوو بیكوژێت. بەدرێژایی ژیانیشی دەیناڵاندا بەدەستی نەخۆشی ئیسقاوە (التدرن).

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چیرۆكی (كێڵگەی گیانلەبەران–مزرعە الحیوانات) نووسەر توانیی بەقورسی خۆی بەسەر دنیای ئەدەبدا بسەپێنێت.. ئەوەی شایانی باسە ئەم شاكارە لەلایەن چەند نووسەرێكی كوردەوە وەرگێڕداوەتە سەر زمانی كوردی. بابەتەكە بریتییە لە چیرۆكێكی درێژی پەنجا یاخود شەست لاپەڕەیی.. لەنێو چیرۆكەكەدا چەند بەراز و گیانلەبەرێك دەدوێن و بەیەكا دێن و پیلانی جۆراوجۆر بۆ یەكتری دەگێڕن و یەكتری دەچەوسێننەوە. مەبەستی سەرەكیی نووسەریش بریتییە لە هێرش بردنەسەری تاقیكردنەوەی ئایدیۆلۆژیەتی ماركسی لە سەردەمی یەكێتی سۆڤیەتی جاراندا.

لە ساڵی ١٩٤٨دا جۆرج ئۆروێل ڕۆمانی (١٩٨٤)ی بڵاوكردەوە. ئەو ڕۆمانە لە سەرەتادا لەژێر ناونیشانی (١٩٤٨)دا بوو، بەڵام نووسەر لە پاشاندا جێ گۆڕكێی بە ژمارەكە كردو

ناوی نا (١٩٨٤).. رۆمانی (١٩٨٤) تاکو رۆژی ئەمڕۆمان جێی لێکۆڵینەوەو تێڕامانی نووسەران و خوێنەران و رەخنەگرانەو وەرگێڕداوەتە سەر زۆربەی زمانانی دنیا. رێکخراوی یۆنسکۆ لە ساڵی ١٩٨٤دا بڕیارێکی دەرکرد و ئەو ساڵەی کرد بە ساڵی (جۆرج ئۆروێل). لە دنیای ئەدەبیاتدا چەندین پۆلین هەن بۆ جیاکردنەوەی ئەدەبی میللەتانی جیهان. هەر میللەتێك ئەدەبی تایبەتیی خۆی هەیە، کە سیماو رەنگ و بۆی ئەو میللەتانە هەڵدەگرن و تیشك دەخەنە سەر رەوتی ژیانی ئەو میللەتانە، لە قۆناخێك لە قۆناخەکانی مێژوودا ئەدەبی نەتەوایەتی باشترین راپۆرت و دیکۆمێنتە بۆ خوێندنەوەی جۆری بیرکردنەوەی ئەو میللەتانەو دەرخستنی کێشەو تەنگ و چەڵەمەکانیان. ئێستا چەندین ئەدەبی میللەتانی دنیا هەن، کە هەریەکەو تایبەتمەندییەکی تایبەتیی خۆیان هەیە و سیفات و خاسیەتی خۆیان هەڵدەگرن. خوێنەران لە هەر شوێن و وڵات و کات و زەمەنێکدا بن، تینووی ئەوەن کە شارەزاییان هەبێت لەبارەی ئەدەبی میللەتانی تر. بۆیە لەم حاڵەتەدا وەرگێڕانی دەقە ئەدەبییەکان دەورێکی گرنگ و کاریگەر دەبینن لە پێناوی نزیکبوونەوەو لەیەك گەیشتن لە نێوان میللەتانی جیاجیای دنیادا، وەرگێڕانیش پردێك پێکدەهێنێت بۆ پەڕینەوەو ئاڵوگۆڕکردنی بیروبۆچوون لەنێو میللەتاندا. هەر ئەمەیش بۆتە هۆی ئەوەی کە بابەتەکانی جۆرج ئۆروێل وەربگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانانی دنیا. بەزۆری نووسەرانی ئینگلستان ئەوەندە گرنگی بە سیاسەت و کاروباری سیاسی نادەن، بەڵکو بە دیدگایەکی فەلسەفی و کۆمەڵایەتییەوە دەنووسن. جۆرج ئۆروێل سەرپێچی ئەم نەریتەی کرد و بە گۆشەنیگایەکی سیاسیی پڕ لە رەخنەسازییەوە بابەتەکانی خۆی هێنایە بەرهەم. بەڕادەیەك لە هەموو لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی نووسینەکانی (ئۆروێل)دا بیرۆکەی سیاسی دەتکێنەوە. نووسەر بە هەستێکی جیهانییەوە نەك بە هەستێکی سیاسیی ئینگلیزییەوە ڕوو دەکاتە ڕووداوەکان و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. ئەم شتەیش وەهای کردووە کە نووسەر ببێت بە نووسەرێکی جیهانی سەراپاگیری و هەموو میللەتانو ئۆروێل بە نووسەری خۆیانن دابنێن. کێشە هەمیشەییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی کەرەستەی سەرەکیی

نووسەر پێکدەهێنن, بۆیە خوێنەر لە هەر شوێنێکدا بژێت و بەهەر زمانێك بدوێت چێژ لەو نووسینانە وەردەگرێت و ئۆروێل بە نووسەری خۆی دادەنێت. ئێستا لە جیهانی ئەدەبیات و رەخنەسازیدا چەندین وەسف و پۆلین کردن هەن بۆ هەڵسەنگاندنی چەند نووسەرێکی سەرکەوتووی جیهانی، کە بەرادەیەکی زۆر خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیانن وەك ئەوەی دەوترێت: ئەدەبی شکسپیر.. ئەدەبی کافکاو ئەدەبی دستۆیڤسکی و..هتد. بەهەمان شێواز ئەدەبێك هەیە بەناوی ئەدەبی ئۆروێلەوە..

# نووسەران و هەستی نەتەوایەتی

دەوترێت کە نووسەری میسری (عەقاد) بە ڕەگەز کوردە، بەڵام لە وڵاتی میسر چاوی کردۆتەوە و پەروەردە بووە و لە پاشانیشدا دەستی بە نووسین کردووە، ئەوەی ئێمە وەك لە بیرمانە لە سەرەتای ژیانماندا کە دەستمان بە خوێندنەوە کرد، ڕۆژێك لەڕۆژان نووسینەکانی عەقاد سەرنجمانی ڕانەدەکێشت، بە پێچەوانەوە من و تێکڕای هاوتەمەنەکانم لە شاری کەرکوکدا بە زۆری نووسینەکانی مەنفەلوتی و جوبران خەلیل جوبران و سەلامە موسا و تاها حوسێنمان بەلاوە پەسەند بوو، بە چڕ و پڕی و بە پەرۆشەوە کتێبەکانی ئەو نووسەرانەمان دەخوێندەوە، لە یەکێك لە ژمارە کۆنەکانی گۆڤاری (الهلال)دا عەباس عەقاد بابەتێکی بڵاو کردۆتەوە، بەناونیشانی (اللغە العربیە هی من اجمل واحلی لغات العالم) یانی زمانی عەرەبی لە هەموو زمانانی سەر ڕووی زەوی جوانتر و بەلەزەتترە.. لەگەڵ ڕێزماندا بۆ زمانی عەرەبی دەڵێین ئەم بۆچوونەی نووسەر مانای ئەوپەڕی دەمارگیری دەگەیەنێت، چونکە گەر هەر زمانێکی زیندووی سەر ڕووی زەوی بەبێ جیاوازی بگرین، دەبینین جوانی و ڕەوانبێژی و ڕێکوپێکی و خاسییەتی تایبەتیی خۆی هەیە.. بۆیە نە بۆ نووسەرێکی عەرەب هەیە گەر بڵێت زمانی عەرەبی لە هەموو زمانانی تر جوانتر و پاراوترە و، نە بۆ نووسەرێکی کورد و هەر نووسەرێکی میللەتێکی تریش هەیە گەر بڵێت گوایە زمانەکەی خۆی سەرتۆپی هەموو زمانانی تری جیهانە.

بە پێچەوانەی (عەقاد)ەوە دەبینیت نووسەرێکی نابینای عەرەب کە ناوی (تاها حوسێن)ە بە ڕادەیەکی زۆر ئاسۆ فراوانەو، لەمیانی نووسینەکانیدا دوورە لە هەموو دەمارگیرییەکی نەتەوایەتی، تەنانەت لە ئاکامی ڕاستگۆییەکەیدا لە سەرەتای ژیانی

ئەدەبیاتیدا زۆری نەمابوو سەری تیابچێت و، بەدەستی توندڕەوەکانی سەردەمەکەی بکوژرێت.

ئێمەی کورد هەر لە کۆنەوە کێشەکەمان لەوەدابووە، گەر هەر کوردێك پشتی لە میللەتەکەی کردبێت، ئیتر ئەو کەسە زۆر بەجانجگەری دوژمنایەتیی قەومەکەی خۆی کردووە، میللەتی کوردیش هەر لە کۆنەوە ناوی ئەو کوردە هەڵگەڕاوانەی ناوە (جاش) یاخود (زۆڵە کورد!) لێرەدا مەبەستمان عەقاد نییە کە وەکو نووسەرێك ڕێزمان بۆی هەیە.. هەروەها بەتایبەتی مەبەستمان ئەو شاعیر و نووسەرە کوردانە نییە کە خزمەتی ئەدەبی عەرەبییان کردووە..

شاعیری بەغدایی (جەمیل سدقی زەهاوی) کە باسی ژیانی خۆی دەکات، ڕاست و ڕەوان دووپاتی دەکاتەوە کە بە ڕەگەز کوردە و لە تیرەی بابانی کوردی ڕەسەنە، بەڵام ئەم شاعیرە لەسەر ئەرزی واقیعدا هیچ هەستێکی کوردایەتیی نەبووە، بەڵکو تاوەکو مۆخەکەی عەرەبچێتی کردووە و ئەوەتا لە شیعرێکیدا بە نەتەوەی عەرەب دەڵێت: ئەگەر شەهیدتان دەوێت لە ڕێی عەرەبدا ئەوا من یەکەم شەهیدی ئەو کاروانەم و بەم شێوەیە لە شیعرەکەیدا دەڵێت:

قل للعروبه أسرعی

لا ینفع المشی الوئید

وإژا العتاد أردته

فالنار عندك و الحدید

وإلی شهید أن یکن

بك حاجه فأنا الشهید

شاعیرێکی کوردی تر کە بە درێژایی ژیانی تەنیا بە عەرەبی شیعری دانا، شاعیری عێراقی (بلند الحیدری)یە، ئەم شاعیرە هەردەم ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی سەبارەت بەوەی کە ناوەکەی کوردییە و عەرەبی نییە..! تەنانەت ڕۆژێك سەبارەت بە ناوە

کوردییەکەی نووسی بووی (جنایە الآباو بحق الابناء). ئەوەبوو کاتی خۆی چەند کوردێکی دڵسۆز قەڵەمەکانیان تیژکرد و وەڵامیان داوە.

لەساڵی (١٩٩٥)دا بەڕێز دکتۆر کەمال مەزهەر، بەشداریی لە کۆنگرەی (پێوەندیی نێوان عەرەب و فارسی) کردبوو لە ئیماراتدا. پاش هاتنەوەی لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا لە بارەی کوردێکی هەڵگەڕاوە بە ناوی دکتۆر ئەدیب ئەلجادرەوە نووسیبووی (ئەو دکتۆرە بە درێژایی پێنج ڕۆژی کۆنگرەکە شەیتانی بدیتایە و منی نەدیایە، بە بوغزەوە سەیری دەکردم و بگرە تاقە جارێکیش سەلاوی لێنەکردم، ئەویش لەبەر ئەوەی کە لە یەك دوو دانیشتندا بەرگریم لە خۆشەویستیم لە حەق کردبوو.. کەچی بەڵگەنامەی ئینگلیز هەیە کە دووپاتی دەکاتەوە باوکی کورد بووە و لە ساڵی (١٩٢٧)دا لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی خۆیبوون) بووە، کە داکۆکییان لەسەربەخۆیی کورد کردووە..).. جەعفەر عەسکەری کە وەکو ئەفسەرێکی پلە بەرز و سیاسەتمەدارێکی ناسراو، بەڕەگەز کوردە و لەگەڵ بەکر سدقیی ئامۆزایدا خەڵکی گوندی عەسکەری سەر بە ناحییەی ئاغجەلەرن. سەرەڕای هەمووی لە ڕەسمیاتدا خۆی بە عەرەب ناونووس دەکرد، گەر ژیاننامەکەی بخوێنینەوە ئەوا نووسەرە عەرەبەکان دەڵێن ڕاستە ئەم پیاوە خەڵکی گوندی عەسکەری سەر بە پارێزگای کەرکوك بووە، بەڵام باپیرە گەورەیان سەیدە ولە دورگەی عەرەبییەوە گەیشتۆتە کوێرە دێیەکی کوردستان..!؟ لە مێژووی کۆنی کورددا زۆرجار ئەم تراژیدیایە ڕوویداوە، هەرچەند لە کۆندا پیاوێکی گەورە و زانایەکی ناسراومان تێدا هەڵکەوتبێت، ئیتر زۆریان پێخۆش بووە کە بڵێن گوایە باپیرە گەورەیان لە دورگەی عەرەبییەوە کاتی خۆی هاتۆتە کوردستان..!؟

سیاسەتمەداری ناوسراو (نووری سەعید) بە ڕەگەز کوردە، بەڵام بە درێژایی ژیانی نە وتوویەتی کە کوردە و نەبۆ کوردیش کاری کردووە. لە کتێبی یاداشتەکانی ناجی شەوکەتدا (مژکرات ناجی شوکت) کە ئێستا لە بەردەستمدایە و بەداخەوە بەرگەکەی دڕاوە و نازانین کەی و چ ساڵێك بە چاپگەییوە، لەلاپەڕە (١٣١)دا ئەو زاتە دووپاتی ڕەگەزی کوردیی نووری سەعید دەکاتەوە و دەنووسێت:

(ولد نوری سنه ۱۸۸۹ فی بغداد من عائله كرديه، بدا حياتـه الدراسـيه عنـد المـلا وهـو فی اليامنه من عمـره كـان ابـوه كاتـب حـسابات فی الموصـل فی الحكومـه التركيـه، وفی سـنه (۱۹۰۳) سافر نوری الی تركيا للألتحاق بالكليه العسكريه وهو فی الرابعه عشر من عمـره..)
بێوچان بەفر و بارانێکی زۆر بەسەر شاخەکانی کوردستاندا دادەبارێت و هەموو ئاوەکەی لە پاشاندا بەرەو خوار بـۆ ناوچـەکانی میللـەتانی تـر شـۆڕ دەبێتـەوە و ئـەوان سـوودی لێدەبینن.. خاکی کوردستان نەوت و کانزایەکی زۆری هەیە کـە میللـەتانی تـر سـوودیان لێدەبینن.. هەروەها بە درێژایی مێژوویش هەر زانا و کەڵە پیاوێکمان هەڵکەوتبێت، ئـەوا بێ سێ و دوو خزمەتی کەلتوور و زمانی میللەتانی تریـان کـردووە..! داخـی گـرانم ئـەم گرێیـی خـۆ بەکـەم زانینـەی ئێمـە لـە زووەوە ڕەگـی لەنێومانـدا داکوتـاوە، تەنانـەت شاعیرێکی وەکو شێخ ڕەزای تاڵەبانی عەرەب بە ئەفزەڵ لە قەڵەم دەدات و دەڵێت:

عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما
سەڵاحەدین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو

ئێمەی کورد زۆر ئاساییە لامان گەر منداڵێکمان لە دایك ببێت ناوێکی عەرەبی لێ بنـێین، بەڵام گەر خێزانێکی عەرەب یاخود تورکمان منداڵێکیان لە دایك ببێـت و، ئێمـەی کـورد پێشنیازی ئەوە بکەین کە ناوی منداڵەکەیان بە کوردی دابنێن، ئـەوا بێگومـان دوورنییـە ئەو ماڵە بێنە گژمانە و یەخەمان بە توندی بگرن و لێمان تووڕە ببن..!

## ( واڵت ویتمان ) شاعیری دیوانی پەلکی گژوگیا

شاعیری هەرە ناسراوی ئەمریکایی (واڵت ویتمان) لە ساڵی (١٨٧٩)دا لە دایکبووە و لەناوچەی (برۆکلن) دا پەروەردە بوو. لە ڕێکەوتی (٢٦)ی مانگی سێی ساڵی (١٨٩٢) کۆچی دوایی کردووە.

لە سەرەتای ژیانیدا بە چەندین پیشە و کار و کاسبی هەڵسا، وەکو کرێکاری و ڕۆژنامەنووسی و مامۆستای قوتابخانە و.. هتد.. لە نێوان ساڵانی (١٨٤٦– ١٨٤٨) گۆڤاری (برۆکلن ئیگل)ی دەکرد و تیایدا دەنگی ناڕەزایی خۆی دەربڕی دەرهەق بە کۆیلایەتی. لە پاشاندا هەڵسا بە گەشتێکی دوور و درێژ بە سەرانسەری وڵاتی ئەمریکادا و بە چڕیش لەو کاتانەدا دەستی بە خوێندنەوە کرد. زۆر بابەتی جۆراوجۆری خوێندەوە وەکو ئینجیل و شیعرەکانی هۆمیرۆس و شانۆنامەکانی شەکسپیر و بەرهەمەکانی سکۆت و کارلایل و کۆلریچ و ئیمرسون. گەرچی بەشێوەیەکی بەرفراوان هەموو بابەتێکی دەخوێندەوە، بەڵام ئامانجی سەرەکیی ئەوەبوو خۆی لە کاریگەریتیی ئەدەبی ئەوروپایی ڕزگار بکات و ئەدەبێکی نەتەوایەتی بهێنێتە ئاراوە.

باوکی شاعیر کابرایەکی دارتاشی سەرنەکەوتوو بوو، دایکیشی ئافرەتێکی نەخوێندەوار بوو، کە حەزی بە چارەی کوڕەکەی نەبوو، ئەوەبوو کوڕەکەی لە پاشەڕۆژدا بوو بە گەورەترین شاعیر لە جیهاندا. ویتمانی شاعیرلە خێزان و بنەماڵەیەك پەروەردە بوو، کە چوار برای تووشی دەردی هۆش کورتی و عەقڵ شێواوی ببوون. ویتمان هەر لە تەمەنی پازدە ساڵیدا ناچار بوو کە لە (برۆکلن) دا بۆ ماوەیەك دەسبەرداری خوێندنی قوتابخانە ببێت. لە تەمەنی سی و شەش ساڵیدا و لە ساڵی (١٨٥٥) دا دیوانی (پەلکی گژوگیا – LEAVES OF GRASS – أوراق العشب)ی بە چاپ گەیاند، کە یەکێکە لە

شاكاره ئەدەبی و دیوانە شیعرییە هەرە مەزنەكانی مێژووی ئەدەب. كەم بەرهەمی ئەدەبی هەن هاوشانی بن، بگرە ئەم دیوانە شۆڕشێكی لە دنیای ئەدەبدا بەرپاكرد و بۆ یەكەم جار لە مێژووی ئەدەبدا شیعری ئازاد و سەربەست لەم دیوانەدا سەری هەڵدا. دیوانی ناوبراو دوازدە هەڵبەستی چڕوپڕی گرتۆتە خۆی. جار لە دوای جاریش لەگەڵ هەر چاپدانێكی نوێدا دیوانەكە زیادی دەكرد و شتی تازەی دەهاتەسەر. بەیتەكانی درێژن و ڕیتمەكانی پڕ هێز و توانان و كێشەكانیشیان گونجاو و تەبا نین. ئەم ڕوواڵەتەیش شتێكی تازە و نوێ بوو لە دنیای شیعری ئەو سەردەمەدا. ناوەڕۆكەكەیشی لە دەوروبەری كاروباری كۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕەوشت و ئاكارەوە دەسووڕایەوە، هەروەها خۆی لە كێشەكانی جوانی و مردن و جەنگ و سێكسەوە نزیك دەكردەوە. لە كاتی خۆیدا دیوانی پەلكی گژوگیا بە كتێبێكی لە ڕەوشت بەدەری نائاسایی لەلایەن كەسانی توندڕەوەوە لە قەڵەم درا. ئەوەبوو بەهۆی دیوانەكەوە پاش جەنگی ناوخۆیی شاعیر لە كارەكەی دوورخرایەوە.

لە ساڵی (١٨٧٣)دا شاعیر تووشی ئیفلیجی بوو، زۆری پێنەچوو باری تەندروستی و ساخڵەمەتی نەختێك بووژایەوە، تاوەكو ڕۆژی مردنی لە ساڵی (١٨٩٢) دا بە دوورەپەرێزی و گۆشەگیری ژیانی بردەسەر، سەرەڕای شیعر نووسین هەردەم پەخشانیشی دەنووسی..

شاعیر لە هەڵبەستی (كتێبی خۆشەویستی هەمیشەیی) دا دەڵێت:

بە تەنیا پێویستیمان بەو تاقە كتێبەیە
داخۆ چ جۆرە كتێبێكە ! ؟
هەموو پێویستییان بەو كتێبە یە
هەموو ڕووی خۆیان تێكردووە
هەموو چاویان تێبڕیوە
ئەوە كتێبی خۆشەویستی ئەزەلییە
خۆشەویستییەكی ئەوتۆ

که بەنێو دەمارەکانماندا دێت و دەچێت
لە تاڤگەی ناخە بێ وەیەکانەوە هەڵقوڵاوە
ئێوە ئەی دانیشتووانی مەسیسپی
گوێم بۆ ڕادێرن
ئەی ئەوانەی کە لەژێر چارۆگەی کەشتییەکان و
لەنێو شەپۆلەکان و دەریاچەکاندا دەژین
لێمگەڕێن با ناخی خۆمتان بۆ یەکالا بکەمەوە
حەز دەکەم لە تەکتاندا
بەرەو سەرچاوە هەڵقوڵاوەکان هەڵفڕم
حەز دەکەم لەنێو شەپۆلی بە تەوژمتاندا بتوێمەوە
حەز دەکەم هەموو پێکەوە
بۆنی عەتری ئەو کتێبە هەڵمژین
بۆنی کتێبی خۆشەویستی هەتاهەتایی
با خۆشەویستی بەبێ جیاوازی بۆ هەمووان بێت..
شاعیر لەبارەی خۆیەوە دەڵێت:
تەماشام بکە..
من گەر بەخشندەبم
شتێکی کەم نابەخشم
من گەر ببەخشم
گیانی خۆم دەبەخشم
یاخود دەڵێت:
من واڵت ویتماننم – جگەر گۆشەی مانهاتن
من وشەی نهێنی دەردکێنم
من دروشمی دیموکراسی دەبەخشم

دیتن و بیستن و هەستەکان

هەموو موعجیزەن

هەر بەشێك لە مندا

موعجیزەیەکە بۆخۆی

ناوەوە و دەرەوەم پیرۆزن

گەر دەست لە هەر شتێك بدەم و

هەر شتێکیشم بەربکەوێت

هەر پیرۆزن..

# شیعری ئەم ڕۆژگارەمان..!

خوێنەری بەڕێز هیوادارم دان بە خۆتدا بگریتو تۆزێك پشووت هـەبێتو، ئـەم وشـە ڕیـز کراوانەی خوارەوە بخوێنیتەوە کە دەڵێت:

لایەکت تاریکیو

لایەکت هەتاو

لایەکت منالّی

لایەکت پیرییە

لایەکت بەستەڵەکی

لایەکت سووتاوە

لایەکت گەمژەیی

لایەکت ژیرییە

........ هتد.

لە ڕاستیدا ئەم وشە ڕیزکراوانە هی مـن نـین‌و، وەهایـشی تێنەگـەیت کـە لـە نێـو بـەردە ڕەشە کەڵەکە کراوەکانی شێخە سوورەی گەڕەکی زێویەو مەزارگەی خدری زیندەی ڕێـی یـاروەلی دۆزرابێتـەوە..! بـەڵکو ئەمـە بەشـێکە لـە هەڵبەسـتێك کـە لـەم ڕۆژانـەدا بـڵاو بۆتەوە! من لە مێژەوە لەو بڕوایەدام کە شـیعر ڕیـز کـردن لـە شـاری کەرکوکـدا زەرەرو زیانێکی گەورەو گرانی لێداوین هەر کەسـێك بیـەوێت نـاوی بـچێتە ریـزی نووسـەرانەوەو خاوەنی بەهرەی نووسینیش نەبێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا نزیکترین ڕێگە دەگرێتـە بـەر کـە ئەویش شیعر دانانە. بێگومان شیعر دانانیش لەم ڕۆژگارەدا زۆر ئاسانە، لە نیوە شـەودا قەڵەم بە دەستەوە بگرەو کاغەزیش لە بەردەمی خۆتدا دابنێو مێـشکی خـۆت بگوشـەو

بکەوە وشە ڕیز کردنو بنووسە: (شەوە درەنگەو.. لە غوربەتدا دەژیمو.. بە دەستی قەدەرەوە دەنالێنمو.. خەمو خەفەت ناو جەرگمی بڕیوەو هەناومی کون کون کردووە.. برینەکانم باڵ دەگرنو بەرەو ئەستێرەکان دەفڕن.. دەی توخوا خۆشەویستەکەم ئەی حەبیبەی نالی.. بگە بە فریامو دڵو دەروونم داسەکێنەو بە زووترین کات بگە بە فریامو بێ بۆ لام..!؟).

شیعری ئەم ڕۆژگارە بە زۆری هونەری تێدا بەدی ناکرێت، بەڵکو بریتییە لە عەرزو حاڵێك کە ئاراستەی کچێکی دیاریکراو دەکرێت کە شاعیر بۆی سووتاوە.. ئەمە لە حاڵەتێکدا گەر شاعیر لاو بێت، بەڵام گەر بە تەمەنو بە ئەزموون بێت، ئەوا لەوە زیرەکترە کە ئەم وشەو ڕستە ڕاستەوخۆیانە ڕیز بکات، بەڵکو ڕێگەیەکی پڕ لە پێچو پەنا دەگرێتە بەرو، کۆمەڵێك وشەو ڕستەی قورسو گران ڕیز دەکات تا وەکو کەس بە تەواوەتی لێی تێنەگاتو بە باشی خوێنەر نەزانێت کە شاعیر چی دەڵێتو مەبەستی چییە.!.

دونیای شیعرو شاعیریەتی ڕاستەقینە بەو ئاسانییە نییە کە هەندێك بۆی دەچن، دەتوانین بڵێین گەر هەر میللەتێکی سەر گۆی زەوی، لە پەنجا ساڵدا یەك یاخود دوو شاعیری بە بەهرەو سەرکەوتووی هەبێت، مانای وایە ئەو میللەتە زۆر بەختەوەرە.. بڵاو بوونەوەی دیاردەی شیعر دانان لە نێو هەر میللەتێکدا نیشانەی دواکەوتوویی ئەو میللەتە دەگەیەنێت، باشم لە یادە لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، لە هەموو وڵاتێکەوە شاعیرانی بێ بەهرەو بێ توانا ڕوویان دەکردە حزووری سەددامی دیکتاتۆرو بە شانو باڵیدا هەڵیاندەدا لە پێناوی بە دەستهێنانی پارەو پوول، جارێکیان لە شاشەی تەلەفزیۆندا چاوم بە یەکێك لەو کۆڵکە شاعیرانە کەوت، کە خەڵکی سۆماڵ بوو، پێش ئەوەی دەست بە مەدحنامەکەی خۆی بکات بە زمانی عەرەبی بە سەددامی وت: (أنا من بلد مليون شاعر..!) یانی من خەڵکی وڵاتێکم کە یەك ملیۆن شاعیری هەیە..! بە بیستنی ئەم قسەیە لە ئاستی خۆمەوە دەستم بە پێکەنین کردو، لەبەر خۆمەوە وتم: بە خوا مانای وایە ئێوە میللەتێکی گەلێك دواکەوتوون..!. بەڵام هەردەم شاعیرانی کورد دڵسۆزۆ خاوەن هەڵوێست بوونە..

وەك ئاگادارم زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان، بە دەستی کێشەی نەبوونی بابەتی ئەدەبیو فیکریو فەلسەفیو مێژوویيو کۆمەلایەتییەوە دەنالێنن، چونکی ئەو قەڵەم بەدەستانەی کە دەنووسن، بە زۆری خۆیان لە قەرەی شیعر دەدەن، یاخود لە بارەی سیاسەتەوە دەنووسن، کە لە راستیدا ئەم دوو لایەنەیش لەم رۆژگارەدا لە لایەن نووسەرانەوە زۆر ئاسان کراوەتەوە، خۆیشی وەها نییەو بەڵکو شیعر دانانو نووسینی بابەتی سیاسیی چڕو پڕ زۆر گرانەو هەموو کەسێك ناتوانێت پێی هەڵسێت، بە داخەوە ئەو نووسەرانەی کە لە بارەی سیاسەتەوە دەنووسن، چەند رستەو قاڵبو کلێشەیەکی حازر بە دەستیان دەرخ کردووەو ریزی دەکەن. زۆرجار ناونیشانی بابەتێك لە رۆژنامەیەکدا بخوێنیتەوە، ئیتر ناوەڕۆکەکەیو کۆتاییەکەی دەزانیت.. ئەمەیش هەر وەکو فیلمی هیندیو میسریی لێهاتووە، گەر سەرەتاکەی ببینیت، ئەوا کۆتایی فیلمەکە دەزانیت. !.

بە بێ زیادە ڕۆیی هەندێك لە شاعیرەکان شارەزاییەکی ئەوتۆیان لە ئەدەبی جیهانیو ئەدەبی کوردیی کۆنو نوێدا نییە. بە هیچ کلۆجێك شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانمان ناخوێننەوە، گەر بتەوێت تاقییان بکەیتەوەو دە شیعری هەر ناسراوی شاعیرە کلاسیکییە کوردییەکانیان بخەیتە بەر دەستو، داوایان لێبکەیت کە ناوی شاعیرەکان بەسەر شیعرەکانەوە تۆمار بکەن، ئەوا من لەو بڕوایەدام کە بە شایستەییەوە لەو تاقیکردنەوەیەوە سەرکەوتوو نابن..!

بە داخەوە هەندێك نووسەرو شاعیرمان هەن گەر لێیان بپرسیت، لە بارەی فرۆیدو شەکسپیرو لۆرکاو سارتەرو تۆڵستۆیو هوگۆو دیکنزو دۆستۆیڤسکیو عەلی وەردیو مەلا جەمیلی رۆژبەیانیو.. هتد، چیت خوێندۆتەوە؟ بێگومان زۆربەیان دەڵێن کە هیچ شارەزاییەکیان لە بارەی ئەم نووسەرو خاوەن هزرانەوە نییە.. لە لایەکی تریشەوە نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کۆمەڵێك نووسەرو شاعیرمان هەن، بە رادەیەکی زۆر شارەزاو رۆشنبیرو زۆر دەخوێننەوە.. گەر پرسیار ئاراستەی هەندێك لە شاعیرە لاوەکان

بکەیت سەبارەت بە جیهانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردیو جیهانی، بۆت دەردەکەوێت کە شارەزاییان نییە.

شاعیرێکی مەزنی وەك ئەحمەد هەردی بە درێژایی ژیانی بە تەنیا چەند پارچەی شیعرێکی سەرکەوتووی نووسی، کە بە پەنجەی دەست دەژمێررێن، بەڵام شاعیرانی ئەم سەردەمە لە توانایاندا هەیە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا حەوت دیوانی شیعری بنووسنەوە..

لێرەدا لەبارەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی کۆنەوە دەدوێین.

دیاردە کۆمەڵایەتییەکەیش کە وەك نموونە باسی دەکەین، لە سەردەمانی زوودا وەهابوو کە فەقێیان لە مزگەوت ڕۆژی سێ شەممانیان دەکرد بە پشووی خۆیان، لەو ڕۆژەدا دەچوونە دەشتو دەرو دەکەوتنە گۆرانیو هەڵپەڕکێ. زۆرجار ئەلفو بێی ئەبجەدییان دەخستە کارو دەیانکردە گۆرانیو هەڵپەڕکێ تا وەکو دەگەیشتە یا وەلسەلام.. ئیتر گۆرانییەکەیان بەم شێوەیە بوو:

ئەلفێکی ئەن

وەلا ئەئەن

ئەئلەمو

ئەیو

ئونە

....... هتد.

هەندێك شیعری ئەم ڕۆژگارەمان وەکو بەزمەی فەقێیانی کۆن دێتە پێش چاو...!

برادەران ئەوەندە ماوە بڵێین، مەرج نییە هەموو کەسێك نووسەرو شاعیر بێت، نووسەرێکی جیهانی دەڵێت: (خوێنەرێکی باش بە، لەوە چاکترە گەر نووسەرێکی خراپ بیت..).

نووسەری ناسراو (سۆمەرست مۆم)یش دەڵێت:

(دە هەزار کیلۆمیتر ببڕەو.. دە هەزار کتێب بخوێنەوە ئەوسا بنووسە..).

فیدریکۆ گارسیا لۆرکاو دنیای شیعرو جوانی

فیدریکۆ گارسیا لۆرکا لە ساڵی (١٨٩٨)دا لە شاری (فۆنتـە کـیرۆس) سـەر بـە ناوچـەی (گراناد) کە عەرەبەکان پێی دەڵێن (غەرناتە) هاتۆتە دنیاوە، لـە سـەرەتایی ژیانیـدا بـە مەبەسـتی خوێنـدن رووده‌کاتــە شــاری (مەدریــد)، پــاش ئــەوەش بــەرەو وڵاتــە یەکگرتەوەکانی ئەمەریکاو ئەرجـەنتین دەڕوات بـۆ ئـەوەی لـە زانکۆکـانی ئـەو وڵاتانـەدا خوێندن تەواو بکات.

لە ساڵی ١٩٢١ دا دیـوانێکی شـیعری بـە ناونیـشانی (هەڵبەسـتەکان) بڵاوکردۆتـەوە، لـە ساڵی(١٩٢٢)دا دیوانی (گۆرانیەکان) بڵاودەکاتـەوە، کاریگـەرێتیی شـاعیر(خـوان رامـۆن خمینس) بەڕوونی بەسەر ئەم دیوانەی لۆرکاوە دیارە.

لــە ســاڵی (١٩٢٨)دا دیــوانی (گــۆرانیی قەرەجــەکان) بڵاودەکاتــەوە، لــە کــەلێنی هەڵبەستەکانی ئەم دیوانەدا مۆرکی کەسایەتیو تایبەتمەندێتی شـاعیر بـەڕوونو ئاشـکرا دەردەکەوێت، شاعیر توانیی سەرنجی خەڵکی وڵاتەکەی بەرەو لای خۆی رابکێشێتو لـە نێو جەماوەردا جێ پێی خۆی بکاتەوە، بەردەوام بابـەتی ئـەدەبیی دانـسقەی دەهێنایـە بەرهــەم، گرنگیــەکی زۆری دەدا بــە ژیــانو گــوزەرانی قەرەجــەکان، دیــوانی( گــۆرانی قەرەجەکانی) بۆ ژیانو هەڵسو کەوتی ئەوان تەرخانکرد، خاوەنی کۆمەڵێك شانۆ نامەی سەرکەوتوە، کە زۆربەیان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانە زیندوەکانی دنیاو بێ وچان لەسەر تەختەی شانۆکاندا نمـایش دەکـرێن، شـانۆ نامـەکانی بـەوە ناسـراون کـە واقـیعینو بـە زمانێکی شاعیرانەی پاراوو باڵا داڕێژراون، شـانۆ نامـە سـەرکەوتووەکانی بـەم ناوانـەن ( بـووکی خوێنـاوی)و ( مـاڵی برنـارد ئـەلبا)و (یرمـا)و ........هتـد، کـە وەرگێردراونەتـە سەرزمانی کوردی.

کاتێك شەڕی شومو بە دیۆمی ناوخۆی ئیـسپانیا بـەرپابوو، لۆرکـای شـاعیر یـەکێك بـوو لەوانــەی کەبــە ناهــەق خــوێنی رژاو کــوژرا، لــە ســاڵی (١٩٣٦)دا لەلایــەن پاشــایەتی خوازەکانی سەر بە (فرانکۆ)ی دیکتاتۆر گولله باران کراو کۆتایی بـە ژیـانی پـڕ لـە جـمو جۆڵی هات، تەنانەت هەرگیز نەتەرمەکەی دۆزرایەوە نە گۆرو گڵکۆیشی لە پاش بـە جـێ

ما، بەڵام یادی شاعیری هەرەمەزنی ئیسپانیا لە نێو دڵی ئەدەب دۆستانی هەموو دنیادایە...

لۆرکای شاعیری هەست ناسك لە هەڵبەستێکدا بە گیانێکی شاعیرانەی بەرزەوە، باس و خواسی قەرەجەکان ئاوێتەی هەڵبەستەکەی دەکات و لە هەمان کاتدا گفتوگۆو دەم و دووی نێوان مانگە شەوو منداڵێکمان دەخاتە پێش، کە لە ئاکامدا منداڵەکەی دەمرێت و بەپێی روانینی شاعیریەتی شاعیر گوایە مانگەشەوەکە تەرمی منداڵەکە لە تەك خۆیدا بەرەو قوڵایی ئاسمان بە کێش دەکات...!

ئەوەتا شاعیر لە هەڵبەستەکەیدا دەڵێت:

بە پۆشاکی پڕ لە بۆنوبەرامەوە

مانگەکە خۆی خزاندە نێو دوکانی ئاسنگەرەکەوە

منداڵەکە هەڵی ڕووانیو لێی وورد بوەوە

لە نێوەندێکی پڕ لە شپرزەییو شڵەژاویدا

مانگەکە هەردوو دەستی خۆی ڕاوەشاند

بە دیو دەریو ڕوونیەوە سینە توندو تۆڵەکەی خستەڕوو

ئەی مانگ ..... ئەی مانگ.....

زوو بەزووی هەڵێ و خۆت دەرباز بکە

گەر بێتو قەرەجەکان بە سەردا بێن

بێگومان خشڵو ئەنگوستیلە

لە دڵە ناسکەکەت دروست دەکەن

لێم گەڕێ ئەی منالی ژێر باتێر هەڵپەڕم

هەر کە قەرەجەکان گەیشتن

ئەوسا بەسەر سینداندی ئاسنگەرەکەوە

دەتبینن کە چاوانت وێك ناوە

ئەی مانگ .... ئەی مانگ ....من گوێم لە زرمەی پێی بەرزە وڵاخەکانیانە

ئەی منالّی ژیکەڵە لێم گەڕێ
پی مەنێ بەسەر تریفە سپیەکەمەوە
سوارەکان تا دەهات زیاتر نزیك دەبوونەوە
پێدەشتیەکەیان بە سواری بەرزەولاخ دەکوتایەوە
مناڵەکەش لە نێو دوکانەکەدا
بەبێ جووڵە ڕاکشابوو
چاوە نەرمەکانی وێك نابوو
لە نێو دار زەیتونەکانەوە قەرەجەکان دەرکەوتن
وەکو برۆنز خەونیان لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرتبوو
بەسەرو ملی قیتو چاوی خەواڵووەوە
ڕێگایان دەبڕی
ئای کە چۆن کونەبووەکان
بەسەر دارەکەوە دەقیڕێنن.؟
مانگەکە منالێکی بەدەستەوە گرتبوو
بەرەو قوولایی ئاسمان پەلکێشی دەکرد
قەرەجەکانیش لە نێو دوکانەکەدا
بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە
هەر هاتو هاواریان بوو ...

# لێکدانەوەی چەند وشەیەکی کوردی

یانە: بەرامبەر بە وشەی (نادی)ی عەرەبی، ئێمەی کورد وشەی (یانە) بەکاردەهێنین، ئەمەیش وشەیەکی ڕەسەنی کوردییەوە و تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان لە کەرکووك و ناوچەی گەرمیاندا بەکاریدەهێنین. بۆ نموونە دەڵێین (لەمیانە) و (لەویانە)، یانی بە واتای (لێرە) و (لەوێ) بە زۆری وشەی (یانە) بە مانای ماڵ، یاخود خانوو، یاخود شوێن دێت، بۆ نموونە لە گەرمیاندا دەوترێت (لەمیانەوە چووم بۆ ئەویانە)، یانی (لێرەوە چووم بۆ ئەوێ). ئەوەتا (مەولەوی)ی شاعیر دەڵێت:

یانەی دڵ وەفەیز ڕای مەولاناوا

تەواو تەڕلان لان (مەولان ئاوا).

ئەمەیش بەو مانایەی ئەی ئەو کەسەی کە دەڵی خۆت بە فەیز و بەرەکەتی خوا سواق داوە. بۆ نەهێشتنی خەیاڵاتی نەفس وەك بازی چالاك وایتە بۆ ڕاوی چۆلەکە، هێلانەکەیشت گوندی (مەولانا)یە (١)

هەروەها مەولەوی دەڵێت:

دەك هەی دەوڵەمەند یانەت هەر ئاوا

بێ باکیم عیللەت دڵ سەردی نییەن

یانەی ئەی کەسێکی دەوڵەمەند ماڵت ئاوابێتن و نامە نەنووسینم بۆت مانای دڵساردین نییە(٢)

هەروەها تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان لە کەرکووك و ناوچەی گەرمیان هەردوو وشەی (لەمێ) و (لەوێ) بەکاردێت، بە مانای لێرە و لەوێ. وەها دیارە لە سەردەمی دەسەڵاتی بابانەکاندا لە ناوچەی سلێمانیش وشەی (لەمێ) بەکار هاتووە.

ئەوەتا (نالی)ی هاودەمی ئەحمەد پاشای بابان لە شیعرێکیدا وشەی (لەمێ)ی بەکار هێناوە و دەڵێت:

به کوێری دوور له (نووری) مایەوه (نالی) لەمێ یا ڕەب

فویوزی تۆزی ڕێگەی کوحلی چاوی ئەشکباری بێ

شاعیری گەورەی کورد (مەحوی)یش که نزیکەی سی ساڵ دوای نالی له دایك بووه و لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆچی کردووه، ئەویش وشەکەی بەکارهێناوه و لە شیعرێکیدا دەڵێ:

وەکو ڕۆژ ئەو مەهه لەو دووره دەرکەوت

له مێوه ئەشك و ئاهی ئێمه سەرکەوت (٣)

وانا:

بەرامبەر بە وشەی (درس)ی عەرەبی، ئێمەی کورد وشەی (وانە) بەکاردەهێنین. ئەمەیش هەر وشەیەکی ڕەسەنی کۆنی کوردییه و به مانای خوێندن دێت.

ئەوەتا شاعیر ڕەنجووری کەرکووکی (١٧٥٠- ١٨١٠) لە شێعرێکیدا ئەم وشەیەی بەکارهێناوه و دەڵێت:

(وانا) پەی زانا، زانا پەی کەردەن

کەردە گیر و کەڵ دومای مەردەن (٤)

مەلا فەتۆشی کاکەیی (١٨٦٣- ١٩١٩) ستایشی خوێندن و نووسین دەکات و بە بەرزترین و پیرۆزترین شتی دادەنێت، داوا له یاران و دۆستانی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی بڕۆنه لای تاوەکو فێری خوێندەوارییان بکات و لە پارچە شیعرێکیدا وشەی (وانا) بە مانای خوێندن بەکاردەهێنێت و دەڵێت:

هەرکەس نەزانەن (وانا) شیفاشەن

هەم (وانا) نەقاش شیرین نەقاشەن

(وانا) هەم بەهلەوان هەم شێری نەڕەن

(وانا) گەوهەرەن مەرجان و زەڕەن (٥)

(مەولـەوی)یـش لـە شـیعرێکیدا وشـەی (وانـا)ی بـە شـێوازی گـۆران بـە مانـای خوێنـدن بەکارهێناوە و دەڵێت:

ئومەنای دەوڵەت جەگردین لاوە

نەئینیزارەن چەم نەڕووی ڕاوە

تەواناى (وانا)ی فەرمان نەمەندەن

چەپەر بیٚ جواو، خەبەر پابەندەن

یانی پیاو ماقووڵان چاویان لە ڕێیە و بە تەمان نامەی منیان پێبگـات، بـەڵام مـن توانـای خوێندنەوەی نامەی ئەوانم نەماوە، تا وەڵامیان بدەمەوە. لەبەر ئەوە مەئمووری پۆسـتە دۆش داماوە و هیچی بۆ ناکرێت (٦)

* خاڵ.. خاڵۆ: لێرەدا نامانەوێت باسی ئـەو جـۆرە خاڵـە بکـەین، کـە هەنـدێك کەسـان لەسەر پێستیان دەیکوتن و دەینەخشێنن، بـەڵکو لـە هەنـدێك ناوچـەی کوردسـتاندا بـە برای دایك دەوترێـت (خـاڵ) و لـە هەنـدێك شـوێنی دیـشدا پێـی دەوترێـت (خـاڵۆ). گـەر بەوردی بچینە بنج و بنەوانەی ئەم وشـەیەوە، بۆمـان دەردەکـەوێت کـە وشـەی (خـاڵۆ) کۆنە و بەکارهێنانی وشەی (خاڵ)یش تـازە داکـەوتووە.. ئـەوەتا لـە پەنـدێکی کوردیـدا هاتووە و دەڵێت: (خاڵۆی دەستەوەسـتان چ لـە گـەرمیان و چ لـە کوێـستان)، هـەروەها ناوچەی (خاڵۆ بازیانی)یشمان هەیـە.. کـوردیش هـەردەم وتوویـەتی: (خـاڵۆزا) و (مـاڵی خـاڵوان).. مێژووییـەکی سـووری وردیلـەیش لـەنێو گـژوگیادا بـەناوی (خـاڵۆزا)وە هەیـە، گۆرانییەکی کاوێز ئاغایش هەیە دەڵێت: (دە خاڵۆ دە خاڵۆ)، کـە لـەلای ناسـری ڕەزازی گۆرانیبێژ بووە بە (دەلالۆ دەلالۆ) کە هەر هەمان مانا دەبەخـشێت.. یـاخود شـاعیرێکی ناسراومان هەیە بەناوی (خاڵۆی کۆماسـی)یـەوە. گۆرانییـەکی فۆلکلۆریـشمان هەیـە کـە دەڵێت: (هۆ خاڵۆی ڕێبـوار). شـیعرەکەی مەولـەویش زۆر ناسـراوە کـە دەڵێـت: (خـاڵۆ خاڵۆتەن، کەم واچە خاڵۆ خاڵۆ دەم وەبـان خاڵانـت مـاڵۆ شـەرت بـۆ مـن جـە داخ خـاڵۆ خاڵۆی تۆ وێم کەروو وە کوڕ چواردە سـاڵی نـۆ)(٧) هـەروەها مەولـەوی دەڵێـت: مـلان،

سەر بەرزان، كۆساران، هەردان بێ شەرتان، جەرداخ وەفاتـان مـەردان چێشەن ئـارايش سەرتاوە دامان مەر خالۆم وەعـەزم سـەيرتان ئامـان (٨) *كۆمـار.. سـەرۆك كۆمـار: لـە زمـانی هاوچـەرخی كوردیـدا وشـەی (كۆمـار) بەرامبـەر بـە (جمهوريـەت)ی عـەرەبی بەكاردێت. هەروەها هندییەكانیش ئـەم وشـەیە بـەكاردەهێنن و كۆمـار ناويـشيان زۆرە. بنـەڕەتی ئـەم وشـەیە زۆر كۆنـە. عیلامییـەكان كـە لـە ناوچـەی لۆرسـتانی ئێـستادا فەرمانڕەواییان كردووە، گەورە خواوەندی خۆیان ناوی (كومار بی) بووە، كـە بـەمانای باوكی خودايان دێت (٩) مەولەوی لە لاواندنەوەی قادر بـەگی كەیخەسرەو بـەگی جافـدا كە بە گوللەی وێڵ كوژراوە، وشەی (سەركۆمار)ی بـەمانای (سـەرۆك هـۆز) بـەكارهێناوە دەڵێ: سیامال ماتەم، سەركۆمار دڵتەنگ تەلەبە پەشێو، مەدرەسە بێ دەنگ هـیچ دیـار نییەن كەست جـەوير بـۆ مـشێو گـەرمیان خـاكیش دڵگـیر بـو (١٠) بـەمانای ئـەوەی كـە بەهۆی مەرگی تۆوە ناو دەوارەكان پرسە و تەعزیەن و سـەرۆك هۆزەكـان خەفـەتبارن و فـەقێكان پەشـێون و حوجرەكانیـان دەنگـی خوێنـدنیان لێـوە نایـەت. *تـۆپزاوە.. خالدییەكان: لە خوارووی شاری كەركوكدا گوندی تۆپزاوە هەیە. هەروەها لە پارێزگـای هەولێر و سلێمانی و چەند ناوچەیەكی تری كوردستاندا تۆپزاوا هەن. هەندێك وەهـای بـۆ دەچن گوایە ئەم نـاوە لـە دوو وشـەی لێكـدراوی (تـۆپز) و (ئـاوا) پێكهـاتووە، بـەنامای ئـەوەی گوایـە كـاتی خـۆی بـە تـۆپزی و زۆرەملـێ ئـەو گوندانـە دامـەزراون.. مێـژووی تۆپزاوەی پارێزگای هەولێر دەگەڕێتـەوە بـۆ هـەزار سـاڵ بـەر لـەدایك بـوونی سـەروەری مەسیح و بۆ سەردەمی خالیدییەكان لە وڵاتی ئۆرارتۆ و ئەوسایش ناوی (تـۆپزە) بـووە. نـاوی تۆپزاوەكـانی كوردسـتانیش هـەر لـەو بنەمایـەوە هـاتووە. (مینـەواس)ی پاشـای خالیدییەكان لە سەدەی نـۆ و سـەرەتای سـەدەی هەشـتەمی پـێش زاینیـدا ناوچـەكانی ڕۆژئـاوای گـۆمی ورمـێ تـاكو ڕۆژهـەڵاتی داگیركـردووە. گـەورە خواوەنـدیان بـەناوی (هالـدی)یـەوە لـە موساسـیر بـووە، كـە ئـەمڕۆ بۆتـە (موجیـسیر)ەو دەكەوێتـە هـەژدە كیلۆمەتر لە سەرووی شاری ڕەواندزەوە لە كوردسـتانی عێراقـدا و لـە ڕۆژئـاوای گونـدی تـۆپزاوە، كـە لـە كـاتی خالیدییەكانـدا بـە (تـۆپزە) بـەنێوبانگ بـووە. (١١) ئێـستا لـە

کوردستاندا عەشرتێك بەناوی خالیدییەکانەوە هەیە و بنج و بنەوانـەیان دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوڵـەتی خالیـدی کـە لـە وڵاتـی ئۆرارتـۆ یـاخود ئـاراراتی کوردسـتاندا فـەرمانڕەواییان کـردووە. هەنـدێك لـە خالیدییـەکان لـە ڕۆژی ئـەمڕۆدا ڕەچـەڵەکی خۆیـان بـە هەڵـە دەگەڕێننەوە بۆ سەرکردەی موسوڵمانەکان خالیدی کـوڕی وەلیـد. لـە کاتێکـدا خالیـدی کوڕی وەلید بە تەنیا یەك کوڕی هەبووە بەناوی (سلەیمان)ەوە کـە ئـەویش وجـاخ کـوێر بووە و منالی نەبووە..! چـەندین شـیعری فۆلکلـۆری بەسـەر گونـدی تـۆپزاوەی شـاری کەرکووکدا وتراوە، وەکو ئەوەی دەڵێت: ڕۆخانە هاتووە وەبەرزی دیوار تـۆپزاوە خـۆش بێ جێگەی کلاولار خۆمن نەمزانی تۆپزاوە شارە قایم نشین جێی مشکی لارە کوت کـوتم بکەن بمدەن بە ئاوە تۆپزاوە خۆشە خۆم دێم بە دواوە تـۆپزاوە خۆشـە خـاکی دلگـیرە هەرکە لێی دەرچێ حەوت ساڵ یەخسیرە(١٢) * گورد: لە زمانی فارسیدا وشەی (گورد) بەمانای ئازا و پاڵەوان دێت. ئەوەتا فایـەق بێکـەس میللـەتی کـورد بـە گـورد و پاڵـەوان وەسف دەکات و دەڵێت: ئەم کوردە گوردە ئێستا کە بێ کەس و هەژارە ملی بۆ شـیری دوژمن خوار و کەچ و لارە(١٣) هەروەها (ئەسیری)ی شاعیریش هەمان وشـەی (گـورد)ی بۆ وەسفی کورد بەکارهێناوە و دەڵێت: پیرۆز بێ جەژنی تۆ ئەی کوردی گوردی بـەوەفا سەد جەژنی وا بدینی بەدڵخۆشی و سەفا (١٤) * کورد.. کوردستان: لـە مێـژووی کۆنـدا هەردەم میللەتێك بەناوی (کاردا.. کیردی.. کیرتی.. کـاردۆ.. کـاردۆخی.. کـاردۆئین و.. هتد) هەبووە، بەڵام بۆ یەکەم جار ناوی (کورد) لـە سـەردەمی ساسـانییەکاندا هـاتووە. ئەردەشێری بابەکان دانەر و دامەزرێنەری بنەماڵەی ساسانی لە ساڵی لە ساڵی (٢٢٦) ی زاینیدا، کە باسی دوژمنەکانی دەکـا، دێتـە سـەر (مـادیگ) ناوێـك کـە پاشـای (کـوردان) بووە. (١٥) وشەی (کوردستان) بۆ سەردەمی سەلجووقییەکان دەگەڕێتـەوە. بـۆ یەکـەم جار گەڕیدەی بەناوبانگی ئیتالی (مارکۆ پۆلۆ) کە لە ساڵی (١٣٢٣) ز مردووە، سـەردانی کوردستانی کردووە و ناوی کوردستانی بەکارهێناوە. باس و تاریفی ویلایەتی کوردستان و شازدە ناوچەکەی لە کتێبی (نزهە القلوب)ی حەمەدوڵڵای مستەوفی قەزوینیدا هەیە، کە

نزیکـەی سـالّی (١٣٤٠)ی زایـنی تـەواوکراوە. هـەر ئـەم کتێبـەی قـەزوێنیش بـە سەرچاوەیەکی تۆماری مێژووی ناوهێنانی (کوردستان) لە قەڵەم دراوە (١٦)

پەراوێزەکان:

١- دیوانی مەولـەوی، کۆکردنـەوە و لێکۆڵینـەوە و لەسـەر نووسـینی مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس. چاپخانەی (النجاح). بەغدا (١٩٦١) لاپەڕە (٩٤).

٢- دیوانی مەولەوی- سەرچاوەی پێشوو.. لاپەڕە (١٢٣).

٣- بڕوانە گۆڤاری (ڕامان) هـەولێر/ ژمـارە (٩٦) سـالّی (٢٠٠٥). زمـانی پاشـا و زمـاتنی ڕەعیـەت. بـە پێنووسی: فەرهاد شاکەلی- لاپەڕە (١٢٣).

٤- فەرهەنگی (ماچۆی) کاکەیی, هاشم عاسی کاکەیی، کەرکووك، (٢٠٠٦) لە بڵاوکردنـەوەی کۆمەڵـەی ڕووناکبیری و کۆمەلآیەتیی کەرکووك- لاپەڕە (١٦٧).

٥- گۆڤاری (گەرمیان). دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی، بەغـدا – سـالّی (٢٠٠٨) ژمـارە (٢١)، مەلا فەتۆشی کاکەیی، نووسینی هەردەوێڵ کاکەیی – لاپەڕە (٣٠).

٦- دیوانی مەولەوی... لاپەڕە (١٤٢).

٧- دیوانی مەولەوی. کۆکردنـەوە و لێکۆڵینـەوەی: مـەلا عەبدولکـەریمی مـودەڕیس. بەغـدا (١٩٦١) ل ٢٢٢. ٨- دیـوانی مەولـەوی. ل ١٦١ ٩- بێهـزاد خۆشـحالّی. فیلۆلۆژیـای زمـانی کـوردی و مێـژووی کوردستان. و: مستەفا غەفوور. دەزگای موکریـان. ل ٨٣. ١٠- دیـوانی مەولـەوی ل٣٩٤. ١١- دکتـۆر جەمالّ ڕەشید. لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری. دەزگای ڕۆشنبیریی و بڵاوکردنەوەی کوردی. بەغدا ١٩٨٨. ل ٢٦. ١٢- هەردەوێڵ کاکەیی. ئاوایی تۆپزاوە لە تەمـەنی سـەد سـالّیدا. دەزگـای ئـاراس. هـەولێر (٢٠٠٧) ل (١٢-١٣). ١٣- دیـوانی فایـەق بێکـەس. ئامـادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم. چاپخانەی الادیب. بەغدا (١٩٨٠) ل (٦٥). ١٤- دیوانی ئەسیری. ئامـادەکردن و پێشکەشکردنی د. کوردستان موکریانی. پێداچوونەوە و بـەراوردی ئەحمـەد تاقانـە. دەزگـای ئـاراس. هـەولێر (٢٠٠٦) ل (٤٠). ١٥- ئارشـاك ساڤرسـتیان. کـورد و کوردسـتان. وەرگێڕانـی: ئـەمین شـوان. دەزگای ئاراس. هەولێر (٢٠٠٥) ل (٢٠). ١٦- چەند وتارێکی کوردناسی. لە ڕووسییەوە: ئـەنوەر قـادر محەمەد. بنکەی ژین. سلێمانی (٢٠٠٨) ل (٢٧٢).

# دوو شاکاری شانۆیی

١- شانۆگەریی خواری خوارەوەی (مەکسیم گۆرکی)

لە هەژدەی مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٠٢) دا شانۆی هونەریی مۆسکۆ بۆ یەکەم جار شانۆگەریی (خواری خوارەوە - القعر)ی نووسەری ڕووسی (مەکسیم گۆرکی)ی پێشکەش بە جەماوەر کرد، کە لە دەرهێنانی (نیمیرۆ ڤیچ دانچنکۆ)بوو. ئەو بەرهەمەیش گەورەترین سەرکەوتن بوو، هەم بۆ تیپەکە و هەم بۆ نووسەرەکەیش. بۆ ڕۆژی دوایی ڕۆژنامەی (وشەی ڕووسی) نووسی بووی: پاش پەردەی دووەم یەکسەر جەماوەر داوای دەرچوونی دانەریان لەسەر تەختەی شانۆ کرد. هەرکە گۆرکیی نووسەر کە پاش ماوەیەك دەرکەوت دەنگی بینەران و هاڕەی چەپڵەڕێزان بەرزبووەوە.. پاش تەواو بوونی هەر پەردەیەکی شانۆگەریەکە گۆرکی دەهاتە سەر تەختەی شانۆ و بینەرانیش بە چەپڵەلێدان پێشوازیان لێدەکرد.

تێکرای ڕۆژنامە و گۆڤارەکان مەدح و سەنای شانۆگەریەکەیان کرد و بە شان و باڵیدا هەڵیاندا. (چیخەڤ)ی نووسەر بە ڕادەیەکی زۆر شانۆگەریەکەی چووبوو بە دڵدا، لە نامەیەکیدا بۆ گۆرکی نووسی بووی. (شانۆگەرییەکە بێگومان زۆر چاك و تازە بابەتە. بەشی دووەمی زۆر باشە و بەڵکو لە هەموو بەشەکانی تری چاکتر و بەهێزترە. لە کاتی خوێندنەوەی شانۆنامەکەدا بەتایبەتی بە خوێندنەوەی کۆتاییەکەی، خەریك بوو لە خۆشیاندا لە جێی خۆمدا هەڵبەزمەوە..). لە ساڵی (١٩٠٢) دا شانۆنامەکە لەژێر ناونیشانی (لە خوارەوەی ژیاندا) بڵاوبووەوە. ناونیشانی شانۆنامەکە (لیۆنید ئەندریڤ)ی نووسەر پێشنیازی کردبوو.

لە وڵاتی ڕووسیادا بۆ یەکەم جار لە ساڵی (١٩٠٣) دا بڵاوبووەوە. خاوەنی کتێبخانەیەك لە نامەیەکیدا بۆ گۆرکی نووسی بووی: (لەو ڕۆژەیدا کە دەستمان کرد بە فرۆشتنی

کتێبەکـە، تـاوەکو کاتـژمێری نـۆی شـەو نـەمانتوانی دەربـچینە دەرەوە.. کڕیـارانی شانۆنامەکە بە لێشاو دەهاتن و دەیانکڕی.. بۆ مـاوەی چـەند ڕۆژێـك کـار بـەو شـێوەیە چوو بەڕێوە..).

لە مـاوەی سـاڵێکدا بـۆ چـواردە جـار دەقـی شـانۆنامەکە لـە وڵاتـی ڕووسـیادا لـە چـاپ درایەوە. ناوەڕۆکی شانۆگەرییەکە لە بارەی گەلەخانیکەوەیە کە چەند کەسانێکی لارەو خوواری هەژاری لێقەوماوی بێ دەرەتانی تێدا دەژین.

ئـەم شـانۆنامەیە لـەژێر ناونیـشانی (القعـر) وەگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی. هونەرمەندانی شاری هەولێریش لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابـردوودا بـە شـێوەیەکی سەرکەوتووانە لەژێر ناونیشانی (چڵپاو)دا بۆ تەلەفزیۆن ئامادەیان کرد.

٢- شانۆنامەی (ڕەزی گێلاس)

شانۆنامەی (ڕەزی گـێلاس – بـستان الکـرز) لـە نووسـینی نووسـەری ڕووسـی (ئـەنتوان چیخۆڤ) (١٨٦٠-١٩٠٤) ئەم بەرهەمە بۆ یەکەم جار لـە سـاڵی (١٩٠٤)دا لەسـەر شـانۆی هونەری لە مۆسکۆدا پێشکەش کرا.

ڕەزی گـێلاس یەکێکـە لـە دەقـە شـانۆییە سـەرکەوتووەکانی نووسـەر. لـەنێو ئـەم شانۆگەرییەدا بە زۆری چاومان بە کردار و هەڵسوکەوت ناکەوێت، بەڵکو کەسـایەتییەکان دەدوێن و لەبارەی خۆیان و ژیانەوە بە گشتی دەدوێن، بینەریش هەست بە ئێش و ئازار و هەڵچوونە دەروونییەکانیان دەکات. پاش ئەوەی مێردەکەی مەدام زانیفسکایا دەمرێت و کوڕە بچووکەکەیشی دەخنکێت، خەم و خەفەتێکی زۆر دایدەگرێت و ناچار دەبێت کە وڵات بەجێبهێڵێت و ڕوو بکاتە شاری پاریس، تاوەکو خەم و پەژارەکانی بڕەوێنێتـەوە و لە بیریان بکات.. پێنج ساڵ بەدواوە دەگەڕێتەوە بۆ وڵات و داوا لە خاتوو (تانیا)ی کچی دەکات، کە تەمەنی حەڤدە ساڵە بۆ ئەوەی بێت بۆلای.

هەرکە مـەدام دەگاتـەوە وڵات تەماشـا دەکـات زەوی و زارەکـەی کـە ڕەزێکـی گێلاسـی تێـدابوو بـۆ فرۆشـتن خراوەتـە مـەزادەوە ئـەویش بـۆ ئـەوەی بفرۆشـرێت و قـەرزەکانی پێبدرێتەوە.(لۆباخین) کە کۆنە ئاشنایانە پێشنیاز دەکات، کە دارەکانی نێو دارستانەکە

هەموو ببڕنـەوە و لێرەو لـەوێ کـەپری بـچووك دابمـەزرێنن و لـە وەرزی هاوینـدا بـدرێن بـەکرێ. بـەپێی ئـەو پێـشنیازەیش گوایـە لـە ئەنجامـدا قـەرزەکان دەدرێنـەوە.. مـەدام ناڕەزایی خۆی دەردەبڕێت دەرهەق بەم پێشنیازە، چونکی نایەوێت دەسـتبەرداری ئـەو ڕەزە ببێت، کە بەشێکی گرنگە لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی منالّی خـۆی.. (گـاییف)ی برای مەدام لە ئاستی خۆیەوە وەها پێشنیاز دەکـات، کـە خـاتوو (ئانیـا)ی خوشـکەزای شوو بە کابرایەکی دەوڵەمەند بکات و لە ئاکامیشدا بتوانن کێشەکە چارەسەر بکـەن. بـۆ شەوی داهاتوو ئەندامانی بنەماڵەکە لە خانووە کۆنەکەی خۆیاندا کۆدەبنـەوە و ئاهـەنگ دەگێـڕن. لـەو کاتەیـدا کـە سـەرقاڵی ئاهەنگەکـە دەبـن (لوبـاخین) ئامـادە دەبێـت و ڕایاندەگەیەنێت، کە بە پارەیەکی زۆر ڕەزەکەی کڕیـوە و نیازیـشی وەهایـە کـە تێکـڕای دارەکان لەبنا ببڕێتەوە. ئەوسا مەدام زانیفسکایا خۆی پێ ڕاناگیرێـت و دەداتـە پرمـەی گریان و هیچ ڕێگایەکیـشی لـە بەردەمـدا نامێنێـت جگـە لـە گەڕانـەوە نـەبێت بـۆ شـاری پـاریس.. ئـیتر بـەو شـێوەیە ئـەو بنەماڵەیـە تەرتـە و وەرتـە و پـەرەوازە دەبـن و داری گێلاسەکانیش لەنێو دەچن.. مەبەستی سـەرەکیی چـیخۆف لـەم بەرهەمـەدا ئـەوە نییـە بەتەنیا ڕەخنە لە سیاسەتی گشتی بگرێت و بلێـت کـە گلۆڵـەی ژیـانی میللـەت کەوتۆتـە لێژی، بەڵکو مەبەستیـشیەتی ڕایبگەیـەنێت کـە دار و درەخـتی وڵاتـیش بـەرەو نـەمان و لەنێوچوون دەچن.

وێنەی شیعری و شیعری کۆنکریتی

لـەژمارە (٧٠)ی گۆڤـاری نەوشـەفەقدا بـرای بـەڕێز کـاك سـابیر ڕەشـید بابـەتێکی بەناونیشانی (چیرۆك و شیعری وێنەیی لەئەدەبی نوێی کوردیدا) بڵاوکردۆتـەوە کەتیایـدا دەڵێت: (بەداخەوە هەندێك کەس جیاوازی لە نێـوان شـیعری وێنـەیی و وێنـەی شـیعریدا ناکەن و لێکتری جیا ناکەنەوە، کەئەوەی دووەمیان هەر شیعرە بـەڵام شـاعیرەکە لـەنێو شیعرێکیدا چەندین وێنەی جوان دروست دەکـات و تێکـەڵ دەقـی شـیعرەکەی دەکـات. واتە وێنە شیعر لەنێو هـزری خوێنـەر دروسـت دەبێـت، کەچـی شـیعری وێنـەیی لەسـەر

کاغـەز بەوێنــە دەردەبڕێـت ). نووســەر بـۆ ئـەم مەبەسـتە چـەندین نموونـەی چـەند شاعیرێکیشی هێناوەتەوەو لەبارەیانـەوە دوواوە. ئـەم بابەتـەی نووسـەر پـاڵی پێوەنـام کـەمنیش لەئاسـتی خۆمــەوە درێــژە بـەم بابەتــە بـدەم و چـەند خاڵێـك لەبارەیــەوە دەستنیشان بکەم. کاتی خۆیـشی لەڕێکـەوتی حـەوتی مـانگی ئـازاری سـاڵی (١٩٩٢) دا بابەتێکم بەناوی (شیعری ڕەنگـدار و شـیعری کـۆنکریتی) یـەوە لـە ڕۆژنامـەی هاوکاریـدا لەشاری بەغدا بڵاوکردۆتـەوە. لەسـەرەتادا وەهـا پێویـست دەکـات کەهەنـدێك لـەبارەی وێنەی شیعریەوە بدوێین، ئەویش لەبەرئەوەی کـە ئـەم ڕەگـەزە بەڕادەیـەکی زۆر شـیعر بـەرەو دەوڵەمەنـدی دەبـات و وەهـا دەکـات کەبەئاسـانی و سـانایییەوە خـۆی لـەدڵ و دەروونی خوێنەردا جێگیربکات، داخی گرانم لەم ڕۆژگارەمانـدا وێنـەی شـیعریی کاریگـەر لەشیعری کوردیی هاوچەرخدا بەڕادەیەکی زۆر پاشەکشەی کـردووە. هەنـدێك جـار گـەر هەڵبەستێکی هاوچەرخی کوردی لەسەرەوەو بۆ خوارەوە بخوێنیتەوە یاخود لە کۆتـایی و لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەست پێبکەیت و هەڵبەستەکە بخوێنیتەوە، ئەوا هیچ شـتێك لەمەسەلەکە ناگۆڕێت و هەروەکو یەك وەهایە. ! ؟ هەندێك جاری تریش جۆرە شـیعرێك بڵاودەکرێنـەوە کەلەمەتـەڵ و حیکایـەتی کـورت و کورتیلـە چـیرۆکەوە نـزیکن زیـاتر لـە شیعرو هەڵبەست. ! ؟ شاعیری جیهـانی ناسـراو (ئـەزرا پاوەنـد ) دەڵێـت : (بەدرێـژایی ژیانت یەك وێنە شیعری پێشکەش بکەیت، لەوەباشترە کەچەندین کتێب بهێنیتە بەرهەم (١))

لەسەردەمی گریکی کۆندا هەردوو فەیلەسووف (ئەفلاتون) و (ئەرستۆ) بایەخی تـەواویان بەڕەوانبێـژی و وێنــەی شـیعری دەداو لەبارەیانــەوە نووسـیویانە. پاشـتریش (هـۆراس) لەکتێبی (هونەری شیعر)دا باسی ئەم لایەنـە گرنگـەی کـردووە. لـەلای خۆمـانیش چـەند مامۆستایەك نووسینیان لەبارەی ڕەوانبێژی و وێنەی شیعریەوە هەیە وەکـو (عەلائـەدین سجادی ) و ( عەزیز گەردی ) و ( دکتۆر کامیل بەسیر ) و (عەبدولرەزاق بیمار). لەبواری ڕەوانبێژیدا هەردەم وێنەی شیعری دەچێتە خانەی خوازەوە (مجاز –metaphore).. (مـەجاز یـاخود خـوازە ڕەگەزێکـە و چـەندین بابـەت دەگرێتـە خـۆی. وەکـو خواسـتن

(اســتعاره) و زیــادەڕۆیی و نیــشان و درکــەو لێکــچواندن و ئاوەڵواتــاو نووانــدن و چەندینێکی تر کەلەپێناوی واتایەکی مەبەستداردا لەڕواڵەتی ڕاستەقینە لادەدەن) (٢)
لێکـچواندن لەهەڵبەسـتدا کاتێـك دێتـە ئـاراوە گـەر ئـامرازی (وەك. چـوون. دەڵێـی. بەچەشــنی. بەوێنــەی) مــان بــەکارهێنا. ئــەوەتا شــاعیرمان کامــەران مــوکری بەسەرکەوتووییەوە لێکچواندنی بۆ وەسف بەکارهێناوەو دەڵێت :

ڕوومەتی وەك گوڵی بێگەرد

قژی خاو، ئاوریشمێکی زەرد

چاوی کاڵە، ئەگەرچی نەرمە

بەڵام نیگای ئێجگار گەرمە

یاخود تاهیربەگی جاف تێکئاڵانی خۆی و یارەکـەی بەپەلکـە زێڕینـە تەشبیە دەکـات و دەڵێ :

هەروەکو قەوس و قەزەح بادەست لەگەردن دانیشین

تۆ بەسوخمەی ئاڵو سەوزو من بەرەنگی زەردەوە

لـەبواری ڕەوانبێـژی و خـوازەدا ڕەگـەزێکی گرنگـی تریـشمان هەیـە کـەپێی دەوترێـت (خواسـتن – اسـتعارە ) لـەڕێی خواسـتن و ئیـستعارەوە شـاعیر دەتوانێـت بـەهۆی پەیوەندییەکـەوە دوو جیـاوازو دوو دیـاردەی دوور، لەیـەکتریان نزیـك بکاتـەوە یـاخود جووتیان بکات. هەروەکو ئەوەی کەدەڵێن (پێـی کورسـیەکە)و(سـەری چـراکە ) و( ملـی شووشەکە) لێرەدا مەبەست لەم قسانەدا جووتکردنی ئـەو بـێ گیانانەیـە لەگـەڵ مـرۆڤ و گیانلەبەرانـدا. مەولـەوی لەهەڵبەسـتێکیدا گـوڵ دەشـوبهێنێت بـە خۆشەویـستەکەی و بەفراوی چیاکانیش بەخوڕەی چاوی خۆی دەشوبهێنێت و دەڵێ :

گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان

بەفراوان چوون سەیل دیدەی من جۆشان

هەرلەكۆنەوە هەردەم شاعیرانی كورد گرنگیان بەوێنەی شیعری داوە، بەلاّم هەردوو شاعیری كورد (مەولەوی ) و ( گۆران) سەرقافڵەن لەم ڕووەوە. ئەوەتا گۆران چەند تابلۆیەكی قەشەنگمان بەوشە بۆ دەكێشێت وەكو ئەوەی دەڵێت :

گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە

كەلەژێر سێبەری تووتڕكا خامۆشە

یاخود كەدەڵێ :

ئەستێرەی مەغریب وەك قەترەی ئەمەل

كزكز ئەتكێتە ناو بەفری سەركەل

لەبوواری ڕەوانبێژیدا ڕەگەزی ڕەمزو هیمایش هەیە كەزۆربەی خەڵكی پێی دەزانن. وەكو ئەوەی بەهار هێمایە بۆ سەوزی و جوانی و سەرەتای ژیان. یاخود پایزو خەزان ڕەمزو هێمایە بۆ گەلاّڕێزان و پیری و كۆتایی ژیان. هەروەها كۆتری سپی و چلّەزەیتوون ڕەمزو هێمان بۆ ئاشتی و ئاسایش لە ژیاندا. لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی لەنێوان سالاّنی (١٩١٦-١٩٢٢) دا بزوتنەوەی دادایزم لەولاّتانی ڕۆژئاوادا هاتەكایەوەو لەپاشاندا لەولاّتی فرەنسەدا بەسەختی خۆی نواند. ڕێبازی دادایزم وەك هاوارو قیژەیەك وەهابوو بەرووی شارستانیەتی وێران و ڕووخاوی پاش جەنگی یەكەمی جیهانی. لەسەردەستی دادایستەكاندا هاوكاری و هەرەوەزی و هەماهەنگیەكی تەواو لەنێوان وێنەو شیعرو هەڵبەستدا پەیدابوو. چەندین هونەرمەندی ناسراوی ئەوسەردەمە شیعریان هۆنیەوە وەكو : هانز ئارب و كاندینسكی و پێكاسۆو بیكابیاو مارسیل دوشان.. هەروەها چەندین شاعیر كەوتنە وێنە كێشان وەكو : مایاكۆڤسكی و پۆل ئێلوارو ئەندرێ بریتون و جان كۆكتۆو جاك برێڤێر.. هەروەها مۆسیقازانی نەمساوی (ئارنۆڵد شۆنبرگ ) وێنەی كێشاو چەندین پێشانگای كردەوە. یاخود مۆسیقازانی ناسراو (سترافنسگی) پۆرتریتێكی نایابی بۆ ڕوخساری پێكاسۆ كێشا(٣).

کاندینسکی لەهەمووان پەرۆشتربوو بۆ تووانەوەی هونەری شێوەکاری و مۆسیقاو شیعرو ئەدەبیات لەنێو کاسەیەکدا. پێشتریش لەسەدەی نۆزدەمدا ڕامبۆی شاعیری هیماخوازی جارِی بۆ ئاوێتە بوونی وشەو ڕەنگ و وێنەو بۆن دەداو لەشیعرێکیدا دەڵێت :

دەنگ و ڕەنگ و بۆ لەنێوان خۆیاندا دەسازێن(٤).

لەلای خۆمانیش گۆرانی شاعیر خوازیاری هەمان شت بووکە دەیووت :

ئەی لامیسە ئەگەرچی نەبوو : دەنگ و ڕەنگ و بۆ

وەك شێت بەعەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ

گەر ڕووی خۆمان بەرەو مێژووی ئەدەب وەرگێڕا دەبینین (داڤینشی) بەتەنیشتی وێنەکێشانەوە شیعریشی دەهۆنیەوە. هەروەها (ولیەم بلیك)ی شاعیر لەپێناوی کاریگەرێتی زیاتر، هەڵدەستا بەوێنەکێشانی بابەتی ڕوونکەرەوەیی بەتەنیشتی ئەو هەڵبەستانەی کەخۆی لەسەرکاغەز لەچاپیانی دەدا. بەتایبەتی لەدیوانی (گۆرانیە بێ زەواڵەکان (١٧٨٩)و(گۆرانیەکانی ئەزموونکاری ١٧٩٤)یاخود ڤیکتۆر هێگۆ ڕۆمان نووس و شاعیر و وێنەکێش بوو. شاعیرە دادائییەکان جۆرە شیعرێکی وێنەیی بەرجەستە کراویان داهێنا کەبەشیعری کۆنکریتی ناودەبرێت (concrete poetry) ئەو هەڵبەستانە بەشێوەی قەبارەی بەرجەستەکراوی بینراو وشەکانی ڕیز دەکران. بەپێی بۆچوونی شاعیرەکان وەهای دەگەیاند گوایە ئەو جۆرە شیعرە کۆنکریتیە بەرجەستە کراوانە بەربەست و سنوری نێوان میللەتانی جیهان دەبڕن و، هەموو کەس دەتوانێت بەمەزنە بیانخوێنێتەوە و تاڕادەیەك لێیان تێبگات. ئەمەیش گوایە دەبووە مایەی لێکنزیك بوونەوەی زیاتری میللەتان و گەلانی دەرچوو لەکارەساتە جەرگ بڕەکانی جەنگ. لەگەڵ نەمان و بەسەرچوونی ڕێبازی دادایزم و سەرهەڵدانی ڕێبازی سوریالیزمدا، شیعری کۆنکریتیی بەرجەستەکراویش کۆتایی پێهات. بەڵام لەکۆتایی ساڵانی پەنجاکان و سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا، بۆجارێکی تریش شیعرو هەڵبەستی کۆنکریتی گیانی کەوتەوەبەر و نەش و نمای کردو لەوڵاتانی ڕۆژئاوادا بڵاوبووەوە.(٥)

ئـەوەی شـایانی باسـە شـیعری بینـراوی بەرجەسـتەکراو لەسـەدەی سـێی پـێش زاینیـدا لەدوورگـەی رودس دەکەوێتـە بەرچـاو. هـەروەها خۆشنووسـە موسـوڵمانەکان بەخـەتی توغرایی ئایەتی قورئانیان لە شێوەی گوڵ و بولبول و بابەتی بینـراوی تـردا دەنووسـی. لەهەڵبەستی ( وێنە) دا ئەپولینێر ڕێچکەیەکی نوێی گرتەبەر و هەڵبەستەکانی بەشـێوەی وێنە دادەڕشت و، وشەکانی لەقەوارەی دوکەڵی جگەرەو ملپـێچ و سـەعات و ئـاوپرژێن و بارانـدا ڕیـز دەکـرد. ئەمـەیش لەهەڵبەسـتی شـاعیرانی یۆنـان لەئەسـکەندەریە دەچـوو، کەلەشێوەی پەرستگاو هێلکـەو بابـەتی تـر شـیعرەکانیان دادەڕشـت. هەنـدێك جـار ئـە پۆلینێر ئەم شێوازەی دەگرتەبـەرو لەسـەر نامـەی بەریـد بەئـەنجامیانی دەگەیانـد و لـە پێناوی گاڵتەو پێکەنیندا لەبەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا بـۆ برادەرەکـانی ڕەوانـە دەکردن. پاشتریش بەهەمان شێوە ئەو شیعرانەی بەچاپ گەیاند.(٦)

شێوازی ڕووتەڵەکی (تجریـدی) لەسـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا نـەك بەتـەنیا لـە بـواری وێنەکێـشاندا بڵاوبـووەوە، بـەڵکو ئـەم شـێوازە تازەیـە پـەلی بـۆ نێـو دنیـای شـیعرو هەڵبەسـتیش کێـشا. لەسـاڵی (١٩٠٠)دا نووسـەری ئـەڵمانی (شـێربارت)هەڵبەسـتێکی ڕووتەڵەکیی ئەبستراکتی نووسـی بەناونیـشانی (گێڕانەوەیـەك لـەبارەی هێڵـی ئاسـنەوە، خۆشم دەوێیت ) کەتیایدا هاتبوو:

کیکا کوکو. !

ئیکورا لابس. !

فیزو کولیباندا ئوبولوزا..

پێـنج سـاڵ بـەدواوە شـاعیرێکی ئـەڵمانیی تـر بـەناوی (کریـستیان مورگنـشترن ) هەڵبەستێکی ڕووتەڵەکی دانا کەتیایدا هاتبوو :

لالو لالو لالو لا. ! (٧)

لەشـیعری عەرەبیـشدا لەکۆنـدا جـۆرە شـیعرێك هـەبووە کـەپێیان وتـووە شـیعری نەخشەکاری (تتریزی) گەر یەکەم پیتی هەربەیتێك لەسەرەوە بۆ خـوارەوە بخوێنیتـەوە

مانایەك و وشەیەك دەگەیەنێت. هەروەك ئەم شیعرە عەرەبیەی خوارەوە، كەیەكەم پیتی هەر بەیتێك بگرین لەسەرەوە بۆ خوارەوە وشەی (رونق) پێكدەهێنن :

رددی غوگە الشام نواحاً    نقمت لحنە النفوس الحوانی
واسكبی یا عیون دمعاً سخیاً  وأرپی غدر الإنسان بالإنسان
نعیش ونمشی الی غایە    یگول علی الركب فیها السفر
قوافل تستن فی أپرها   قوافل تتبعها فی الپر (٨)

(نالی) ی شاعیرمان لە شیعرێكیدا بەسێ پیت وشەی (ماچ) پێكدەهێنێت و دەڵێ
لەبت میم و قەدت ئەلف و زولفت چیم
دەزانی بەو سییانە تالبی چیم

لە كۆتاییدا سوپاسم بۆكاك سابیر ڕەشید هەیە، كەهەندێك خاڵی لەلام وروژاندو وەهای لێكردم ئەم بابەتە بنووسم. وەك بزانم كەم كەس خۆی لەقەرەی ئەم باسەداوەو منیش لێرەدا بەكورتی بەچەند ڕوونكردنەوەیەك هەڵساوم و پێشكەشی گۆڤارەكەمان و خوێنەرانی بەڕێزی دەكەم.

پەراوێزەكان :

١- الصورە الشعریە. سی. دی. لویس. و : د. احمد نصیف الجنابی و مالك میری. وزارە الپقافە والإعلام. بغداد ١٩٨٢ص (٢٩).

٢- موسوعە المصگلح النقدی. المجاز الزهنی. ك. ك. رفن. و : دكتور عبدالواحد لؤلؤە. وزارە الپقافە و الفنون. بغداد ١٩٧٨ ص (١٤).

٣- الدادائیە بین الامس والیوم. علی الشوك. وزارە الپقافە والإعلام العراقیە. ص (١٣٦).

٤- سەرچاوەی پێشوو. ل (١١٤).

٥- مجله الاقلام. بغداد مايس ١٩٨٢. الـشعر الكـونكريتي. مـارى ألـين سـولت و : عـدنان المبـارك. ص (٩٩).
٦- التجربه الخلاقه. س. م. بورا. و: سلافه حجاوى وزاره الٳعلام بغداد ١٩٧٧ ص (٧٥ - ٧٦).
٧- الدادائيه بين الامس واليوم. ص (١٣٠).
٨- النقد التگبيقى التحليلى. عدنان خالد عبدالله. وزاره الپقافه والاعلام بغداد ١٩٨٦ ص (٤١).

* له ژماره (٧٤)ى ساڵی (٢٠٠٩)ى گۆڤاری (نەوشەفەق)دا بڵاوبۆتەوە.

# بیکیت و شانۆنامەی ( لە چاوەڕانی گۆدۆدا )

نووسەری ئیرلەندایی (سەمۆیەل بیکیت) کە لە ساڵی (١٩٥٢) دا لە وڵاتی فەڕەنسادا دەژیا، دەقی شانۆیی (لە چاوەڕانی گۆدۆدا)ی بە زمانی فەڕەنسی نووسی.

لە سەرەتادا بابەتەکە نەیتوانی بە ئاسانی جێی خۆی بکاتەوە، بەڵام هەر کە خرایە سەر تەختەی شانۆ و نمایش کرا، ئیتر دەنگ و سەدایەکی بەربڵاوی پەیداکرد، هەندێك وەهای بۆچوون، کە ئەم بەرهەمەدووەم تەقینەوەی زەبەلاح بوو، لە پاش تەقینەوە ئەتۆمییەکەی هیرۆشیما و ناگازاکی لە وڵاتی ژاپۆندا..!

(بیکیت)ی نووسەر لەئاکامی ئەم بەرهەمەی لە ساڵی (١٩٦٩) دا خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی پێ بەخشرا. دەقی شانۆیی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) وەرگێڕداوەتە سەر زمانی کوردی و چەند جارێکیش لە شارە جیاجیاکانی کوردستاندا نمایش کراوە و خراوەتە بەردەم جەماوەری شانۆ.

شانۆنامەکە لە دوو پەردە پێکدێت، پاڵەوانە سەرەکییەکان دوو کەسی گەڕیدەی پەڕاگەندەن، بە ناوی (ئیستراگۆن) و (فلادیمیر)ەوە. هەردووکیان لەسەرەڕێی گوندێکدا بە تەنیشتی دارێکی ڕووتەنیی بێ گەڵاوە چاوەڕوانی (گۆدۆ) ناوێك دەکەن.. وتووێژ و دەمودووی ئەم دوو کەسایەتییە بێ سەر و شوێن و پچڕ پچڕن، هەروەك ئەوەی بەدەم خەوەوە وڕینە بکەن وەهایە. دوو کەسایەتیی تریش بە ناوی (پۆزۆ) و (لەکی) دێنە سەر شانۆ. پۆزۆ بە شێوەی کەسێکی چەوسێنەری بێ بەزەیی پەتێکی بە ملی (لەکی)یەوە بەستووەتەوە و هەروەکو ئاژەڵ بە ئارەزووی خۆی بە کێشی دەکات. گۆشتی مریشك بە پێوە دەخوات و ئێسك و پروسك و پاشماوەی بۆ (لەکی) فڕێدەدات. جاروباریش بە قامچی دەستی هەموو لەشی ئەو کابرا چەوساوەیە دادەگرێت. لە کۆتایی

بەشی یەکەمدا منالێك دێتە سەر شانۆ و بە (فلادیمیر) و (ئیستراگۆن) ڕادەگەیەنێت، کە چیتر لە چاوەڕوانیدا نەبن، چونکی گۆدۆ ئەوڕۆ نایەت.

لە پەردەی دووەمدا فلادیمر و ئیستراگۆن بەردەوام دەبن لە چاوەڕوانی کردنی گۆدۆدا، هەروەکو پەردەی یەکەم ئەم دوو کەسایەتییە بێوچان قسەی ئەلەق و مەلەق و ئاجرۆباجری بێ مانا دەکەن.. بۆ جارێکی تریش (پۆزۆ) و (لەکی) دێنە سەر شانۆ، بەڵام ئەمجارەیان (پۆزۆ) کوێر بووە و (لەکی) یش کەڕبووە.

نووسەر بە دەرخستنی ئەم دیمەنانە دەیەوێت پێمان بسەلمێنێت، کە مرۆڤ لە دونیایەکی بێ هوودەدا و لە ژیانێکی ناماقووڵدا بەبێ هیچ ئامانجێك ژیانی ڕۆژانەی بەسەردەبات. ئەمەیش وەهای کردووە، کە بیکیت لەگەڵ چەند نووسەرێکی تری سەردەمەکەدا، وەکو یۆژین یۆنیسکۆ و ئارسەر ئەدامۆڤ، بە نووسەری شانۆی بێ هوودەیی ناماقووڵ لە قەڵەم بدرێن، ئەم تەوژمە ئەدەبییەیش پاش کارەساتە جەرگبڕەکانی جەنگی دووەمی جیهانی هاتەکایەوە.

لە کۆتایی پەردەی دووەمدا هەروەکو کۆتایی پەردەی یەکەم، بۆ جارێکی تریش منداڵە تووڵازەکە، کە گوایە پەیامنێری گۆدۆیە، دێتەوە سەر شانۆ و بە (فلادیمیر) و (ئیستراگۆن) دەڵێت: گوایە گۆدۆ ئەمڕۆیش نایەوێت بێت، ئیتر کاتی خۆتان بە فیڕۆ مەدەن و لە چاوەڕوانیدا مەبن. ئەوانیش هەردووکیان بە دەستەخەڕۆیی و نائومێدی و دڵشکاوییەوە شوێنەکە بەجێدەهێڵن و دەڕۆن، بەو نیازەی بۆ ڕۆژی دوایی سەرلەنوێ بێنەوە و چاوەڕوانیی گۆدۆ بکەن. لێرەدا پەردە دادەدرێتەوە و کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دێت.

ڕاوبۆچوونی ڕەخنەگران زۆرن لە بارەی ئەو (گۆدۆ) ناوەوە، هەندێك وتیان گوایە ئەم ناوە لە (GOD) ی ئینگلیزییەوە نزیکە بەمانای خوا دێت، هەندێکی تریش وتیان مەبەستی نوسەر لەوەدا کۆدەبێتەوە، کە گوایە مرۆڤ بە بێ هوودە و بە بێ ئاکام هەموو ژیانی هەر لە چاوەڕوانیدا بەسەر دەبات و لە ئاکامیشدا بە نائومێدی و هیوابڕاوی کۆتایی بە ژیانی دێت.

کاتێك لە نووسەر خۆیان پرسی، کە داخۆ دەبێت گۆدۆ چی بێت و کێ بێت؟! لە وەڵامدا وتی:"گەر خۆم ئەم شتەم بزانیبایە، ئەوا هەر لە نێو دەقە شانۆییەکەدا دەموت و ڕامدەگەیاند..!؟".

# ڕامبۆو ژیانی سەرەڕۆیی

مەودای نێوان ساڵی ١٨٥٤ تاوەکو ١٨٩١ دەکاتە سیو شەش ساڵ، کە ئەم ژمارەیەیش ژیانی کورتی شاعیری فەرەنسایی (ئارسەر ڕامبۆ)یە. ژیانی شاعیر بریتی بوو لەسەر کێبڕکێیەکی بێ وچانو هەڵپەیەکی هونەریی بێ سنوور. هەمیشە خولیای شیعرو کۆچو کۆچباریی کەوتبووە کەللەی.. بە بێ سرەوتو بە بێ ئۆقرەیی هەردەم عەودالی دۆزینەوەی دورگە نهێنییەکانی ژیان بوو. هەروەخت هەگبەی پڕ بوو لە شیعرو ئازارو ئەشکەنجە. لەسەر ریتمێکی دیاریکراوی چەق بەستوودا ژیانی دەقی نەدەگرت، بەڵکو لە گوریسێکەوە بۆ سەر گوریسێکی دی بازبازێکێی دەکردو لەگەڵ چەندین کارو پیشەی جۆراوجۆری جیاجیادا هەڵسوکەوتی دەکرد، بۆ ماوەیەك چووە ریزی سوپاوە، بۆ ماوەیەکی دیش وەکو گەریدەیەكو بۆهیمیەکی سەرەڕۆ ئەم شارو ئەو شارو ئەم دەڤەرو ئەو دەڤەری دەکرد، بۆ ماوەیەکی تریش وەك گەشتیارێکی نائارام لەم وڵاتەوە بۆ وڵاتێکی تر هەوارگەو بنو بارگەی دەگواستەوە، گیانی شاعیرێتیو هەستی شۆڕشگێڕێتیی پاڵی پێوەدەنا، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی دژوارترینو سەخترین کۆسپو تەگەرەکان ببێتەوە.

ئارسەر رامبۆ لە ساڵی ١٨٥٤ دا لە شارۆکەی شارلفیل لە دایکبووە، کە دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی فەرەنگ. هەر لە سەرەتای ژیانییەوە وەکو مەلێکی کۆچکەر بە درێژایی وەرزەکانی ساڵو دوور لە ژیانی خێزانەیەتی گەشتی دوورو نزیکی دەکردو بێ پەروا دەسووڕایەوە.

لە هەڵبەستی مەیخانەی سەوزدا دەڵێت:

بە درێژایی هەشت ڕۆژ

پێڵاوەکانم بەسەر رێگاوبانەکانەوە

هەلا هەلا کرد.

لە هەڵبەستی بۆهیمیدا دەڵێت:

دەڕۆیشتمو هەردوو مشتم

ئاخنی بووە نێو گیرفانە کۆنەکانمەوە

چاکەتە شڕەکەم کەڵکی نەمابوو

پانتۆڵەکەم کونی گەورەی تێکەوتبوو

بە دەم ڕێ بڕینەوە

کێشو سەروام بۆ شیعرەکانم

ڕیز دەکرد..

زۆرجار بە درێژایی چەندین رۆژ بەوپەڕی بێزاریو وەڕسو بوونو قین لە دڵەوە شارەکانی تەی دەکرد. بە تاکو تەنیاییو بێ پارەو پوولو سەرەڕۆیی هەنگاوی دەناو ڕێگای دەبڕی. لە نێو زبڵدانو بەرمیلی پاشەڕۆکاندا بە دووی پاشماوەی خۆراکدا دەگەڕا. هەرگیز دەسبەرداری ژیانی بۆهیمی نەدەبوو. کاتێك شاعیری لاو (کەشتیی مەست)ی ڕەوانەی (پۆل ڤێرلین)ی شاعیر کرد، پێوەندییەکی سەیرو سەمەرەو لە هەمان کاتدا ناوازەو نائاسایی هەردوو شاعیری بەیەکەوە بەست..! ئەوەبوو (ڤێرلین) نەفرەتی لە هەموو شتێکی پیرۆز کردو تازەبووکە خنجیلانەکەی بەجێهێشتو لەگەڵ رامبۆدا پێکەوە هەڵبەستیان هۆنییەوەو بە نێو شەقامەکاندا بە بێ هوودە کەوتنە هاموشۆکردن.. خۆیان لە هەموو دابو دەستوورێکی باوی کۆمەڵایەتی بە دوور خست. لە ئەنجامدا هەردوو شاعیر توانیان دەورێکی باڵاو کاریگەر لە قوتابخانەی هێما خوازیدا بگێڕن. پاش دەمەقاڵێو زمان لێکگیربوونێکی پڕو پووچدا، پۆل ڤێرلین هەڵی کێشایە دەمانچەو گوللەیەکی نا بە شانی رامبۆی دۆستو برادەرییەوە.. لە ئاکامی ئەم ڕووداوەدا ڤێرلین بە دوو ساڵ زیندانی حوکمدا.. پاش ئەوەی رامبۆ لە ئاکامی

رووداوێکی بێ ماناو بێ سەرو شوێندا ئازیزترین هاوەڵو دۆستی خۆی لە دەستدا، بە ناچاریو دڵشکاویو ئومێد براوییەوە گەڕایەوە بۆ لای دایکی خۆی.

وەك دان پیادانانێك رامبۆ لە هەڵبەستێکی پەخشان ئامێزی درێژدا سەبارەت بە نهێنیی ئەو شەیتانە نەگریسە دەکۆڵێتەوە، کە هەردەم پاڵی پێوەدەنا بەرەو زەبەنی چڕو پڕی شیعرو هەڵبەستو خەتاباریو ڕاکەڕاکەو هاتو هاوار. زۆری پێناچێت شاعیر دەستبەرداری دنیای شیعرو شاعیرییەت دەبێت. ئیتر بۆ جارێکی تر توخنی دنیای شیعر ناکەوێت.. ئەمەیش مانای ئەوە دەبەخشێت، کە رامبۆ بە تەنیا بۆ ماوەی چوار ساڵ شیعری داناو ئیتر دەستی لە یەخەی شیعر بووەوە.

لە ساڵی ١٨٧٩ەوە تاوەکو ساڵی ١٨٩٠ دەستی بە گەشتو سەفەرێك کردو بەرەو شاری ئەسکەندەرییەی میسری ملی نا، گەشتەکەی تووڵانی کێشاو گەیاندییە دوورگەی قوبرسو پاشتریش عەدەنو رۆخی دەریای سوورو تاکو گەیشتە جیبۆتی. لە ئاکامی گەشتەکەیدا لە کیشوەری ئەفریقادا هەستی بە ئێشو ئازارێك لە لاقیدا کرد، باری تەندروستیی شێواو بە ناچاری گەڕایەوە بۆ وڵاتی فەرەنسا، تەنانەت لەو ماوەیەدا نەیدەتوانی بڕوات بەڕێدا، یاخود هەڵبستێتە سەر پێو بە ئارەزووی خۆی بخەوێت، هەرکە گەیشتە (مەرسیلیا) لەوێدا لە نەخۆشخانەدا خەواندیانو دواتریش لاقێکیان بڕییەوە، بە درێژایی ئەو رۆژە سەختانە هەمیشە دایکی بە دیارییەوە بوو، ئەوەبوو لە ڕێکەوتی (١٠)ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٨٩١داو لە تەمەنی سیو شەش ساڵیدا ئارسەر رامبۆی گەورە شاعیری هێماخوازیی فەرەنساو جیهان کۆتایی بە ژیانی هات.

# کتێبە گەورە و بەنرخەکان

گـەر بـە پەلـە و بـە خێرایـی گەشـتێکمان کـرد بـەرەو قـووڵایی مێـژووی هـزر و بـیری مرۆڤایەتی، ئـەوا لـە چـەند وێستگەیەکدا هەڵوێـستەیەك دەکـەین و بەرامبـەر بـە چـەند بەرهەمێکی فیکریی چڕ و پڕی گەورە و بەنرخی بەهادار سەرسام دەبین. لە مێژووی هزر و بیردا چاومان بە کۆمەڵێك نووسـەری بـەتوانا و پـڕ جـەخت دەکـەوێت، کـە لـە مـاوەی ژیانیاندا کۆمەڵێك بەرهەمی بـە بایـەخ و گرنگیـان هێناوەتـە بەرهـەم، کـە تـاوەکو ڕۆژی ئـەمڕۆمان مایـەی خوێندنـەوە و تێڕامـانی خوێنـەران و نووسـەران و لێکۆڵـەرانن. بـەڵکو بگرە ئەو بەرهەمانە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نرخ و بەهایان لە زیـاد بـوون لـە هەڵکشاندایە، بـۆ نموونـە نووسـینە فەلـسەفییەکانی هـەردوو فەیلەسـووفی گریکـی ئـەفلاتۆن و ئەرسـتۆ، تـــەوەری لێکۆڵینـــەوە و توێژینـــەوە پێکـــدەهێنن لـــە تێکـــڕای زانکـــۆ و دام و دەزگـــا ڕۆشنبیرییەکان لە سەرانسەری جیهاندا. لە سەردەمانی کۆندا گلۆپ و کارەبا و ڕۆشنایی وەکو ئەم سەردەمەی ئێمە لە ئارادا نەبووە، بەڵکو نووسەران لە کاتی شەوگاردا لـە ژێـر تیـشکی مۆمـدا بابەتـەکانیان نووسـیوە و تۆماریـان کـردووە، هـەروەها وەکـو ئـەم ڕۆژگارەمان پێداویـستییەکانی نووسـین یـا نـەبووە، یـاخود کـەم بـووە، وەکـو قەڵـەم و کاغەز و سەرچاوە و کۆمپیوتەر و.. هتد. لە هەمووی پڕ نەهامەتی تـر گـەر خوێنـەران و نووسەران چاویان کز و کـەم حـوکم بووایـە، ئـەوا لـەو سـەردەمانەدا چـاویلکە نـەبوو.. سەرەڕای هەموویشی کۆمەڵێك نووسەر بە درێژایی مێژوو بەدی دەکرێن بـە کـاری ئـەوتۆ هەڵساون، کە بە مەعجیزە دادەنرێت.! مێژوونووسـە موسـوڵمانەکانی سـەردەمانی کـۆن لەسەر زاری ئەم و ئـەوەوە بابەتـەکانیان هـەڵهێنجاوە و بـۆ نـەوەکانی دواڕۆژیـان تۆمـار کردوون، کە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بەسەچاوەی گرنگ و پڕ بایەخ دادەنرێن. بۆ نموونە

(أبن كثیر) کتێبی (البدایه و النهایه)ی به چوارده بەرگی گەورە نووسیوە. هەروەها (أبن الاسیر) مێژووی پێش خۆی لەژێر ناونیشانی (الکامل فی التاریخ) به نۆ بەرگی گەورە نووسیوە، یاخود (تەبەری) ڕووداوەکانی مێژووی به ده بەرگ تۆمار کردووە.. فەرهەنگی (لسان العرب)، لەلایەن ئیبن مەنزوورەوە بە نۆ بەرگ داندراوە، تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان سەرچاوەیەکی گرنگ و بێ وێنەیە و لەلایەن تێکڕای نووسەرانی عەرەبەوە دەخوێنرێتەوە. ئیبن خەلەکانیش کتێبە بەنرخەکەی خۆی (وفیات الاعیان)ی بە هەشت بەرگی گەورە هێناوەتە بەرهەم. (ویل دیوارنت) مێژووی شارستانیی لە شەست بەرگدا داناوە، گەر بێتو لەسەر یەك دایان بنێیت، ئەوا شتێك لە بالآی مرۆیەك کورتترە.. (جێمس فرێزەر)یش لە دوازدە بەرگی قەبەدا لە بارەی حیکایەت و داستان و سەربردەی میللەتەکانی جیهانەوە دوواوە. نووسەری عێراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) مێژووی وەزاراتی عێراقیی لە دە بەرگی گەورەدا داناوە و هەر لە سەردەمانی کۆنەوە ئەو مێژووەی گرتووە، تاوەکو دەگاتە سالّی (١٩٥٨). لە سالآنی نەوەتەکانی سەدەی ڕابوردوودا دە پسپۆر و دکتۆر و شارەزای مێژووی عێراقی، ڕاسپێردران تاوەکو ئەو مێژووی وەزارەتە، لە پاش سالّی (١٩٥٨) بە دواوە بنووسن و درێژە بە بابەتەکەی عەبدولڕەزاق حەسەنی بدەن. لە ئەنجامدا ئەو دە پسپۆرە بە درێژایی دە سالّی ڕەبەق نەیانتوانی ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن..!؟ گەر ڕووی خۆمان بەرەو دنیای فیکر و هزر و بیر و ئەدەبیاتی کوردی وەرچەرخاند، چەندین نووسەر و دانەری بەبڕشتمان دەکەوێتە پێش چاو، کە خاوەنی کۆمەلّێك کتێبی دانسقە و پڕ بایەخن، بۆ نموونە (ئەحمەد خواجە) تێکڕای ڕووداوەکانی سەردەمی حوکمڕانیی شێخ مەحموودی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە زمانێکی ئەدەبیی بەرز لە سێ بەرگدا بە ناونیشانی (چیم دی) تۆمار کردووە، خۆزگە ئەم بەرهەمە بەنرخە لەم ڕۆژانەماندا بۆ جارێکی تریش لە چاپ دەدرایەوە.. هەروەها ڕەفیق حیلمی زۆر بە وردەکارییەوە لە ئاستی خۆیەوە ڕووداوەکانی سەردەمی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی لە سێ بەرگدا لەژێر ناونیشانی (یاداشت) دا تۆمار کردووە. مامۆستا عەلائەدین سجادی لە نۆ بەرگدا کۆمەلّێك سەربردەی کۆمەلّگای

کـوردەواری و نوکتــە و بابــەتی گاڵتــە و پێکــەنینی تۆمـار کـردووە، کـە کـورد واتــەنی سەربەقوڕ دێننە پێگەنین..! عەبدولڕەحمان زەبیحی فەرهەنگە بەناوبانگەکەی خۆی لـە دوو بەرگدا داناوە. دەوترێت گوایە ئەو قاموسی زمانی کوردییەی مامۆستا زەبیحی کاتی خۆی لە چەند بەرگێکدا بووە و، بۆ هەر پیتێك بەرگێکی تەرخان کردبـوو، کـە بـە تـەنیا هەردوو بەرگی پیتی (أ) و (ب) ی کەوتۆتە بەر دیدەی خوێنەران. بەڵام دەوترێـت کـاتی خۆی بەرگەکانی تری فەرهەنگەکەی لەلایەن دام و دەزگای بەعـسەوە دەسـتی بەسـەردا دەگیرێ و لەگەڵ خۆیدا تیا دەچن.. مامۆستا هەژار فەرهەنگێکی بەنرخی داناوە بەناوی (هەمبانە بۆرینە)وە، ئەو مامۆستایە دەڵێت: گەر فەرهەنگەکـەی عەبـدولڕحمان زەبیحـی بە تەواوەتی لە چاپ بدرایە، ئەوا من هەمبانە بۆرینەم نەدەنووسییەوە.. دکتـۆر جـەمال ڕەشید کتێبی (ڤهـور الکـورد) ی دانـاوە، کـە لـە سـێ بەرگدایـە و پێـشتریش لـە چـاپی یەکەمدا لە دوو بەرگدا بوو، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە مێژووییـە ئینـسکلۆپیدیایەکی مەزنـە، ئـەوەی بـە تـەواوەتی خوێندبێتــەوە نـرخ و بـەهای بـە باشـی دەزانێـت.. دکتـۆر مـارف خەزنـەداریش مێـژووی ئـەدەبی کـوردیی لـە حـەوت بەرگـدا دانـاوە، ئـەم بەرهەمـەیش گەنجینەیەك پێکدەهێنێت و بۆ خوێنـەران و نووسـەران زۆر بەسـوودە. نووسـەر ژیـان و بەرهـەمی تێکـڕای شـاعیرانی کـۆن و نـوێی کـوردی نووسـیوە، ئـەو ڕەخنەیـەی کـە لـە مامۆستا خەزنەدار دەگیرێت ئەوەیە کە بایەخی زۆری بە شیعری سیاسیی شاعیران داوە و شیعرە ڕۆمانسی و ناسکەکانی شاعیرانی کـوردی فـەرامۆش کـردووە..! لێـرەدا داوای لێبوردن لە تێکڕای نووسەرانی کوردی بەڕێز دەکەین، کە نەمانتوانیبێت ناوی هـەموویان لەم نووسینەدا بهێنین.

# سەرەتای هونەری تازەبابەت

هونەری تازەبابەتی هاوچەرخ لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا، لەئاکامی کەڵەکەبوونی کۆمەڵە تاقیکردنەوەو ئەزموونو سەرکێشیەکی هونەرییەوە سەریهەڵداو هاتەکایەوە. وەکو زانراوە کۆمەڵە هونەرمەندێکی چوستو چاپوك هەڵسان بەرپیزە چالاکییەکی هونەریو توانیان چەند گۆڕانکارییەکی هەست پێکراو لەقەوارەی هونەردا بهێننە ئاراوە. تێکڕای دەست تێوەردانە هونەرییەکانیش بەرادەی سەرەکی لە بوواری شێوازو داڕشتنو ناوەڕۆکدا خەست بوونەوە، ئەمەیش بەڵگەیەکی زیندوو پیشاندەدات دەرهەق بەو رایەی کە دەڵێت تواناو بەهرەی لەبن نەهاتووی چەند هونەرمەندێکی دیاریکراو، رێڕەوی جوانکاریو مێژووی هونەر بەرجەستە دەکەن.
لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم بەدوواوە، گیانی یاخی بوونو دەنگو سەدای تازەگەرێتی لە وڵاتە رۆژئاواییەکاندا زیاتر لە جاران تەشەنەیان سەند. ئەوەبوو کۆمەڵە قوتابخانەو رێبازو تەوژمێکی هونەری یەك لەدووای یەك خۆیان نوواند. بەڵام گرنگترین شۆڕشی هونەری کە لەدووا چارەگەی سەدەی نۆزدەمدا بەرپابووبێت، بێگومان ئەوا لە تاقیکردنەوە هونەرییەکانی دەستەی کارتێکراوییەکاندا (الانگباعیون) بەدی دەکرێت. ئەم دەستەیە گەشەیان بە دنیای رەنگو بۆیەداو پلەی یەکەمیان لەبوواری داڕشتندا پێبەخشی. بەرادەیەك شێوازو روخسارو جۆری داڕشتنو چۆنیەتیی دانانی رەنگو بۆیەیان خستە پێش گەوهەرو ناوەڕۆکەوە. نابێت ئەو راستیەیش فەرامۆش بکەین کە گۆڕانکارییەکانی جۆری ژیانو چەشنی گوزەرانو تێکچوونی شیرازەی جیهانی کۆنو هاتنە پێشەوەی دنیای سەرمایەداریی تازە، بەڕوونو ئاشکەرا جێ پەنجەی خۆیان لکاند بەسەر رووی بەرهەمە هونەرییەکانەوە. ئەوەبوو هونەرمەندان ژووری تەنگو تاری

وێنەکێشانیان بەجێهێشتو راستەوخۆ تێکەڵ بەرووالەتـەکانی جیهـانی نـوێ بـوون. بـە مێشکو هەستو هۆشێکی تازەگەرییانەی نوێخوازییەوە بێ پەروا کەوتنـە وێنەکێشـانی سروشتو رووالەتە هاوچەرخەکانی نێو شارەکان بەتایبەتی شاری پاریس.

لەگەڵ بەسەر چوونی سەدەی نـۆزدەمو سـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا، رێبـازو تەوژمـە نوێیەکان ئاڵای تازەگەرێتیان هەڵگرت. هێدی هێدی جەماوەری هونـەر دۆسـتیش ناچـار بوون چێژ لە سەرپێـچیە هونەرییـە تازەکـان وەربگـرنو رەخنـەگرانیش بێنـە سـەرباری ئەوەی کە بەگەرمییەوە پێشوازی لـەو گۆڕانکاریـە هونەرییانـە بکـەنو بەشـانو باڵیانـدا هەڵبدەن. ئەم پێشوازییانەیش وەنەبێت شتێکی ئەوەندە سووکو ئاسان بووبێت، بـەڵکو سـووربوونی هونەرمەنـدانو پێـداگرتنیان لەسـەر زەمینـەی جیهـانی تازەگـەرێتی بـووە مایەی رەزامەندیی دەستەو گرۆو چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵ. لەئاکامدا هونەر وەهای لێهـات راسـتەوخۆ تێکـەڵ بـە ژیـانی رۆژانـەی مرۆڤـی سـەدەی بیـستەم ببێتـو وەکـو ئاوێنەیەك رەنگی شۆڕشی پیشەسازیو کۆمەڵایەتی بداتەوە.

هونەرمەندە دێرینەکان دیدگایەکی بەرزو بڵندیان هەبوو دەرهەق بە پەیامی هونەر، بەڵام هونەرمەندە نوێخوازو تازەخواستەکان ئـەو بۆچـوونە کۆنانـەیان لادایـەلاوەو بـەخۆیانو ئـامرازو کەرەسـتە هونەرییەکانیانـەوە دابەزینـە خـوارەوە بـۆ نێـو باوەشـی سروشـتو کـۆڵانو گـەرەكو شـوێنە گـشتیەکان. وەکـو راسـتییەکی سـەلمێنراو ناشـێت تێکـڕای ئـەزموونو بۆچـوونو گۆشـەنیگا کۆنـەکانی هونـەر لـە هـیچ قۆناخێکـدا بەیـەکجارەکی پـشتگوێ بخرێـت. سـەرهەڵدانی هونـەری تازەبابـەت کاردانەوەیـەك بـوو دژی بۆچـوونە هونەرییە کۆنەکان، لەهەمان کاتدا لەچەند لایەنێکەوە سـوودی وەرگـرت لـەبووارەکانی شێوەو نـاوەڕۆکی هونـەری کـۆنو کلاسـیك. لەسـەر بنـەمای ئیـستاتیکای کـۆن بـەردی بناخەی نوێخوازی دارێژرا. بەڵام ئەو خاڵەی هونەرمەندی نوێخوازو لە هونەرمەنـدی کـۆن جیادەکاتەوە، بریتیە لە گۆشەنیگایەکی نوێ بـۆ روانـینی دەوروبـەرو نـاخی شـتەکانو رووالەتە تازەکانی ژیانو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە داهێنراوەکان.

پـابلۆ پێكاسـۆ لـە سـاڵی (١٩٠٧)دا گـرنگترین شۆڕشـی هونـەری بـەرپاكرد، ئـەویش لەچوارچێوەی تـابلۆی (ئافرەتـانی ئـاڤینیۆن)دا. ئـەم بەرهەمـە دانسقەیەی هونەرمەنـد دادەنرێت بەسەرپێچیەكی هونەری. لەهەمان كاتدا بە هەنگاوێكی گورج‌و گۆڵ دادەنرێـت لە بازنەی هونەری تازەبابەتدا. هونەرمەند لەم تابلۆیەیدا ئەندامی لەش‌و جەستەی مرۆی شی كردەوە. لایەن‌و پانتاییە بینراوەكـانی لەیـەك دابـڕی. هونەرمەنـد هـەر بەوەیـشەوە نەوەستا، بەڵكو هەڵسا بەدەست تێوەردانی قووڵ بـینی (المنقـور).. سـەرەڕای تێكـڕای دیاردەكـانی تازەگـەرێتی لـە بونیـاتی بەرهەمەكـەدا كەچـی دەبیـنین پێكاسـۆ پـشتی بەشێوازو داڕشتنی (پۆل سیزان) بەستووە. گەر زیـاتر لـە تابلۆكـە ورد ببوینـەوە، ئـەوا بەڕوون‌و ئاشكەرا كاریگەرێتی هونەری ماسك‌و دەمامكی رەمەكیی ئـەفریكایی بـەڕەنگ‌و روویەوە دەكەوێتە پێش چاومان. پێكاسۆ بەم پێیەیش توانیویەتی بە گۆشە نیگایەكی تازەگەرێتی‌و نوێخوازییەوە بەرەو جیهانی تازەو نوێ هەنگاو بنێت.

سەرەنجام وزەو توانای هەردوو هونەرمەند (پێكاسۆ)و (پـراك) ئاوێتـەی یـەكتری بـوون‌و بنەمای رێبازی خشتەكی یاخود شـەش پـاڵویی (التكعيبيـه – cubism) بـە تۆكمـەیی داڕێژرا. ئەم تەوژمە تازەیە بەوە ناسراوە كە بایەخ بە توانـای هێڵكـاری‌و سـكێچ زیـاتر دەدات، ئـەویش لەسـەر حیـسابی رەنـگ‌و بۆیـە. بۆیـە لەچوارچـێوەی رێبـازی شـەش پاڵوییـدا هێـڵ‌و قـەوارە پلـەی یەكـەم وەردەگرێـت‌و وزەی رەنـگ‌و بۆیـەیش بـەرەودووا دەكشێتەوە. ئەمەیش بەپێچەوانەی سروشتی هونەری ئیمپریشنیزمی كارتێكراوییەوەیە، كە بەوە ناسرابوو بایەخی سەرەكیی بە جۆری داڕشتنی بۆیـەو رەنگـەكان دەدا. هـەوڵ‌و كۆششی هونەرمەندە كارتێكراوییەكان لەوەدا چڕ دەبووەوە كە چاوی بینەر تێكـەڵكێش بە بۆیەو رەنگە ئاڵ‌و واڵاكان بكەن.

هونەرمەندانی شەش پاڵویی بەو مەبەستەوە كەوتنە كـاركردن، تـاوەكو بتـوانن لایـەن‌و پانتاییەكانی شتەكان‌و جەسـتەی بینـراوی مـرۆ پارچـە پارچـەو بـەش بـەش بكـەن، بـۆ ئەوەی سەرلەنوێ بیانلكێنن بەیەكترەوەو رووالـەتی قـەوارەكان سـەرلەنوێ دابڕێژنـەوە. ئـەم سەركێـشیە هونەریانـەیش بوونـە بـەردی بناخـەی سـەنگین‌و چەسـپاوی هونـەری

تازەبابەتی هاوچەرخ. کار هەر بەوەیشەوە نەوەستا، بەڵکو چەند قوتابخانەو ڕێبازو تەوژمێکی هونەری لەپاشاندا سەریانهەڵدا کە زیاتر قەوارەو ڕواڵەتی پانتاییەکانیان تێکشکاند. یاخود دنیایەکی ئەندێشاویی خەیاڵیان لەژوور بینینەکانەوە داڕشت، وەکو ڕێبازی دەربڕین خوازیو ڕووتەڵەکیی تەجریدیو دادایزمو سوریالیزمو.. هتد.

# نامەکانی ئێرنست هەمەنگوای

نووسەری ناسراوی ئەمریکایی ئێرنست هەمەنگوای وتوویەتی: (نامە نووسین باشترین شێوازە بۆ دوورکەوتنەوە لە ئیش و کار . لە هەمان کاتدا بۆت دەردەخات کە تۆ بە کارێکی تایبەتی هەڵدەستیت و ئیشێك ڕادەپەڕێنیت..)
نووسەر بە درێژایی تەمەنی کە ٦١ ساڵ بوو، نزیکەی ٣٥٠٠ نامەی هەمەجۆری نووسی. کارلۆس بیکەر، کاتێك ژیاننامەی نووسەری تۆمار کرد، هەڵسا بە چاپکردنی ٦٠٠ دانە لە نامەکانی هەمەنگوای لە دووتوێی کتێبێکدا. ئەم نامانەش تیشك دەخەنە سەر ژیانی نووسەر لە نێوان ساڵانی(١٩١٧–١٩٦١) دا.. هەروەها ئەم نامانە زانیارییەکی زۆر دەخەنە بەردەستی خوێنەران و قۆناغەکانی ژیانی نووسەر دەستنیشان دەکەن.
هەمەنگوای هەردەم وا ڕاهاتبوو هەموو ڕۆژێك بە سێ شت هەڵبستێت: ڕادەی پاڵەپەستۆی خوێنی خۆی دەپێوا. هەروەها قورسایی خۆیشی دەکێشا. سێیەم شت هەڵدەستا بە ژماردنی ئەو هەموو وشانەی کە ڕۆژانە دەیانی نووسین. هەمەنگوای کابرایەکی زۆرخۆر بوو، لە هەمان کاتدا مەینۆشێکی بەرباد بوو . ئەم دیاردانەش پاڵیان پێوە دەنا بەردەوام قورسایی و سەنگی خۆی بکێشێت و ڕادەی پاڵەپەستۆ و تەوژمی خوێنەکەیشی بپێوێت.. لەلایەکی تریشەوە بێ وچان بەدووی چێژ و کەیف و سەفادا وێڵ بوو. بۆیە دەبوو زۆر ئاگاداری باری تەندروستی و سەخڵەمەتیی خۆی بێت. هەروەها بەوەیش ناسرابوو، کە کابرایەکی چاوقایم و بەرچاوتەنگ بوو . نەیدەویست زیادەڕۆیی لە نووسینی وشە و ڕستەدا بکات. بۆیە هەمیشە تێکڕای وشەکانی چیرۆکەکانی خۆی دەژمارد. هەندێك جاریش هەمەنگوای نامەی دەنووسی تاوەکو بارودۆخی شیاو و لەباری بۆ مەیسەر بێت لە پێناوی داهێنانی بابەتی ئەدەبیی نوێدا. جاری ئەوتۆیش هەبوو پاش

لێبوونەوەی لە نووسینی بەرهەمەکانیدا، دەستی دەکرد بە نووسین و داڕشتنی پەیام و نامەی جۆراوجۆر. ئەم کارەیشی بە پشوودانی گیانی و زەینی دادەنا.. گەر بشێت بوترێت ئەم مەشقانەی هەر لە سەرەتاوە لە پێناوی پەرەپێدانی شێوازی پەخشانیدا سەری هەڵدا، لە نێو کتێبەکەی (کارلۆس بیکەر) دا دەبینین کە هەمەنگوای مەبەستییەتی ئامرازە زمانەوانییەکانی دەستەمۆ بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

یاخود دەیویست دەمودوو و شێوازی دەربڕینی خەڵکی ڕەمەکی دەرببڕێت و بڕگە و ڕستەی هەستبزوێن دابڕێژێت، کە سەرجەمیان ئاماژە بۆ خەڵکی و شوێنی گوزەرانیان دەکەن. لە تەقەلایەکی بێ وچاندا بوو تاوەکو کاریگەری دەربڕینکاریی ڕاستەوخۆی بەهێز و وزەدار بۆ خۆی زامن و دەستەبەر بکات. بۆیە دەیگوت: (من سیزانم خۆش دەوێت..) لە ئەنجامدا کۆششی بەردەوام و نەپساوی بەری گرت و لە کەلێنی ڕۆمانی (پیرەمێرد و دەریا) دا گەیشتە ترۆپکی سەرکەوتن. ئەو ڕۆمانە خنجیلانەیە، کە زیاتر لە هەر کتێبێکی تر بە شایستەییەوە لە ساڵی ١٩٥٤ دا خەڵاتی نۆبڵی بەدەست هێنا.

یەکەم نامەی کتێبەکەی (بیکەر) بەو نامەیە دەست پێدەکات، کە هەمەنگوای لە سەردەمی هەرزەکاریدا نووسیویەتی، دووا نامەیشی لە ساڵی ١٩٦١ دا بەر لە خۆکوشتنەکەی بۆ لاوێکی نووسیوە. ئەم نامە هەڵبژێرراوانە نۆسەد لاپەڕەی کتێبەکە داگیر دەکەن، تێکڕای ڕووداو و بەسەرهاتەکان و پەرەسەندنەکانی هەمەنگوای دەستنیشان دەکەن و دەیانخەنە ڕوو. یاخود ژیاننامەی هونەریی نووسەر پیشان دەدەن لەو کاتێکدا کە پەیامنێری ڕۆژنامەیەك بوو لە تۆرنتۆ دا. ئەزموون و تاقیکردنەوەکانی نووسەر یەکالا دەکەنەوە، بە تایبەتی لەو کاتەیدا کە ڕانندەی ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنی نۆژداری بوو لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لە وڵاتی ئیتالیادا. هەر ئەوسایش بوو، کە لە ئاکامی گوللە تۆپێکەوە نزیکەی (٢٢٧) پارچە و پرپیشکی بەرکەوت و لە پاشانیشدا بە شانازییەوە باسی ئەم ڕووداوەی دەگێڕایەوە.

نامەکان باسی ژیان و گوزەرانی نووسەر دەکەن لە ساڵانی بیستەکان لە شاری پاریسدا. لەو قۆناغەدا کەوتبووە هەڵپەی پەرەپێدانی هێز و توانا هونەرییەکانی. لە هەمان کاتدا

هەوڵی ئەوەیشی دەدا کە پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی لەگەڵ نووسەرانی ناسراوی ئەو سەردەمەدا پتەو و توندوتۆڵ بکات وەك: سکۆت فیتزجیراڵد و جیمس جۆیس و خاتوو گیرتۆرد شتاین و ئەزرا پاوەند و...هتد.

ناوەڕۆکی نامەکان دەمانبەنەوە سەر دیمەنی سەرکێشییەکانی نووسەر لە کاتی جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا و سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی. یاخود ئارەزوو و خولیاکانی هەمەنگوای سەبارەت بە ڕاو و شکارە پڕ مەترسییەکانی لە جەنگەڵەکانی (کەی ویست) و وڵاتی کوبا و بێشەڵانە چڕەکانی ئەداهۆ و کیشوەری ئەفریقا دەخەنە پێش چاومان.. یاخود چەند لایەنێکی تری سەرگوزشتەی ژیانی نووسەر تۆمار دەکەن. وەکو ئەوەی چووار ژنی هێنابوو، ئەمە و سەرەڕای پێوەندییە پڕ لە ئەوینەکانی لەگەڵ چەند ئافرەتێکدا. نامەکان وەها ڕادەگەیەنن کە نووسەر باوکی چەند کوڕ و کچێك بووە.

بە کورتییەکەی نامەکان لەو کاتەوە دەست پێ دەکەن، کە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووبێت، هەر لەو کاتەیشدا سوور بوو لەسەر ئەوەی، کە ببێت بە چیرۆکنووسێکی ناسراو. ئەوەبوو لەئاکامدا بۆی ڕەخسا ببێت بە یەکێك لە ڕۆماننووسە هەرە ناسراوەکانی جیهان.

# لەبارەی زمانەوە

ئێمـەی کـوردی عێـراق بـە شـێوەیەکی ئـەوتۆ هـەر لـە سـەردەمی منداڵیمانـەوە زمـان و کەلتووری عەرەبیمان بەسەردا سەپاوە، بە ڕادەیەك هەندێك لەوانەی کە شارەزای زمانی کوردی نین، گەر ناوی زمـانی عـەرەبی بێتەکایـەوە یەکسەر بەوپـەڕی سەرسـووڕمانەوە دەڵێن: ئـووو...! بـە ڕاسـتی زمـانی عـەرەبی زۆر قـووڵ و دەوڵەمەنـدە و مورادیفـات و هاوواتای وشە عەرەبییەکان گەلێك زۆرن..! ئەو جۆرە کەسـانە شـارەزایی تـەواویان لـە زمانی کوردیدا نییە و، ئاگاداری ئەو ڕاسـتییەش نـین، کـە زمـانی کـوردیش زۆر قـووڵ و دەوڵەمەندە و هاوواتایش لە وشەی کوردیدا زۆرن. لە ڕاستیدا لە زمانی کوردیشدا وەکـو هـەر زمـانێکی دەوڵەمەنـد مورادیفـات و هاوواتـا زۆرن. بـۆ نموونـە بەرامبـەر بـە وشـەی (جبل)ی عەرەبی کورد دەڵێت:"شاخ، چیا، کێو، کەژ، تەلان، کۆسار، جەوەڵ"، یـاخود بەرامبـەر بـە وشـەی (مـشاهەدە)ی عـەرەبی چـەندین وشـەی هاوواتامـان هەیـە، وەکو:"بینـیم، دیـتم، ڕووانـیم، تەماشـامکرد، سـەیرمکرد، چـاوم گێـڕا، دیقـەتم دا، لێـی وردبوومەوە، مـۆڕەم لێکـرد، دامەبـەرنیگا، چـاوم پێکـەوت، کەوتـە پـێش چـاوم، چـاوم تێبڕی.." سەرجەمی ئەو وشە هاوواتانە مانـای دەوڵەمەنـدی زمـانی کـوردی دەگەیـەنن، بێگومـان هـەر وشـەیەکیش لـەم وشـانە بـۆ بـارودۆخ و حاڵـەتێکی دیـاریکراوی تایبـەتی بەکاردێنن.

لە هەمان کاتدا هیچ زمانێك نییە، کە لە سەدا سـەد پـاراو بێـت و کاریگـەرێتیی زمانـانی تری بەسەرەوە نەبێت، بەڵام بـە بـەراوورکردن دەبیـنین زمـانی کـوردی کـەمترین وشـەی زمانـانی دوور و نزیکـی تێکـەوتووە. بـۆ نموونـە جارێکیـان بەسـەر دەرگـای ژووری دایەرەیـەك لـە وڵاتـی ئێرانـدا چـاوم بـە ڕسـتەیەك کـەوت، گوایـە زمـانی فارسـییە و

نووسرابوو: (ورودی ئەفرادی غیر متفرقە بتاتا ممنوعیست). بە بینینی ئەو ڕستەیە سەرم سوڕما، سەبارەت بەوەی هەموو وشەکانی عەرەبی بوون..!؟ ئەوەبوو کابرایەکی ئازەریم کەوتە پێش چاو و بە زمانی تورکمانی قسەم لەگەڵیدا کرد و ئەو ڕستەیەی سەر دەرگای ژوورەکەم پیشانی داو پێم وت: ئەم ڕستەیە بە هیچ کلۆجێك فارسی نییە و بگرە هەموو وشەکانی عەرەبین، جگە لە پاشگری (یست)ی مەمنوعەکە نەبێت..!؟ کابرای ئازەری وەها دیار بوو یا لێم تێنەگەیشت، یاخود شارەزای زمان نەبوو، وەڵامی دامەوە و وتی: نەخێر ئەم وشانە فارسییەکی ڕەسەنن و، بەڵکو عەرەبەکان لە فارسەکانەوە وەریانگرتوون..! منیش بۆم دەرکەوت کە مشتومڕ لەگەڵ ئەو کەسەدا زەحمەتە بۆیە وازم لێهێنا.

هەموو زمانێك کەم، یاخود زۆر، کاریگەرییەکی زمانانی تری لەسەرە. بۆ نموونە (سەلامە موسا) لە کتێبی (البلاغە العصریە واللغە العربیە) دا و لە لاپەڕە (٧٤) دا دەڵێت: "لە نێو زمانی عەرەبیدا زیاتر لە سێ هەزار وشەی ڕۆمانی و گریکی و فارسی هەن".

ئەوەتا کتێبێکم لەبەردەستدایە بە ناونیشانی (معجم التعابیر الاجنبیە فی اللغە الانکلیزیە)، کە لە وەرگێڕانی (سەمیر عەبدولڕەحیم الچلبی)یە، بۆ سەر زمانی عەرەبی. ئەم کتێبە لە دوتوێی سێ سەد لاپەڕەدایە وبە هەزاران وشە و ڕستەی گرتۆتە خۆی، کە لە زمانانی ترەوەکەوتوونەتە نێو زمانی ئینگلیزییەوە.

هیچ زمانێکی زیندوو بەدی ناکرێت، کە کۆمەڵێك وشەی زمانانی تری تێدا نەبێت. ئەم دیاردەیەیش شتێکی ئاساییە و هیچ نەنگییەکی تێدا نییە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەموو کەسێك و هەموو پسپۆڕێکی زمان ڕاستیی ئەم شتە بسەلمێنێت و جیکڵدانەی تەنگ نەبێت و نکۆڵیی لێنەکات.

زمان دەورێکی باڵاو کاریگەر دەگێڕێت لە پێکەوە لکاندنی میللەتو کۆکردنەوەی گەل لە بازنەی سنوورێکی دیاریکراودا. هەروەها زمان هۆیەکی گرنگە بۆ لێکنزیك کردنەوەی ئەو تاكو کۆمەڵانەی کە سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراونو دوور لە سنوورو زێدی باوباپیرانی خۆیاندا گوزەران دەکەنو بە نامۆیی ژیان بەسەر دەبەن. زمانو ئەدەبیاتو شیعرو

کەلەپوورو کەلچەر، مێژووی کۆنو نوێی میللەتان دەستنیشان دەکەن. هیچ میللەتێك لەسەر ڕووی زەویدا بە بێ زمان بەدی ناکرێت. ئەگەر میللەت جەستەیەکی زیندوو بێت، ئەوا زمان دڵو گیانو ڕۆحی میللەت پێکدەهێنێت. بۆیە هەمیشە میللەتان بە بێ جیاوازی گرنگی بە زمانی نەتەوایەتیی خۆیان دەدەنو، لە هەڵپەدان لە پێناوی پاراستنو پەرەپێدانی زمانەکەیان. زمانو دونیای ئەدەبیات شانبەشانی یەکتری ڕەوت دەکەنو هەرگیز لە یەکتری جیانابنەوە. هیچ میللەتێك بەدی ناکرێت بە بێ زمانو مێژووی ئەدەبی تۆمار کراوو ئەدەبی دەماودەم کراوی میللی. شاعیرو نووسەران جێو ڕێیەکی گرنگیان داگیر کردووە لە ڕووی پاراستنو پەرەپێدانی زمانیو کەلچەری گەلەکانیان. لەبەر ئەم هۆیانەیشە کە تێکڕای میللەتان شانازی بە نووسەرانو شاعیرانی کۆنو نوێی خۆیانەوە دەکەن. بۆ نموونە گەر بێتو کەسێك پرسیار ئاراستەی هەر تاکێکی ئینگلستانی بکات سەبارەت بە مەزنترین کەسایەتیی مێژووییان، بێگومان لە وەڵامدا دەڵێن کە شەکسپیر بە بێ پڕ کێشی مەزنترین کەسایەتیی مێژووی وڵاتی ئینگلستانە.

میللەتی کوردیش مافی خۆیەتی گەر شانازی بە شاعیرانی کۆنی کلاسیکی خۆیەوە بکات، وەکو بابا تاهیری هەمەدانیو ئەحمەدی خانی جزیریو حەریریو مەولەویو نالیو سالمو.. هتد.

ئێمەی کورد سەری ڕێزو میهرەبانی بۆ ئەم شاعیرانەمان دادەنوێنین، چونکی بە هەوڵو کۆششو داهێنانیان توانییان زمانەکەمان لە نێو چوون بپارێزن. ئەم زمانەیشمان بە ناسنامەی میللەتەکەمان دەژمێردرێت.

نووسەرو شاعیر لە هەموو کەس زیاتر پێوەندییان بە زمانەوە هەیە، بێوچان مامەڵەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زماندا دەکەن، بۆیە نووسەرو شاعیر شارەزایی تەواویان لە زماندا هەیەو، بە باشی دەسەڵاتیان بە سەریدا دەشکێتو شارەزاییان لە نهێنییەکانی زماندا هەیە. هیچ نووسەرو شاعیرێك بە بێ شارەزایی قووڵ لە زماندا بەدیناکرێت. زمانی پاراو هەردەم شیعرو نووسینی کۆكو تۆکمەو زیندوو دەهێنێتە کایەوە. زمانی شێواوی

ناتــەواوی پــەرش‌و بڵاویــش ئــەدەبێکی نــەزۆك‌و لــەرزۆك دەخاتــەڕوو، کــە دەرفــەتی زیندوویێتی‌و مانەوەی زۆر کەمە.

دەتوانین بڵێین زمانی ئەدەبی دەکرێت بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەمیان لاوازو بێهێـزەو ئەدەبێکی لەرزۆك پێکدەهێنێت، کە لە ماوەیەکی کورتدا بـزر دەبێـت‌و دەچـێتە خانـەی لەبیرچووانەوە. بەشی دووەمی زمان مامناوەندییەو لـەڕووی ڕێزمـان‌و داڕشـتنەوە کـەمو کوڕیی تێدا بەدیناکرێت، بەڵام لـە هـەمان کاتـدا قـووڵی‌و دەوڵەمەنـدیی لـە ڕووی دانـانی وشەو ڕستەدا تێدا بەرچاو ناکـەوێت. ئـەم بەشـەی دووەمـی زمـان کەرەسـتەی زۆربـەی نووسەرانی هەموو میللەتانی جیهانن، بەڵام بەشی سێیەمی زمان بریتییە لە بەکارهێنانی وشەو رستەی دانسقەی ڕێکو پێك کە جـۆرە سـیحرێك‌و کەمەنکێـشییەك بـە هەڵبەسـت‌و دەقــی ئــەدەبی دەبەخـشێت. ئـەم بەشـەی زمـان پێویـستیی بـە شـارەزایی‌و لێزانیـی داهێنەری بە بڕشت هەیـە. لـە کاتێکـدا کـەم لـە نووسـەران‌و شـاعیران هـەن کـە بتـوانن خاوەنی زمانێکی تۆکمەو کـۆك بـن. هـەر لێـرەوە گرنگـی‌و کاریگـەریی زمـان سەرچـاوە دەگرێت‌و، وەها لە نووسەران‌و شاعیران دەکات کە گرنگیی تەواو بە لایەنی زمان بدەن‌و شارەزایی تەواویان لە نهێنییەکانی زماندا هەبێت.

بە تایبەتی زمانی کوردی کە لە ڕووی وشەسازی‌و بەکارهێنانی وشەوە بە ڕادەیـەکی زۆر دەوڵەمەندە. هەر نووسەرو شاعیرێکی کوردیش گەر دڵسۆزو لێهاتوو بێت هـەرگیز پـەکی ناکەوێت‌و دەستەوەستان نابێت بەرامبەر بە زمانی کوردی.

زمان‌و دەمودوو دەورێکی سەرەکی‌و کاریگەر دەگێـڕن لـە پێـشکەوتنی شارسـتانییەتدا. هەروەها هۆیەکی گرنگە لە نزیك خستنەوەی کۆمەڵگـە مرۆڤایەتییـەکان. بـە پێچەوانەی گیانلەبـەران‌و ئاژەڵانــەوە دەبینرێـت مرۆکـان لـە گونـدو لادێ‌و شـارەکاندا، لـە ڕێگـای زمانــەوە یەکـدەگرن‌و کۆمـەڵ دەبەسـتن‌و پێکـەوە دەژیـن‌و گـوزەران دەکـەن‌و لەتـەك یەکتریـشدا هاوکـاری‌و هـەرەوەزی دەکـەن. لـە ئینجیلـی یۆحـەنادا لـەبارەی زمانـەوە هاتووەو دەڵێت: (لە سەرەتادا وشە هەبووە، وشەیش لە لای خودا بووە، ئەویش وشەی خودا بووە. هەموو شتێك لەوەوە بووەو هیچ شتێکیش بە بێ ئەو نەبووە).

له قورئانیشدا یەکەم ئایەت بە وشە دەست پێدەکات کە ئـەویش نـاوی خوایـەو دەڵێـت: (أقرأ بأسم ربك) پەندێکی کوردیش هەیە دەڵێت: (قسە هەزارە دووانی بە کارە).

هـەر لـە سـەرەتاوە پەیامبـەرو فەیلەسـووف‌و زانـاو نووسـەران‌و شـاعیران‌و بیرمەنـدان، گرنگی تەواویان بە زمان داوەو هەر لە ڕێگای زمانـەوە پـەیامی پـیرۆزی خۆیـان لـە نێـو خەڵکیدا بڵاو کردۆتەوە. هەر پەیامبەرێکیش خاوەنی کتێبی نووسراوی خۆی بووە وەکو ئاڤێستاو تەورات‌و ئینجیل‌و قورئانی پیرۆز.

فەیلەسـووفی گریکـی ئـەفلاتوون دەڵێـت: (مـرۆ گیانلەبـەرێکی زمانـداری بـە گۆیـە) بـەو مانایەی کە زمان‌و دەم‌و دوو مرۆ لە گیانلەبەرانی تـر جیادەکاتـەوە. لەسـەر ڕووی گـۆی زەویدا گەلێك گیانلەبەری بە زەبرو زەنگ‌و لە مرۆ گەورەترو چوست‌و چالاکترو تیژڕەوتر هەن، وەکو فیل‌و شێرو پڵنگ‌و.. هتد، بـەڵام سـەرەڕای هـەمووی بـە تـەنیا مـرۆ تـوانیی ڕووی زەوی بۆ خۆی داگیر بکات‌و شارستانییەت‌و مەدەنیەت بنیات بنێت‌و، تێکڕای ئـەو گیانلەبـەرە زەبـەلاح‌و بـە زەبـرو زەنگانـەی تـر دەسـتەمۆ بکـات‌و بیانخاتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیەوە. هەموو ئەم سەرکەوتنانەی مرۆیش هۆیـەکانی بـۆ سـێ شـت دەگەڕێنـەوە، کـە بریتین لـە (عـەقڵ‌و.. زمـان‌و.. دەسـت)، ئـەم سـێ ئـامرازە لـە لای مـرۆ یـەکیان گـرت‌و پێشکەوتن‌و سەرکەوتنیان بۆ مرۆ دەستەبەرو مسۆگەر کرد. گەر یەکێك لەم سێ ئامرازە لە لای مرۆ کەمبووایەو بـوونی نەبووایـە، ئـەوا مـرۆ هـەرگیز نەیـدەتوانی سـەرکەوتن بـە دەست بهێنێت، بۆ نموونـە گیانلەبـەرێکی پـڕ هێـزی وەکـو شـێر گـەر زمـان‌و عەقڵیـشی هەبووایە، ئەوا هەر نەیدەتوانی شارستانییەت بێنێتە کایەوە، چـونکی دەسـت‌و بـازووی مرۆ هۆکارێکی گرنگ‌و کاریگەرە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی وەکـو نووسـین‌و دروسـتکردن‌و بنیاتنان‌و لێخوڕینی فڕۆکەو ئۆتۆمبێل. هەر لەبەر ئـەم هۆیانـەش بـووە کـە کـاتی خـۆی (ئۆگستین) وتوویەتی: (دەست ئامرازی ئامرازەکانە).

زمــان بــە شــێوەیەکی گــشتی لــە گۆڕانکــاریی هەمیــشەییدایە بــە پێــی ڕۆژگــارو پێداویستییەکانی سەردەم، هەندێك وشە سەرنگوم دەبن‌و هەندێك وشەی تـازەیش دێنـە کایەوە. هەروەها هەندێك زمان بزر دەبن‌و هەندێك زمانی تریش بەسەر زمانانی تـردا زاڵ

دەبن. ژمارەی تێکڕای زمانە جیاجیاکانی دنیا سێ هەزار بە بانەوەیە، بەڵام ئەوەتا لە ڕۆژی ئەمڕۆماندا بە تەنیا چەند سەد زمانێك بە شێوەیەکی کاریگەر ماونەتەوە. لە هەمان کاتدا زمانی ئینگلیزی بە بێ ویستو ئارەزووی تەواوی گەلان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەریکە تەنگ بە زمانانی تر هەڵدەچنێتو وەکو زمانێکی جیهانی خۆی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا دەسەپێنێت. تێکڕای میللەتانی جیهان پەیڕەوی ئەم نەریتە دەکەنو لە هەمان کاتیشدا هەموو میللەتانیش ئیرەییو حەسادەت بە زمانی ئینگلیزی دەبەنو ئەم دیاردە باوو بڵاویشیان پێناخۆشە.. ئەم شتەیش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە زمانە نەتەوەییەکانی جیهان بەرەو لە نێو چوون دەچن، نەخێر بەڵکو هەر میللەتێك شانازی بە زمانی خۆیەوە دەکاتو هەرگیز دەستبەرداری زمانی نەتەوایەتیی خۆی نابێت.

دەووترێت شاعیری بە توانا ئەو کەسەیە کە وشەی شیاو لە شوێنی شیاودا بەکاربهێنێت. ئەم دیاردەیە بەسەر نووسەرانی لێهاتوویشدا دەسەپێت. هەمان هاوکێشە پەل دەهاوێت بۆ کاروباری هونەریش، بەڵام بە جیاوازیی بەکارهێنانی ئامرازەکانی داهێنانەوە، ئەویش هەروەکو ڕەنگو بۆیەی شیاو لە شوێنی شیاودا بەکاربێتو دابنرێتو، هونەرمەند بتوانێت هەماهەنگیو هاوسەنگیو جۆرە گونجانێك لە نێوان ڕەنگەکاندا بهێنێتە کایەوە. خەڵکانی ئاسایی بەم ڕۆژگارە قسە دەکەنو وشەی هەمە جۆر بەسەر زاریاندا دێت، بێگومان هەموو ئەو قسەو دەمو دووانە سەرنگوم دەبنو نامێنن، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین وشەو ڕستەو بەیتی شاعیران بە درێژایی سەدانو هەزاران ساڵ بەرگەی کاتو وەختو زەمان دەگرن. شەکسپیر لە هەڵبەستێکدا دەڵێت: کە شیعرەکانی لە مەڕمەڕی کۆتەڵو پەیکەرەکان توندو تۆڵترو زیندووترن.

زمان ڕەگەزێکی کاریگەرە لە دنیای ئەدەبدا بە تایبەتی لە دنیای شیعرو شاعیریەتدا، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاماژە بۆ چەند ڕەگەزێکی تریش بکەین لە کاروباری داهێناندا، وەکو چڕو پڕی گەوهەرو دەوڵەمەندیی ناوەڕۆك. شاعیرانو نووسەران بێ وچان لە گەڕاندان بە دووی وشەو ڕستەی شیاوی کاریگەردا، هەردەم لە گەشتو سەفەردان لە جیهانی بەرینی زماندا. دەوترێت کە کچی نووسەری ئێرلەندایی (جێمس جۆیس) تووشی

نەخۆشیی دەروونی دەبێت. جۆیس لێدەبڕێت کە ڕوو بکاتە لای دەروونناسی ناسراو (یۆنگ) بۆ چارەسەر کردنی کچەکەی. بەو زانایە ڕادەگەیەنێت کە کچەکەی هەردەم وشەو ڕستەی سەیرو سەمەرە بەسەر زاریدا دێت. (یۆنگ) بۆی ڕووندەکاتەوە کە کچەکەی نوقمی نێو دەریای زمان بووە. جۆیس دێتە قسەو دەڵێت: کە خۆیشی وەکو کچەکەی وشەو ڕستەی سەیرو سەمەرە بەکاردەهێنێتو وێڵی نێو دەریای زمانە.. یۆنگ وەڵامی دەداتەوەو دەڵێت ڕاستە کە نووسەر خۆیشی نوقمی دەریای زمان بووە، بەڵام لە ژێر دەریادا دوڕو مرواری دەردەهێنێت، لە کاتێکدا کچەکەی لە نێو دەریای زماندا بزر بووە. ڕۆژێك هەژاری شاعیر لە مەجلیسێکدا دادەنیشێتو یەکێك لە دانیشتووان بە خراپە باسی کەسێکی تر دەکاتو دەڵێت: ئەو کەسە ئەوەندە ناهەموارە تەنانەت یەکەی عەرەبیش پاکی ناکاتەوە..! هەژاری عاشقی زمان وشەی ڕەسەنی کوردیش بە سەرسامییەوە داوا لە کابرا دەکات تاوەکو ڕستەکەی بۆ دووبارە بکاتەوە..! لە ئەنجامدا بۆ هەژار دەردەکەوێت کە میللەتی کورد کاتی خۆی بە شەتی عەرەبیان وتووە یەکەی عەرەبی.. لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆژێك سەردانیی دەزگای ڕۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردیم کرد لە شاری بەغدادا. لەوێدا چاوم بە خوالێخۆشبوو مامۆستا مستەفا نەریمان کەوت. ئەوەبوو پارچە کاغەزێکی لە گیرفانی دەرهێناو، پێمی وت کە لە نێو نووسینە بڵاوبووەکانمدا چەند وشەیەکی نامۆم بەکارهێناوە کە وشەی ڕەسەنی کوردی نین، ئەویش لە ئاستی خۆیەوە ئەو وشانەی لە نێو ئەو پارچە کاغەزەدا نووسیوەو داوای لێکردم کە خۆم لە بەکارهێنانی ئەو وشانە بە دوور بگرم.. بە بینینی کاغەزەکەو پێشنیازەکانی مامۆستا نەریمان شادیو بەختەوەری دایگرتم. هاتمە قسەو پێم وت مامۆستای بەڕێز لە لایەکەوە خۆشحاڵم بەوەی کە نووسەرێکی وەکو بەڕێزتان نووسینەکانی من دەخوێننەوەو، لە لایەکی تریشەوە شادو کامەرانم کە بەڕێزتان ڕێنماییم دەکەنو هەڵەکانم بۆ دەستنیشان دەکەن. پێویستە لەسەر نووسەران کە بە گیانێکی لەخۆبوردووییەوە عەوداڵی فێربوونی زمانی پاراو بن. گەر نووسەران لە گەڕانو سۆراخی هەمیشەییدابن بۆ بەدەستهێنانی بابەتو ناوەڕۆکی

بەرهەمەکانیان، دەبێت بە هەمان گوڕو توانـاوە پایدۆزی زمان بنو لە گەڕانو پشکنینی بێوچاندابن بۆ دۆزینەوەو بەکارهێنانی وشەو ڕستەی ڕەسەنو سەرنج ڕاکێش.

گونـدو لادێکـان لـە کۆمەڵگـەی کوردەواریـدا کانگـای زمـانی ڕەسـەنی کـوردین. گوندنشینەکان بە بێ کاریگەرێتیی زمانانی دەوروبەر، هەردەم پشتاو پشت پارێزگاری لە زمانی پاراوی کوردی دەکەن. من وەهـای تێدەگـەم گـەر هـەر نووسـەرێکی کـورد لـە گوندو لادێدا بۆ ماوەیەك نەژیابێتو تێکەڵ بە گوندنشینەکان نـەبووبێت، ئـەوا هەرچـەند نووسەرێکی بە بڕشتو بە توانا بێت هـەرگیز لـە توانایدا نییـە زمـانێکی کۆكو تۆکمـەو پاراو لە نووسینەکانیدا بەکاربهێنێت. هـەموو نووسـەرێك بـۆی هەیـە گـەر خـۆی مانـدوو بکات لە ئەنجامدا بتوانێت زمانێکی بێ خەوش بهێنێتە کایەوەو بە بێ هەڵەیش ڕەچاوی ڕێزمانو جۆری داڕشتنی باو بکات، بەڵام ئایا ئەو نووسەرە بۆی هەیە بە زمانێکی ئـەوتۆ بنووسـێت، کـە خوێنـەر سەرسـامو کەمـەنکێش بکـات..!؟ لـە وەڵامـدا دەڵـێین ئـەو نووسەرانەی کە خاوەنی زمانی قووڵو پـاراون لـە ڕاسـتیدا ژمارەیـان بـە ڕادەیـەکی زۆر کەمـەو، بـە دەگمـەن ئـەو نووسـەرو شـاعیرانە سـەرهەڵدەدەن، کـە خـاوەنی زمـانێکی تایبەتیی خۆیانبنو وەکو تەلەسمبازیش هەستو هۆشی خوێنەر بۆ لای زمانە دەگمـەنو دانسقەکەی خۆیان بەکێش دەکەن. بێگومـان ئـەو نووسـەرو شـاعیرە کوردانـەی کـە بـە ڕادەیەکی زۆر زمانزانو شارەزاییان لە بنجو بنەوانەی زمـانی کوردیـدا هەیـەو ئاگـاداری نهێنییەکانی زمانن، دەبینین بۆ ماوەیەکی زۆر لە لادێکانـدا ژیانیـان بەسـەر بـردووەو لـە نزیکەوە تێکەڵ بە خەڵکی گوندەکان بوونە. لێرەدا بۆمان هەیە کە نـاوی چـەند شـاعیرو نووسەرێکی زمانزانی کورد بهێنین وەکـو: گـۆرانو هـەردیو هـێمنو ئیـبراهیم ئەحمـەدو هەژارو مەلا شکورو عەزیز گەردیو عەزیزی مەلای ڕەشو مەسعود محەمەدو.. هتد. ئـەم بەڕێزانەیش بە حوکمی ژیانی تایبەتییان هەردەم لە گەڕانو ئەمسەرو ئەوسـەردا بوونـەو تێکەڵ بە خەڵکانی عەشایەرو تیرە جیاجیاکانی کورد بوونە.

نازانم حیکمەت شاعیری تـورك كـاتی خـۆی وتویـەتی: گـەر دەسـتم بـڕوات بـە زۆرەملـێ شاعیرانی تورك بۆ ماوەی چووار ساڵ دووردەخەمەوە بۆ نێـو گونـدە تـورك نـشینەكانی ئـەنادۆل، ئـەویش لـە پێنـاوی ئەوەیـدا كـە فێـری زمـانی تـوركی بـبن‌و شـارەزایی لـە زمانەكەیاندا پەیدا بكەن. بێگومان ئەو شاعیرە توركە ناسراوە لە خۆڕایی ئـەو قـسەیەی نەكردووە، بەڵكو گرنگیی ناوەڕۆك‌و كرۆكی قسەكەی خۆی بە باشی زانیوە.
وەها پێویست دەكات كە شاعیران‌و نووسەران بە تـەنیا پـەنا نەبەنـە بـەر خوێندنـەوەی كتێب‌و بەسەركردنەوەی چاپەمەنییەكان بۆ فێربـوونی زمـان، بـەڵكو پێویـستە بكەونـە گەڕان‌و سۆراخی بێوچان‌و تێكەڵ بە خەڵكی سادەو ساكاری شـارەكان بـبن، لـە هـەمان كاتدا ڕووبكەنە گوندو لادێكان بۆ ئەوەی لە ناوەڕۆكی زمانی پاراوی كوردی تێبگەن. بـۆ ئەوەی بە لەخۆبووردەییەوە لە ڕێگەی زمان‌و دەمودووی خەڵكییـەوە فێـری زمـان بـبن.
وەك زانـراوە هــەر چـین‌و توێــژو خــاوەن پیـشەیەكیش تاڕادەیــەك جـۆری دەم‌و دوو گفتوگۆیـەكی تایبـەتیی خۆیـان هەیـە. لێـرەدا پێویـستە نووسـەر شـارەزایی هـەبێت لـە شێوازی بەكارهێنانی زمان لەلای چین‌و توێـژو خـاوەن پیـشە جیاجیاكـانی كۆمـەڵ. لـە هەمان كاتدا زۆر گرنگ‌و پێویستە كە نووسەری كورد جگە لە زمانی زگماكی خۆی, یـەك دوو زمانی تـریش بـە باشـی بزانێـت وەكـو عـەرەبی‌و فارسـی‌و ئینگلیـزی‌و فەرەنـسی.. تاوەكو بتوانێت مانای وشەو ڕسـتەكانی زمانەكـەی خـۆی لەگـەڵ زمانـانی تـردا بـەراورد بكات.

# دوو شاعیری ڕۆمانسیی ئینگلستانی

سامۆئێل تایلەر کۆلیریج (١٧٧٢ – ١٨٣٤) یەکێکە لە شاعیرە ئینگلستانییە ڕۆمانسییە هەرە ناسراوەکان، شانبەشانی شیعریش هەردەم بابەتی ڕەخنەییشی دەنووسی، شاعیر لە ماوەیەکی کەمی ژیانیدا شیعری هۆنیەوە، لە پاشاندا کۆڵیدا و وازی لە دنیای شیعر هێنا، ئەوەبوو پاشتر ڕوویکردە دنیای سیحر و تەلیسمبازی و بابەتی تەمومژاوی.

هەڵبەستی (پیرەمێردی کەشتیەوان) باشترین نموونەیە بۆ توانا و بەهرەی لەبن نەهاتووی شاعیر، گەرچی خاوەنی کۆمەڵێك بەرهەمی پایەبەرز و نایابە، بەڵام هەمیشە ناو و شوورەتی پەیوەستە بە هەڵبەستی (پیرەمێردی کەشتیەوان)ەوە.. ئەم بەرهەمە جێ و ڕێیەکی تایبەتی و شیاوی هەیە لە دنیای شیعر و شاعیرییەتدا، تاکو ئێستا ئەم هەڵبەستە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان. لە هەمان کاتدا ئەم بەرهەمە درێژە چیرۆك ئامێزە، لەلایەن چەندین ڕەخنەگر و نووسەری جیهانیەوە هەڵسەنگێنراوە و بایەخی تەواوی پێدراوە و پلە و پایەی شیاوی پێ بەخشراوە.

هەڵبەستەکە لە ناوەڕۆکدا داستانێکی شیعرییە و لە خەیاڵ و ئەندێشەی شاعیرەوە سەریهەڵداوە، گەرچی بە ئەفسانە و تەلیسمبازی پۆشراوە، بەڵام لەگەلێك لایەنەوە لەگەڵ ڕاستییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا یەکانگیر دەبێتەوە. شاعیر توانیویەتی بە ئەندێشەی شاعیرییانەی خۆی بەشێوازێکی نایاب و شایستە دایڕێژێت و تێکڕای خوێنەران سەرسام بکات. کرۆکی هەڵبەستەکە بریتییە لە لە زۆرانبازی و ململانێ لەنێوان بەرەی چاکە و خراپەدا. کەشتیەکە بەسەر ڕووی دەریادا دەکشێت و، پیرەمێردەکەیش میوانێکی خۆی بە زۆرەملێ ناچار دەکات، کە لەسەر پشتی کەشتیەکە بمێنێتەوە و گوێبیستی چیرۆك و سەرگوزشتەی ژیانی خۆی بێت. بۆ میوانەکەی دەگێڕێتەوە گوایە ڕۆژێك لەنێو شەختە و

ئۆقیانووسی مەییودا بە خۆی و کەشتییەکەیەوە بزر و وێڵ دەبن، لەپڕ مەلی خوراڤ و داستانی (کادوس) هەڵدەکوتێتە سەر کەشتیەکە و خۆراکی نێو کەشتیەکە دەخوات. بەڵام پیرەمێردەکە دەتوانێت ئەو مەلە خورافیە بکوژێت و ڕزگاری بێت لێی، هەموو ئەم ڕووداوانە بە زمانێکی شیعریی باڵا داڕێژراون.

*　　*　　*

قوتابخانەی ڕۆمانسی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمدا لە وڵاتی ئینگلستاندا هاتە کایەوە و چەندین شاعیری سەرکەوتووی هەست ناسکی گرتەئامێز، کە هەریەك لەو شاعیرانە خاوەنی ڕێچکە و ڕێبازی تایبەتی خۆیانن لە بازنەی ڕۆمانسیەتدا وەکو (شیللی و کیتس و کۆلیریج و لۆرد و بایرۆن و هاینی و.. هتد)، کاریگەریێتیی شاعیرە ڕۆمانسیە ئینگلستانییەکان هەردەم لەئارادا بووە، بۆ نموونە هەردوو شاعیری ڕۆمانسیی کورد گۆران و ئەحمەد هەردی بە ڕادەیەکی زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەریێتیی شاعیرە ڕۆمانسیە ئینگلستانییەکانەوە.

(جۆن کیتس)یش، یەکێکە لەو شاعیرە ڕۆمانسییە ئینگلستانیە هەست ناسکە لێهاتووانە. شاعیر لە ساڵی (١٨٢١) دا هاتۆتە دنیاوە، بەڵام ژیانێکی پڕ بە پیت و بەرەکەتی بردەسەر و لە تەمەنێکی کورتدا لە بیست و پێنج ساڵیدا بە نەخۆشی ئیسقا (سل) کۆتایی بە ژیانی هات.

کیتس توانی بەهرەی شیعری و زانیاریی نوژداری پێکەوە بلکێنێت. بە درێژایی چەند ساڵێك لە بواری نوژداریدا خوێندی و لەسەر نەشتەرگەری مەشقی کرد. هەندێك وەهای بۆدەچن گوایە شاعیر بە نابەدڵی دوور لە ویست و ئارەزووی خۆی بابەتی نوژداری خوێندووە. هەندێکی تریش بە پێچەوانەی ئەم ڕایەوە بیردەکەنەوە، بەتایبەتی نووسەرێك بەناوی (ڕۆبەرت گیتینگس) شوێن پێی ژیانی شاعیر کەوت، لەئاکامدا بۆی دەرکەوت کە کیتس بە حەز و ئارەزووی خۆی زانیاریی نوژداری هەڵبژاردووە نەك بە زۆرەملێ.. کیتس چوار ساڵی ژیانی دواتری بۆ شیعر و هەڵبەست تەرخان کرد. نایابترین

هۆنراوەی خۆی بە بەرهەمهێنا و لە پاشاندا بە جوانەمەرگی سەری نایەوە و ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

(گیتینگس) لە لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێ: کە کیتس لە تەمەنی پازدەساڵیدا لەلای دکتۆرێك بەناوی (تۆماس هامۆند) کار دەکات. لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەست بە هۆنینەوەی شیعر و هەڵبەست دەکات. لە تەمەنی بیست ساڵیدا دەچێتە هەردوو نەخۆشخانەی (گایز) و (سانت تۆماس) لە شاری لەندەن. ئامادەی وانەکانی توێکاری و نەشتەرگەری کیمیاگەری دەبێت. بە ماوەیەکی کەم خایەن پلەوپایەی یارمەتیدەری دکتۆر بەدەست دەهێنێت. لە ئەنجامدا هێدی هێدی دەستبەرداری نوژداری دەبێت و بڕیار دەدات کە خۆی بۆ دنیای شیعر و شاعیرییەت تەرخان بکات.

لە پایزی ساڵی (١٨١٦) دا، کە هێشتا تەمەنی کیتس بیست و یەك ساڵی بوو، هەڵبەستێکی نایابی دانا و پیشانی ڕەخنەگری ئەدەبی (لی هانت)ی دا. ئەم ڕەخنەگرە لە ئاستی خۆیەوە هەڵبەستەکەی بە ڕادەیەکی زۆر دەچێت بەدڵدا و بڵاوی دەکاتەوە. لە پاشاندا ڕەخنەگر بابەتێکی ڕەخنەیی لەبارەی هەردوو شاعیری ڕۆمانسی (کیتس) و (شیللی)ەوە نووسی و، بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی شیعریی دەگمەن و دانسقەی لە قەڵەم دان. ئەمەیش بووە خاڵی وەرچەرخان لە ژیانی (کیتس) دا و، ڕێی بۆ مەیسەر کرد کە بە یەکجارەکی خۆی بۆ شیعر و هەڵبەست تەرخان بکات.

لە ڕۆژی سێی مانگی ئازاری ساڵی (١٨١٧) دا کیتس دیوانێکی بەناونیشانی (شیعرەکانم) بڵاوکردەوە. پاش چوار ساڵی ژیانی شاعیرێتی، مەرگ لەناکاودا یەخەی (کیتس)ی گرت و لە هەڕەتی لاوێتیدا ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

# پرۆسەی داهێنان لە دیدگای فرۆیدەوە

زانا و دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆند فرۆید) بە یەکێك لە زانا و نووسەرە هەرە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت. هیچ نووسەر و ڕۆشنبیر و بیرمەندێك لە جیهاندا بەدی ناکرێت گەر لە کتێبخانەکەیدا چەندین کتێب و نامیلکەی ئەم زانا بلیمەتەی تێدا نەبێت.

فرۆید خاوەنی کۆمەڵێك تاقیکردنەوە و تێڕامانی دەروونییە، تێکڕای تاقیکردنەوە و ئەزموونەکانی وەکو دکتۆرێکی دەروونناسی بوونە مایەی گەڵاڵەبوونی چەندین تیۆری بەناوبانگ و ناسراو لە بواری شیکاری و دەروونناسیدا. فرۆید هەموو بۆچوون و تیۆرەکانی خۆی کۆکردەوە و لە دووتوێی چەندین کتێب و نامیلکەدا دایانڕشتەوە. بەرهەمەکانیشی وەرگێڕدراونەتە سەر زۆربەی زمانانی زیندووی جیهان.بەناوبانگترین کتێبی فرۆید (لێکدانەوەی خەون)ـە.

فرۆید کابرایەکی کراوە و ڕووخۆش بوو، زۆری حەز بە گەشتوگوزار بوو بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا. زۆرجار لەگەڵ برادەرە نوژدار و زاناکانیدا گەشتوگوزاری دەکرد. کابرایەکی هاوچەرخی فرۆید لەبارەیەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لە سەردەمی سەرەتای ژیانیدا حەزی بە خوێندنەوەی سەرگوشتەی ژیانی سەرکردە سەربازییەکان بووە، وەکو (هانیبال) و (قەیسەر) و (ناپلیۆن)و.. هتد. لە هەمان کاتدا نەخشەیەکی جیهانی هەبووە، کە بە ئاڵای ودیلەی وڵاتان رازابووەوە. لەو سەردەمەیشدا تا ڕادەیەك لە بواری ڕامیاریدا بیروباوەڕی سۆشیالیستیی چووبوو بە دڵدا و لایەنگیریی لە لیبرالیزمی دەکرد، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی نازیزم و ئەڵمانیای هیتلەریدا تا ڕادەیەك بڕوای بە دیموکراسیەت نەماو پشتگیریی لە پیاوانی ڕۆشنبیر و لێهاتووی ئازا و بوێر دەکرد.

بێوچان دەیخوێندەوە و پەیتا پەیتا خۆی ڕۆشنبیر دەکرد و گرنگی بە ئەدەبیات دەدا، هەردەم بەرهەمەکانی (گۆتە) و (شکسپیر)ی دەخوێندەوە.

دەوترێت کە لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندنەوەی شانۆنامەکانی شکسپیر، لە هەمان کاتدا بە ڕادەیەکی زۆر (هۆمیرۆس)ی چووبوو بەدڵدا. بە چاوێکی ڕێزیشەوە دەیڕوانییە (فیلدنگ)ی ئینگلستانی و (ئەناتۆل فرانس)ی فەڕەنسایی و (مارك توین)ی ئەمریکایی.

فرۆید لە بەرهەمەکانی نووسەری ڕووسی دستۆیڤیسکی قووڵ ببووەوە و بابەتێکی پڕ بایەخی لەبارەی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەوە نووسی، بەتایبەتی لایەنی تاوانی کوشتنی باوك لە ڕۆمانەکانی دستۆیڤسکیدا سەرنجی تەواوی ڕاکێشابوو، بۆیە ئەم چەمکە گرنگەی خستە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەوە.

لە ساڵی (١٨٨٥) دا فرۆید بەمەبەستی خوێندن ڕوویکردە شاری پاریس. بۆ ماوەی شەش مانگ لە ژێر دەستی زانای ناسراو (ژان پارتین شارکۆ)خوێندی. ئەم زانا فەرەنسایە وەهای بۆ دەچوو گوایە بە ڕێگای خەواندنی موگناتیسیەوە، دەتواندرێت دیاردەکانی هیستیریا چارەسەر بکرێت. لە ساڵی (١٨٨٦)دا فرۆید خاتوو (مارتا برنایس)ی کردە هاوسەری خۆی و شەش منداڵی لێ بوو. ئەوەبوو یەکێك لە کچەکانی بەناوی (ئەننا فرۆید)بوو بەزانایەکی دەروونناسی. لەو ماوەیەدا فرۆید خۆی تەرخان کردبوو بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەمارگیری. لە زانکۆی (ڤیەننە)دا دەستی کرد بەوانە وتنەوە. لەساڵی (١٩٠٢)دا لەتەك چەند برادەرێکیدا کۆمەڵەی ڤیەننای بۆ شیکردنەوەی دەروونی دامەزراند. هەرکە نازییەکان دەستیان بەحوکمرانی کرد، (فرۆید)ناچاربوو بەرەو وڵاتی ئینگلستان هەڵبێت. هەر لەو وڵاتەدا لە ڕێکەوتی (٢٢)مانگی یازدەی ساڵی (١٩٣٩)کۆچی دوایی کرد. فرۆید لە بواری شیکاریی دەروونیدا دەستێکی باڵای هەیە. هەروەها لە ڕووی لێکدانەوەو ڕاڤەکردنی خەونیشدا خاوەنی تیۆری تایبەتی خۆیەتی. هەموو بۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بەدنیای جەنجاڵ و تێکچڕژاوی خەون لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (لێکدانەوەی خەون)تۆمارکراون و داڕێژراون.

ئـــەم کتێبـــە وەرگێردراوەتـــە ســـەر زمـــانی کـــوردیش. بـــەپێی بۆچـــوونی فرۆیـــد (ئاگایی)و(نائاگایی)دوو لایەنی گرنگی کەسایەتیی هەر تاکێك پێکدەهێنن. خـەونیش کـە لـەدنیای نائاگاییـەوە هەڵـدەقوڵێت بریتیـە لـە ئامرازێـك بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـارەزووە سەرکوتکراوەکان. داداییەکان کەلەپاش ساڵی (١٩١٦)دا لە ڕۆژئاوادا سەریانهەڵداو پـاش ئـەوانیش کـە سوریالیـستیەکان هاتنـە ئـاراوە، بەڕادەیـەکی زۆر پـەیڕەوکارانی ئـەو دوو ڕێبازە کەوتبوونە ژێر کاریگـەرێتیی تیۆرەکـانی فرۆیـدەوە. بەڕادەیـەکی زۆر گرنگیـان بەدنیای جەنجاڵی بێ ئاگایی و خەون و خـەیاڵ و ئەندێشەو فانتازیـا دەدا. ئـەم هـەموو چەمك و لایەنانەیش بەخەستی لەکارە هونەرییەکانیاندا ڕەنگیان دەدایەوە. فرۆیـد ڕووی خـۆی بـەلای داهێنەرەکانـدا وەرچـەرخاندو هەڵـسا بەشـیکردنەوەی بەرهـەمی چـەند داهێنـــەرێك لەمەیـدانی ئـەدەب و هونـەردا وەکـو لیۆنـاردۆ داڤینـشی و ڤـان گـوخ و دستۆیڤسکی و مارکێز دوسـادو چـەندانێکی تـر. لەئەنجامـدا وەهـای بۆچـوو گوایـە ئـەم کەسایەتییانە گەرچی خاوەنی توانای فیکری و زیرەکـی بوونـە و زۆریـش هەسـت ناسـك بوونە و بەڕادەیەکی زۆریش تامەزرۆی هونەر بوونـە، بـەڵام سـەرەڕای هـەمووی حـەزیان بەوەبووە کەسەرەنجی خەڵکی بۆلای خۆیـان ڕابکێـشن بەتایبـەتی ئافرەتـان و ڕەگـەزی مێینـە.. هـەر بۆیـە گرنگیـدان بـەخودی کەسـایەتی داهێنـەر کـرۆك و پاڵنـەری چـالاکی هونەری و ئەدەبی لەلای داهێنەر پێکدەهێنێت. فرۆیـد وەهـای تێـدەگات کەهونەرمەنـد دووچـاری نەخۆشـیی دەروونـی (NEUROSES)ــە هۆیەکەیـشی دەگەڕێتـەوە بـۆ شێواوی ئارەزوو خەفەکراوەکان و توانای سێکسییەوە کەناوی بـە (LIBIdO)دەبـات. داهێنـــەر لـــەپێناوی ڕزگـاربوون لـەو نەخۆشـییە، بەنائاگاییـەوە بـەرەوە (هەڵکـشان-تسامی-SUBLIMATION )دەچێت. ئەمەیش مانای وایـە کەداهێنـەر بـازدەدات بەسەر کێشە سێکسییەکانیەوەو، بەرەو هەڵکشان و بەرزبوونەوە دەڕوات و بـەکاروبارو چـالاکی ئـەدەبی و هونـەری هەڵدەسـتێت، بـەم پێیـەیش کێـشە سێکـسییەکانی پـەرە پێـــدەدات و دەیانکـــات بەبابـــەتی پـــڕ لەبایـــەخ و گرنگـــی کۆمەڵایـــەتی.. لـــەبواری کیماسازیشدار هەڵکشان هەیە، بەو مانایەی کەمادەیەك لە دۆخێکی ڕەقەوە هەڵبکشێت

و بچێت بۆ دۆخێکی گازی. ئەم زاراوەی هەڵکشانە لە بواری هونەرو ئەدەبیشدا بەدی دەکرێت، کەتواناو ئارەزووەکانی داهێنەر لەبواری کێشە دەروونیە سێکسیەکانەوە بەرزبێتەوەو هەڵبکشێت بۆ دنیای هونەرو ئەدەب کەمانای بەرزی و بڵندی دەبەخشێت. بەم پێیەیش هەڵکشان بریتیە لە پرۆسەی گۆڕانکاری لە ئاستی پاڵنەرە خۆڕسکیە ناکۆك خوازەکان و ئارەزووە سێکسییە سەرکوتکراوە تێرنەکراوەکان و، بەرزکردنەوەیان بەرەو ئاستی چالاکی و داهێنانی ئەدەبی و هونەری و فیکری وەکو وێنەکێشان و پەیکەرتاشی و چیرۆك و ڕۆمان نووسین و کاروباری شانۆیی و سینەمایی و داهێنانی دروستکاری و وەرزش و نوژداری و.. هتد. ئەم پرۆسەیەیش وەکو فرۆید بۆی دەچێت بریتیە لە وەرچەرخاندنی ئارەزووی سێکسی بەرەو ئامانجی ئەدەبی و هونەری و فیکری. ئەم حاڵەتەیش پاڵنەرو خواستە دوژمنکارییەکان بەرزو بڵند دەکاتەوە بۆ ئامانجە کۆمەڵایەتیە پیرۆزە لەبەرچاو گیراوەکان، بۆ نموونە مارکێز دوسادو جان جینێ لەکەسانێکی خواست نزمەوە بەرەو ئاستی نووسەرێکی ڕێزدار هەڵکشان و بڵندبوونەوە. زۆربەی تێوەرەکانی فرۆید لە ئارەزووە سێکسیەکانەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمەیش مانای ئەوە دەبەخشێت کە فرۆید لەم ڕووەوە زیادەڕۆیی کردووە، وەهایشی کردووە کەلەلایەن چەندین بیرمەندەوە ڕەخنەی لێبگیرێت. فرۆید لەشاری ڤییەننادا پەروەردەبوو، ئەو شارەیش بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی پایتەختی ئیمپراتۆرییەتێکی ناسراوبوو. ژنان و خانمانی چینە دەستڕۆ و فەرمانڕەواکان لەڕووی توانای مادی و پۆشاك و خۆراکەوە تێربوون، بەڵام لە ڕووی سێکسیەوە برسی و چاوچنۆك بوون. ئەمەیش وەهای کردبوو کەنەخۆشیی دەروونی لە نێوانیاندا بڵاوبێتەوە. زۆرێك لەو خانمانەیش ڕوویاندەکردە لای فرۆید بۆ چارەسەرکردن. ئەم دیاردەیەیش بەڕادەیەکی زۆر ڕەنگی دایەوە لەسەر تێوەرەکانی فرۆید.. گەر بهاتبایە فرۆید لە ژینگەیەکی تردا بژیایە، لەوانەبوو تێوەرەکانی بەئاراستەیەکی دیکە ڕێچکەیان بگرتایەتەبەر.. بۆپەرچدانەوەو بەرهەڵستکردنی تێوەرەکانی فرۆید، دەڵێین بۆنموونە (چارلس دیکنز)لەئاکامی هۆکاری ئابوورییەوە دەینووسی نەك سێکسی، تاوەکو لەڕێگەی داهاتی

نووسـینەكانیەوە خێزانەكـەی بـەخێو بكـات. بەهـەمان شـێواز دستۆیڤـسكی لـەپێناوی بەدەســتهێنانی پــارەو پولــدا دەینووســی. لەســاڵی (١٧٣٢)دا ڤــۆلتێر نامەیــەك بــۆ (لیڤیبەر)ی هاوەڵی دەنووسـێ و دەڵـێ: (پێویـستە مـێش هەنگـەكان هـەنگوین بەرهـەم بهێنن، یاخود كرمی ئاوریشم ماددەی ئاوریشم بهێننە بەرهـەم. شـاعیریش بۆیـە دەبێـت بەشاعیر چونكی سروشـت ئـەم شـتەی بەسـەردا سـەپاندووە..)(ئەنـدرێ جیـد)لـەبارەی نووسینەوە دەڵێت: (قورسترین شت لەدنیادا ئەوەیە كـەمرۆڤ دەسـت بەنووسـین بكـات. چونكی پیشەی نووسین پێویستیی بەدڵسۆزی و پاك ڕەوشتی هەیـە..) ئێمـەیش بۆمـان هەیـە بەرپـەرچـی هەنـدێك لـە بۆچـوونەكانی فرۆیـد لـە بـارەی داهێنانـەوە بدەینـەوە، كەداهێنان پەیوەست دەكـات بـەئارەزووە سێكـسیەكانەوە. دەپرسـین و دەڵـێین داخـۆ دەبێـت هۆكـارە سێكـسیەكان لـەپاڵی (مـەم و زیـن)ە كـەی (ئەحمـەدی خـانی)و(ئـەی ڕەقیب)ە كەی شاعیر (دڵدار)ە وە بووبێتن.!؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، بەڵكو هەسـتی نەتەوایەتی هۆكاری سەرەكی و پاڵنەری بنەڕەتی بوون بۆ داهێنـانی ئـەو دوو شـاكارەو، چەندین شاكاری تر لەكوردستان و سەرانسەری جیهاندا..

# ئافرەت لە ژیانی نووسەراندا

**هەمینگوای و ئافرەت:**

زۆرجار وەها ڕێکدەکەوێت کە چەند کەسایەتییەکی نێو ڕۆمانی نووسەرێکی ناسراو لە ژیانی راستەقینەوە هەڵهێنجرابێت. ئەمەیش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە نووسەر کاتی خۆی لەگەڵ چەند کەسانێکدا ئاشنایەتیی پەیدا کردبێت و ئاگاداری هەڵسوکەوتیان بووبێت و، لە پاشاندا سیما و ڕەنگ و ڕووی ئەو کەسانەی گواستبێتەوە بۆ نێو نووسینەکانی. بێگومان ئەم کارەیش بەو سووك و ئاسانییە نییە، بەڕادەیەك کە نووسەر دەقاودەق ئەو کەسایەتییانە هەروەکو ئەوەی کە خۆیان هەن بیانگوازێتەوە بۆ نێو بابەتە ئەدەبییەکانی، بەڵکو زۆرجار نووسەر دەستکاریی ناوە راستەقینەکانیان دەکات و لە دووتوێی بەرهەمەکانیدا ناوی تازەیان بۆ دەستنیشان دەکات. هەروەها بەپێی رەوتی ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکەی دەستکاریی چەند لایەنێکی ژیانیان دەکات و ئەوسایش بەشێوازێکی هونەری و ئەدەبیی شیاو بەرجەستەی کەسایەتییان دەکات. گەر نووسەر کتومتو دەقاودەق ناوی کەسایەتییەکان وەکو خۆیان تۆمار بکات، لەوانەیە تووشی کۆمەڵێك کێشەو دەردەسەری ببێت.

لەنێو ڕۆمانی (ماڵئاوایی لە چەك)ی نووسەری ئەمریکایی "ئێرنیست هەمینگوای"دا، خاتوو "کاترین بارگلی" وەکو یەکێك لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکەدا دەکەوێتە پێش چاو. کە لە ریزی سوپادا زۆر بە چوست و چالاکییەوە بەکاری تیمارکاری و برین پێچی هەڵدەستێت. لە پاشاندا (فریدریك هنری) وەکو ئەفسەرێکی لاو پەیوەندیی دڵداریی لەگەڵدا دەبەستێت. لەڕاستیدا تاڕادەیەکی زۆر ئەو ئەفسەرە بەرجەستەی کەسایەتیی نووسەر خۆی دەکات، کە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا

وەکو ئەفسەرێکی فریاکەوتن لە ڕیزی سوپادا کاری دەکرد. ئەو کیژە برین پێچەیش ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی خاتوو (ئاگنیس کرۆفسکی)یە کە هەمینگوای حەزی لێکردبوو. پاش ئەوەی هەمینگوای لە بەرەی جەنگ لە ئیتالیادا بریندار دەکرێت، لە نەخۆشخانەی شاری (میلانۆ)دا چاوی بەو کیژە دەکەوێت و حەزی لێدەکات. خاتوو کرۆفسکی لەشاری واشنتۆنی ئەمریکاییدا پەروەردە ببوو، لەتەمەنی بیست و شەش ساڵیدا دەبێت و نووسەریش لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا دەبێت، کاتێک لە ڕیزی سوپادا ئاشنای یەکتری دەبن و خۆشەویستی لەنێوانیاندا سەر هەڵدەدات.

پاش کۆتایی هاتنی جەنگ هەمینگوای لە وڵاتی ئیتالیاوە بەرەو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەفەر دەکات و ئیتر لە یەکتری دادەبڕێن. ئەوەبوو خاتوو کرۆفسکی شووی بەکابرایەکی ئەمریکایی کرد بەناوی "ولیەم ستانفیلد"ەوە.

پاش مردنی خاتوو کرۆفسکی لە ساڵی (١٩٨٤)دا مێردەکەی یاداشتی ژنەکەی لەمیانی ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ڕەوانەی ئەرشیفی هەمینگوای دەکات کە ئەویش لەساڵی "١٩٦٠"دا کۆچی دوایی کردبوو.. لەنێوان نووسەر و ئەو ئافرەتەدا گەلێک نامەو پەیامی دڵداری بەرچاو دەکەون. هەر لەبەر ئەوەی کە ئەو ئافرەتە بەتەمەن لە هەمینگوای گەورەتر بوو، بۆیە هەندێک جار لە نامەکانیدا دەنووسێت "کوڕە خۆشەویستەکەم".. "ڕۆڵە شیرینەکەم".. "زۆر زۆرم خۆشدەوێیت"..

ولیەم جێمس و ئافرەت:

ولیەم جێمس "١٨٤٢-١٩١٠" کە دەکاتە برای ڕۆماننووسی ناسراو "هینری جێمس"مامۆستای فەلسەفە و دەروونناسی بوو لە زانکۆی "هارڤارد"ی ئەمریکاییدا. سەرجەمی زانیاری و هزر و بیری خۆی لە کتێبی "بنەماکانی دەروونناسی"دا تۆمار کرد. ویلیەم بەوە ناسرابوو کە زۆر گاڵتەچی و خاوەنی قسەی حازر بەدەست بوو. هەردەم بەڕوخسارە لاوازەکەیەوە و دەم بەخەندە لەنێو قوتابیەکانی خۆیدا لەزانکۆ باسی نهێنیەکانی ژیانی خۆی دەکرد. زۆر حەزی بەوە بوو کە بەگاڵتە و گەپ بدوێ و زەردەخەنە ئاوێتەی باسی ڕووداوە تاڵ و دڵتەزێنەکان بکات. جاروبارێش قوتابیەکانی

ناچار دەبوون پرسیاری ئاراستە بکەن، سەبارەت بەوەی کە ئایا بەڕاستی دەدوێت یاخود گاڵتەو بەزم سازدەکات..!؟

لە سەردەمی لاوێتیدا خەم و پەژارە دایدەگرت و ژیانی لێ تاڵ دەبوو. تەنانەت جارێکیان ویستی بەدەستی خۆی کۆتایی بەژیانی خۆی بهێنێت. جارێکیان پرسیاریان لێکرد کە ئایا چۆن ژیانت کەوتە پێش چاو؟ لە وڵامدا وتی:

ژیان گەورەترین سەرکێشیە، چونکی گەورەترین و مەزنترین تاقیکردنەوەیە.. بەڵام بەلای منەوە ژیان بریتی بوو لە هەوڵ و کۆششی بێ وچان، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ئێش و ئازار و دەرد و ئێشانەی کە تووشم بوون. ئەوەیش بووە بنەچەی فەلسەفەکەم. هەرچەند خۆم بەئیش و کارەوە خەریك دەکرد، لەنێو چاوی باوکمەوە هەستم بە میهرەبانی و بەزەیی دەکرد. بۆم دەرکەوت کە نرخ و بەهای راستەقینەی مرۆ، بەتەنیا لەنێو هزر و بیر و زانیارییەوە کۆنابێتەوە کە پێشکەش بە خەڵکی دەکات، بەڵکو لەنێو ئەو ڕێز و حورمەت و خۆشەویستییەوە چڕ دەبێتەوە کە بەسەر زاری خەڵکیدا دێن.. بەڕاستی قوتابییەکانم خۆشیان ویستم و منیش لە ئاستی خۆمەوە هەموو دنیام خۆشدەویست..

ویلیەم جێمس لەبارەی سیحری ئافرەتەوە دەڵێ:

کاتێك ئافرەت دەم و لێوی جووت دەکات و بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت و ورتە لە دەمیەوە دەرنایەت، ئەوا لەو حاڵەتەدا خۆی دەکات بەجوانترین و سەرنج ڕاکێشترین ئافرەتی سەر ڕووی زەوی. ئەو نهێنییە قووڵەی کە لە بێدەنگیەکەیدا کەسایەتیی گەمارۆ دەدات، دەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانی تەواوی پیاوان بۆلای خۆی زیاتر لە لەش و لارو لەنجەو دەم و دووی.. بێ دەنگیی ئافرەت و بزە شیرینەکەی بەتەواوەتی پیاو تووشی واق وڕمان دەکات، بۆیە لەو بارودۆخەدا ئافرەت دەتوانێت هەست و هۆش و بیری پیاو داگیر بکات.. ویلیەم جێمس لەم ڕووەوە درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێ:

ئێستایش لە یادمە کە چۆن داوای دەستی ئەو کیژەم کرد کە پاشتر بوو بەهاوسەری ژیانم. کاتێك داوام لێکرد شووم پێبکات هیچ ورتەیەکی لەدەم نەهاتەدەرێ. تەنانەت

دەرهەق بەپرسیاری باوکیشی لەم بارەیەوە نەهاتە وەڵام.. ئەوەبوو لە سووچێکی ژوورەکەدا بەبێ دەنگی بەپێوە وەستابوو. بەڵام هەرکە تەماشام کرد، بینیم تێکڕای روخسار و دەم و رووی قسان دەکەن.. بەتیلەی چاوو بەبزەی لێو بۆم هاتبووە گۆ.. لەمیانی بێ دەنگیەکەیدا قوڵایی ناخیم خوێندەوە کە دەیووت: ئەی لاوە قۆزەکە چەندم خۆش دەوێیت.. !

# ئەدەب و هونەر و گیانی نەتەوایەتی

هەندێك جار لەبارەی پێوەندیی نێوان هونەر و گیانی نەتەوایەتی مشتومڕ دێتە ئاراوە و کۆمەڵێك ڕاوبۆچوونی جیاجیا لەم ڕووەوە دەورووژێن، هەندێك هەن وەهای بۆ دەچن کە هونەر نیشتمانی نییە و بۆی نییە شەقڵ و مۆرکی نەتەوایەتیی پێوە بلکێت، گوایە لە هەر شوێن و سەردەمێکدا هونەرێکی ڕەسەن بێتە ئاراوە، ئیتر ئەو هونەرە دەبێتە موڵکی هەموو میللەتانی دنیا بەبێ جیاوازی. لەلایەکەوە هونەری ڕەسەن خزمەت بە تێکڕای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەگەیەنێت و لەلایەکی تریشەوە کرۆك و ناوەڕۆکی هونەر بریتییە لە هەوڵ و تەقەللایەك بۆ دەربڕینی ناخ و دەروونی مرۆڤ و دەستنیشان کردنی کێشەکان و دەرخستنی گرفتە چارەنووسسازەکان. بەپێی بۆچوونی ئەم تاقمە دەبێت ئەو ڕاستییە بوترێت کە بۆ نموونە نووسەرێکی وەکو شکسپیر بە تەنیا موڵکی میللەتی ئینگلستانی نییە، بەڵکو هەموو میللەتانی جیهان بۆیان هەیە شکسپیر بە نووسەری خۆیان دابنێن. خاوەنی ئەم ڕاوبۆچوونانە لەسەر قسەکانیان دەڕۆن و دەڵێن ئێمەی ئادەمیزاد تێکڕا لەسەر ئەم گۆی زەویەدا وەکو کۆمەڵگەیەکی گەورە پێکەوە دەژین، چارەنووسی هەموومانیش بەیەکەوە گرێدراوە. بۆ پاڵپشتی ڕاوبۆچوونەکانیان نموونە دەهێننەوە و دەڵێن گەر هەر کۆدەتایەکی فیکری و ڕۆشنبیری و هونەری و زانیاری و پیشەسازی بێتە ئاراوە، ئەوا دەبینین سەرجەمی ئەو دیاردانە زۆر یا کەم کاردەکەنە سەر تێکڕای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی، یاخود گەر کەش و هەوا و ژینگە و دەوروبەر تووشی پیس بوون و لەوتاندن بوو(تلوپ البيئە)، دەرئەنجامەکەی بەسەر چارەنووسی تێکڕای میللەتانی جیهاندا بەبێ جیاوازی دەشکێتەوە.

دەستە و گرۆیەکی تریش هەن کە سەرپێچی ڕاوبۆچوونی تاقمی یەکەم دەکەن و بە پێچەوانەی ئەوانەوە دەدوێن و لەسەر گیانی نەتەوایەتیی هونەر جەخت دەکەن و وەهای تێدەگەن کە هونەری ڕەسەن لەمیانی کەش و هەوایەکی نەتەوایەتییەوە ڤیزە وەردەگرێت تاوەکو خۆی بگەیەنێتە ئاستی هونەری جیهانی.گەر هونەر توانی ببێت بە ئاوێنەیەك بۆ دەربڕینی هەست و نەست و خواستی گەل و نەتەوەیەك، بێگومان لەم حاڵەتەدا ڕەسەنایەتی و مۆرکی جیاواز و تایبەتمەندێتیی خۆی دەپارێزێت. ڕاستە کە ناوەڕۆکی هونەری پەیوەستە بە کێشە و گرفتە لەبن نەهاتووەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام بە درێژایی مێژوو هیچ هونەرێکی ڕەسەن بەدی ناکرێت بەدەر لە شەقڵ و مۆرکی نەتەوایەتی، بۆیە هەردەم ئەدەب و هونەر پۆلێن دەکرێن و بۆ نموونە دەڵێن: هونەری میسریی فیرعەونی و هونەری سۆمەری و هونەری ئاشووری و هونەر و ئەدەبی گریکی کۆن و ئەدەبی ئەمریکی یاخود ڕووسی یاخود فەڕەنسی یاخود کوردی یاخود ئەدەبی ئەمریکای لاتینی.. بۆ پاڵپشتی کردن لەم بۆچوونانە و پێداگرتن لەشەر شەقڵ و مۆرکی نەتەوایەتیی هونەر نموونە گەلێك زۆرن، ئەوەتا ئەدەبی ئەمریکی و ئەدەبی ئینگلیزی بەیەك زمان دەنووسرێنەوە، بەڵام هەردەم لەکاتی باس و لێکۆڵینەوەدا بەدوو ئەدەبی جیاواز پۆلین دەکرێن و دەوترێت ئەدەبی ئەمریکایی و ئەدەبی ئینگلستانی. یاخود ئەدەبی ئیسپانی و ئەدەبی ئەمریکای لاتینی هەردووك بە زمانی ئیسپانی دەنووسرێن، بەڵام وەك دوو ئەدەبی جیاواز دەستنیشان دەکرێن و دەوترێت ئەدەبی ئیسپانی و ئەدەبی ئەمریکای لاتینی.

ڕێبازی کارتێکراوی (impressionism) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا لە وڵاتی فەڕەنسادا سەریهەڵدا. ناوەڕۆکی تابلۆ و نیگاری هونەرمەندە کارتێکراوییەکان بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ڕوواڵەتی ژیانی دانیشتووانی شاری پاریس و دەرخستنی دیمەنەکانی ئەوشارە، بۆیە ئەم ڕێبازە لە مێژووی هونەردا بە ڕێباز و قوتابخانەیەکی فەڕەنسایی ناودەبرێت. بزووتنەوەی دەربڕینخوازی (الحركە التعبيريە) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە وڵاتی ئەڵمانیادا سەریهەڵدا، هەر لەبەر ئەوەیشە بەم ڕێبازە دەوترێت

ڕێبازی دەربڕینخوازیی ئەڵمانی. هونەرمەندی ناسراوی جیهانی (ئیلیگریکۆ) لە بنەڕەتدا خەڵکی یۆنان و گریگ بوو، تەنانەت ناوی خۆیشی (ئیلیگریکۆ) پەیوەستە بەناوی وڵاتەکەیەوە. وەك زانراوە ئەم هونەرمەندە زۆربەی ژیانی لە وڵاتی ئیسپانیادا بردەسەر و هونەرەکەیشی بریتییە لە ڕەنگدانەوەی ژیان و گوزەران لە وڵاتی ئیسپانیادا، بۆیە هەردەم هونەری ئەم هونەرمەندە دەچێتە خانەی هونەری ئیسپانییەوە نەك هونەری گریکی، پێکاسۆ بە ڕەگەز ئیسپانییە، بەڵام لە وڵاتی فەڕەنسادا ژیا و هونەرەکەی ئاوێتەی ڕێباز و قوتابخانە هونەرییەکانی وڵاتی فەڕەنسا بوو، لەئاکامی ئەمەیشدا هەمیشە پێکاسۆ بە هونەرمەندێکی ئیسپانی ناودێر دەکرێت و هونەرەکەیشی لە مێژووی هونەردا دەچێتە خانەی هونەری فەڕەنساییەوە، بەهەمان شێواز (ڤان کوخ) بە هونەرمەندێکی هۆڵەندایی ناودەبرێت و هونەرەکەیشی دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی کارتێکراویی فەڕەنساییەوە، هەر ئەدەب و هونەرێك بگرین دەبینین هەڵقووڵاوی سەردەمێکی تایبەتییە لە شوێن و جێگە و وڵاتێکی تایبەتیدا. هەموو ئەمانە دەبنە هۆکار بۆ ئەوەی ببن بە خاوەنی خاسیەت و ناوەڕۆك و شێواز و تەکنیکێکی تایبەتمەند، کە جیای دەکاتەوە لە ڕەنگ و سیما و ناوەڕۆك و کرۆکی ئەدەب و هونەری دی.

(داڤینشی) و (مایکل ئەنجیلۆ) و (رافائیل) بە سێ هونەرمەندی سەردەمی ڕاپەڕین (ڕێنسانس) لە وڵاتی ئیتالیادا دەژمێردرێن. گەرچی هەموویان خاوەنی هەستی مرۆڤایەتی بوون و پەیامی جوانکاری و گیانی هونەرییان بۆ هەموو جیهان پەخش دەکرد، بەڵام شێوە و ناوەڕۆك و ڕەنگ و بۆی بەرهەمەکانیان بە گیانی نەتەوایەتیی ئیتالی موتوربە کراوە، ئێستا میللەتی ئیتالیا خۆی بە خاوەنی شەرعیی بەرهەمەکانیان دەزانێت و بەشێکی گرنگ لە مێژوویان پێکدەهێنێت، سەرەڕای هەمووی ئەمە ڕێگر نییە لەبەردەم تێکڕای میللەتانی جیهان کە شانازی بەو هونەرمەندانەوە بکەن و لەبەردەم بەرهەمە هونەرییەکانیاندا بکەونە تێڕامان و چێژی تەواویان لێ ببینن، هەروەها شانۆنامەکانی شکسپیر بە گیانێکی ئینگلستانی مرۆڤ پەروەرانەوە نووسراون بۆ هەموو میللەتانی جیهان.

(گۆیا)ی مەزن بە هونەرمەندێکی ئیسپانی مرۆڤ دۆست دەژمێردرێت، نیگار و تابلۆکانی مێژووی میللەتی ئیسپانی و کەش و هەوا و گوزەرانی ئەو وڵاتە پیشان دەدەن، ئەم ڕاسگۆییە هونەرییەیش وەهای کردووە، کە بەرهەمەکانی هونەرمەند ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر پەل بهاون و خۆیان بسەپێنن بەسەر حەز و چێژی تێکڕای مرۆڤ پەروەر و هونەر دۆستانی هەموو دنیا.

پێکاسۆ سەرەڕای ئەوەی هەموو ژیانی لە وڵاتی فەڕەنسادا بردەسەر و هونەرەکەیشی بەشێکی گرینگ لە مێژووی هونەری فەڕەنسایی پێکدەهێنێت، بەڵام لە دیگای مرۆڤێکی ئیسپانییەوە هەڵی دەڕوانی، تەنانەت مەزنترین تابلۆی خۆی کە (گێرنیکا)یە پێوەندیی بە قۆناغێکی خوێناویی مێژووی وڵاتی ئیسپانیاوە هەیە.

تیۆرەکانی ئەرستۆی فەیلەسووف لەبارەی هونەری شیعرەوە پەیوەستە بە سەردەمی یۆنانیی دێرینەوە، تیۆرەکانی (بریخت)یش لەبارەی شانۆوە سەرپێچی بۆچوونەکانی ئەرستۆ دەکات، بگرە بەروبوومی قۆناغێکی تایبەتییە لە وڵاتی ئەڵمانیا و پێی دەوترێت شانۆی داستانی و بەشێکە لە مێژووی ئەدەب و هونەری وڵاتی ئەڵمانی، لە هەمان کاتدا گەنجینەیەکی بەنرخی مرۆڤایەتی پێکدەهێنێت.

لێرەدا پرسیارێکی گەلێك گرنگ سەر هەڵدەدات و ڕوو بەڕوومان دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئایا گەر هونەرمەندێك یاخود نووسەرێك دوور لە مەنزڵگەی خۆی بە غەیری زمانی ڕەسەنی خۆی کەوتە کارکردن، ئایا بەرهەمەکانی دەچنە خانەی چ نەتەوەیەکەوە..؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەڵێین هەر هونەرمەندێك دوور لە زەوی و زاری وڵاتی خۆی بە زمانێکی بیانی کەوتە کارکردن، ئەوا بەرهەمەکەی دەچێتە مێژووی ئەو زمانەی کە بەرهەمەکەی پێ داڕێژراوە. بۆ نموونە (جۆزیف کۆنراد) بە ڕەگەز پۆڵەندییە، بەڵام بە زمانی ئینگلستانی ڕۆمانەکانی خۆی نووسییەوە، هەر لەبەر ئەم هۆیەیشە کە هەردەم ناوی بابەتەکانی لە لیستی مێژووی ئەدەبی ئینگلستانیدا تۆمار دەکرێت و پێوەندیی بە مێژووی ئەدەبی پۆڵەندییەوە نییە.. بەهەمان دەستوور بەرهەمەکانی یەشار کەمالی بە ڕەگەز کورد دەچنە بازنەی ئەدەبی تورکییەوە، چونکی

بەو زمانە نووسراون، گەر ڕۆژێکیش لە ڕۆژان یەشار کەمال خەڵاتی نۆبلی پێ بەخشرا، ئەوا بەناوی ئەدەبی تورکییەوە پێی دەبەخشرێت.. یاخود شاعیری عەرەب (ئەبی نواس)گەر بە ڕەگەزیش فارس بێت، بەڵام بە درێژایی ژیانی بە زمانی عەرەبی هەڵبەستی دانا، بۆ فارسەکانیش نییە کە بە شاعیری خۆیانی دابنێن.. لێرەدا پرسیارێکی تر دەوروژێت سەبارەت بەو نووسەرانەی کە بەچەند زمانێك بەرهەمیان بە ئەنجام گەیاندووە، بۆ نموونە شێخ ڕەزای تاڵەبانی بە هەر چوار زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکی شیعری داناوە.. ئایا ئەم شاعیرە و هەڵبەستەکانی سەر بە کام نەتەوەن؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەڵێین: کە شاعیرمان شێخ ڕەزا شاعیرێکی کوردی ڕەسەنە و لەپێناوی میللەتەکەیدا هەردەم تێکۆشاوە و زۆربەی شیعرەکانیشی بە زمانی کوردین. بەڵام ئەو شیعرانەی کە بە تورکی نووسراون دەچنە خانەی ئەدەبی تورکییەوە و شیعرە فارسیەکانیشی دەچنە خانەی ئەدەبی فارسییەوە، شیعرە عەرەبییەکانیشی بەشێك لە ئەدەبی عەرەبی پێکدەهێنن، بەڵام سەرەڕای هەمووی ئێمە بە شاعیرێکی لێهاتووی میللەتەکەمانی دەزانین..

هەردەم دەوترێت کە هونەرمەندان و نووسەران لە کەشوهەوایەکی تایبەتمەندا و بەشێواز و مۆرك و گیانی نەتەوایەتییەوە دەکەونە کارکردن، بەڵام لە پێناوی هەموو خەڵکیدا بێ جیاوازی تێدەکۆشن و پەیامێکی مرۆڤ پەروەرانەی سەراپاگیری پەخش دەکەن.. مادامەکی هونەرمەند ڕێچکەیەکی مرۆڤایەتی دەگرێتەبەر و لەپێناوی جوانی و ڕاستی و دروستی و یاسا و ڕێسای تەبا و لەباردا هەنگاو دەنێت، بۆیە دەبێت لە نزیکەوە دەست پێ بکات و باسی خواست و ئارەزووی کەسانی دەوروبەری لە میللەتەکەی خۆی بکات، گەر بە ڕاستگۆییەوە بەرهەمێکی ڕەسەنی پڕ لە جوانکاری و نەتەوایەتیی هێنایە ئاراوە، ئەوا سەرەنجام بەرهەمەکانی دەبنە مایەی ڕەزامەندیی میللەت و نەتەوەکەی خۆی تێکڕای میللەتان و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

# نووسەری ڕووسی لیڤ تۆلستۆی

نووســەری ڕووســی ناســراو (لــیڤ نیکــۆلایڤیچ تۆلــستۆی) لــە ســاڵی (١٨٢٨)دا لــە بنەماڵەیەکی ئوروسـتوکراتی لـە ناوچـەی (یاسـنایا پۆلیانـا)دا هاتۆتـە دنیـاوە. خـاوەنی کۆمەڵێك چیرۆك و ڕۆمانی بەناوبانگە کە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمان بەزینـدوێتی ماونەتـەوە و بوونەتـە مایـەی تێڕامـان و سـەرنجدانی سـەرجەم خوێنـەرانی جیهـان. لـە سـەدەی نۆزدەمـدا چـەند شـاعیر و نووسـەرێکی رووسـی گیانیـان خـستەبەر ئـەدەبی رووسـی و، بـەرەو ئاسـتێکی بـەرز و بڵنـد ئەدەبەکـەیان سەرخـست و بەوڵاتەکـەیان و سەرانـسەری جیهاندا بڵاویان کردنەوە وەکو: تۆڵستۆی و دستۆڤیسکی و نیکۆلای گۆگۆل و ئـۆرگنیڤ و پۆشکین و لێرمنتۆف و..هتد.

تۆلستۆی لە سەرەتای ژیانیدا وەکو ئەفسەرێك لە سوپای قەیسەریدا، بەشداری چـەندین شــەڕ و پێکـدادانی کـرد بەتایبــەتی لەناوچـەی قۆقـازدا. ئـەم ئـەزموون و تاقیکردنـەوە تاڵەیشی یارمەتیـدا کـە بەڕاسـتگۆییەوە لـەبارەی کارەسـات و مەینەتییـەکانی جـەنگ و شەڕوشۆڕە و بنووسێت و سەرنجەکانی خۆی تۆمار بکات. بەتایبەتی چیرۆکەکانی قەڵای سیباستۆبۆل باشترین نموونـەی ئـەدەبین سـەبارەت بـەڕووداوە جـەرگبڕەکانی جـەنگ و نەهامەتیەکانی.

لە ساڵی (١٨٦٢)دا نووسەر دەستی کرد بە پرۆژە مەزنەکەی کە ئەویش ڕۆمانی (شـەڕ و ئاشتی) بوو. ئەم شاکارە ئەدەبییـە بـە ئۆدیساو ئـەلیادەی سـەردەم نـاودێر دەکرێـت. ژمارەی لاپەڕەکانی ئـەم ڕۆمانـە قەبەیـە دوو هـەزار ڕەت دەدات و، بریتییـە لـە قیـژە و هاوارێك دژی جەنگ و شەڕو شۆڕ و پرۆسە خوێناوییـەکان. سـەرەڕای هەموویـشی کـاتی خۆی نووسەر هەڵسا بـە کورتکردنـەوەی ڕۆمانەکـەی و بەسـەدان لاپـەڕەی لـێ قرتانـد، بەتایبەتی ئەو بەشانەی لاداو هەڵیگرتن کە پڕبوون لە جوێن و قسەی ناشیرین. هەروەها

ئەو بەشەیشی دوور خستەوە کە تیایدا باسی کەللەخانەیەکی دەکرد (مبغی). لە ساڵی (١٨٦٧)دا بەشەش بەرگ بڵاو بووەوە. ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە بریتییە لە سەرگوزشتەی ژیانی کۆمەڵە کارەکتەرێك کە بەشداریی دەکەن لە قۆناغێکی مێژوویی گرنگی وڵاتی رووسیا، بەتایبەتی لە ساڵانی هێرش و شاڵاوەکانی ناپلیۆن پۆناپارت بۆ سەر وڵاتی رووسیای پان و بەرین. وەکو زانراوە ناپلیۆن و سوپاکەی هەرەس دەهێنن و ئامانجە سەربازیەکانیان ناپێکن. لەلایەکەوە بەرگریی میللەتی رووسی بەربەستێکی پۆڵایین دروست دەکات بەرامبەر بە داگیرکەران، لەلایەکی تریشەوە سروشتی تۆبۆگرافیی پان و بەرینی وڵاتەکەو سەختیی کەش و هەواو بەفر و باران دەوری کاریگەری خۆیان لە بەزینی سوپای ناپلیۆندا گێڕا. ڕۆمانی شەڕ و ئاشتی کەسان و کارەکتەرێکی زۆری گرتۆتە خۆی و وێنەی چەند بنەماڵەیەکیش بەشێوەیەکی پڕ لە وردەکاری پیشان دەدات و دیمەنی سێ شەڕی گرنگیش دەخاتە ڕوو. ئەو کێشەیەی کە بەڕووبەڕووی تۆلستۆی بووەوە ئەوەبوو کە ئایا کام کەسایەتی دەبێت بمرێت و کامەی تریش دەبێت بمێنێت و نەمرێت؟ یاخود کام کەسایەتی بتوانێت شایی بکات و ژن بهێنێت یاخود شوو بکات؟ کەسایەتیەکانی نێو ڕۆمانەکە هەموویان لە ئەندێشەی رووتی نووسەرەوە هەڵنەقوڵاون، بەڵکو زۆریان زادەی ژیان و تێڕوانینەکانی ڕۆژانەی نووسەرن، کە لە پاشاندا بەوپەڕی کارامییەوە هەڵساوە بەگواستنەوە هەڵس و کەوت و سیماو روخساریان بۆ نێو شاکارەکەی. بۆ نموونە (پیەر)ی پاڵەوانی ڕۆمانەکە لە چەند روویەکەوە لە نووسەر خۆیەوە نزیکە. یاخود خاتوو (ناتاشا)ی شۆخ و شەنگ بەڕادەیەکی زۆر لە براژنەکەی نووسەر دەچێت. تۆلستۆی لەمیانی ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی)دا ویستوویەتی فەلسەفەی خۆی دەرببڕێت و وەهای پیشان بدات کە جەنگی (١٨١٢) بریتی بووە لە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی مەزن. ڕەخنەگران وەهای بۆ دەچن گوایە لاوازترین بەشەکانی ڕۆمانەکە ئەو شوێنانەن کە نووسەر وەکو فەیلەسووف و بیرمەندێك دەیەوێت فەلسەفە و دیدی تایبەتی خۆی دەرببڕێت. لە هەندێك شوێنی تریشدا خۆی تووشی قۆرت و هەڵە کردووە، ئەویش لە پێناوی دەربڕینی رق و کینەی دەرهەق بەکەسایەتیی

ناپلیۆن. بۆ نموونە نووسیویەتی گوایە ناپلیۆن گوێی باڵیۆزی رووسی راکێشتووە، بەڵام لە ڕاستیدا بەپێچەوانەوە قەیسەری رووسی گوێچکەی باڵیۆزی فەرەنسیی بادابوو.. سەرەڕایی هەموویشی ئەم وردە سەرنج و رەخنانە بەهیچ شێوەیەك لە ئاستی مەزنێتی تۆلستۆی و شاکارەکەی کەم ناکەنەوە.

ژیانی ئەدەبیی تۆڵستۆی بەسێ قۆناخ پۆلێن دەکرێت. قۆناغی یەکەم دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٨٥١-١٨٦٢)ەوە، قۆناغی دووەمیش دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٨٦٣-١٨٧٧)ەوە، لەم قۆناغەدا هەردوو شاکاری (شەڕ و ئاشتی) و (ئەننا کارنینا)ی هێناوەتە بەرهەم، قۆناغی سێیەمیش لە ساڵی (١٨٧٨)ەوە دەست پێدەکات تاوەکو رۆژی مردنی لەساڵی (١٩١٠)ی زاینیدا.

تۆلستۆی سەرەڕای ئەوەی رۆمان نووسێکی بەتواناو لێهاتوو بوو، لەهەمان کاتدا رۆژنامە نووسێکی بەتوانایش بوو. لەم رووەوە گەلێك نووسین و بابەتی جۆراوجۆری لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی سەردەمی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە. بەتایبەتی هێرشی توند و تیژی دەبردەسەر رژێمی قەیسەری. لە ساڵی (١٩٠٨)دا نووسینێکی کاریگەری بەناونیشانی (ناتوانم بێ دەنگ بم) بڵاوکردەوە کە دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوەو، بەتوندی رەخنەی لە ڕژێمی قەیسەری دەگرت کە کۆمەڵانی خەڵکی دەچەوساندەوە. سەرەڕای هەموویشی رژێمی قەیسەری بێ دەنگ دەبوون و توخنی نووسەر نەدەکەوتن، لە کاتێکدا گەر تۆلستۆی بگەیشتایەتە سەردەمی بەلشەفیەکان و رەخنەی ئاراستەیان بکردایە، بێگومان بێ سێ و دوو بەلشەفیەکان یان دەیانکوشت یاخود بەرەو سیریا دووریان دەخستەوە..!؟

هەموو خوێنەران و نووسەران و رۆشنبیرانی دنیا بەچاوی رێزەوە دەڕواننە تۆلستۆی و بەرهەمە ئەدەبیەکانی. تەنانەت مناڵان و هەرزەکارانی دنیایش رێزی تایبەتییان هەیە بۆی، چونکی نووسەر مناڵانیشی فەرامۆش و پشت گوێ نەخستووە و چەندین چیرۆکی نایاب و پڕمانای بۆ مناڵان و هەرزەکاران نووسیوە. کاتی خۆی نووسەری لاو مەکسیم گۆرکی چاوی بە تۆلستۆی دەکەوێت و بەڕادەیەکی زۆر ئەو پیاوەی دەچێت بەدڵدا و

بەگفت و گۆو هەڵسوکەوتی سەرسام دەبێت. لەم ڕووەوە گۆرکی سەبارەت بە تۆلستۆی دەنووسێت:

(هەموو دنیا بەوپەڕی چاوکراوەییەوە تێی دەڕوانن. لە وڵاتانی وەکو چین و هیندستان و ئەمەریکا و هەموو دنیادا بەڕێزەوە تێی دەڕوانن و پەلی زیندووی پڕ لە میهرەبانیی بۆ درێژ دەکەن. گیانی تۆلستۆی هەتا هەتایە هەر بۆ هەمووانە..).

(شۆلۆخۆف)ی نووسەری ڕۆمانی (دۆنی کپ) دووپاتی دەکاتەوە کە تۆلستۆی هەتا هەتایە لوتکەیەکی بڵند و مەزن پێکدەهێنێت، کە کەس بۆی نییە شان لەشانی بدات..

چیرۆکێکی نایابی تۆلستۆی هەیە بەناوی (منداڵی)یەوە. نووسەر ناوەڕۆکی ئەم چیرۆکەی لە ڕووداوێکی ڕاستەقینەی سەردەمی منداڵیی خۆیەوە لە ناوچەی (یاسنایا پۆلیانا)دا هەڵێنجاوە. ڕۆژێك لەنێو کێڵگەکەی ماڵی باوکیدا چاوی بە منداڵێکی سەر بەچینی دەست ڕۆ کەوت، کەبێ بەزەییانە لە منداڵێکی وەرزێری هەژاری دەداو پێی دەووت: (چۆن وێرات کە ئەو دەستە پیسەت بگەیەنیت بە تۆپەکەم و یاریی پێبکەیت! ؟) ئەم ڕووداوە کاری تەواوی کردە سەر هەست و هۆشی تۆلستۆی و بەڕادەیەکی زۆر دڵی بەو منداڵە هەژارە سووتا. بۆ ڕۆژی دوایی تۆپێکی تازەی بۆ کڕی و لەگەڵیدا کەوتە یاری کردن. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا تۆلستۆی چیرۆکێکی درێژی بەناوونیشانی (منداڵی) نووسی کە تیایدا هاتووە: (ئای کە سروشتی مرۆ چەند توند و تیژ و دڵ ڕەقە.! دوو منداڵ بوون کە یەکێکیان ژیان هەموو شتێکی پێ بەخشی بوو، بەڵام ژیان دووەمیانی لە هەموو شتێك بێبەش کردبوو..!). ئەم هەڵوێستە ئەوە دەردەخات کە زۆر ڕاستە دڵی نووسەران و هونەرمەندان لەباڵی پەپوولە ناسکترە و زوو بەزوویی هەڵدەپرووکێت.!

# لەبارەی
# چیرۆکی "نیشانە"ی "عەلی ئەشرەف دەرویشیان"ەوە

هونەری کورتە چیرۆك یەکێکە لە تەرزە ئەدەبییە هەرە سەختو قورسەکان. ئەگەر بێتو لێهاتوویی‌و وەستایی‌و شارەزاییەکی لە رادەبەدەر لەلای چیرۆکنووس گەڵاڵە نەبێت، ئەوا بێگومان چیرۆکی سەرکەوتوو لە ژێر قەڵەمەکەیدا سەر هەڵنادات‌و نایەتە کایەوە. بەدرێژایی مێژووی ئەدەب چەندین رۆماننووسی سەرکەوتووی جیهانی دەکەونە پێش چاومان، بەڵام لە بواری کورتە چیرۆکنووسیندا رووبەرەکە تەسك دەبێتەوەو بەتەنیا چەند نووسەرێکی سەرکەوتووی کەم خۆیان دەنوێنن، کە بە پەنجەی دەست لە جیهانی ئەدەبدا دەژمێردرێن وەکو: مۆباسان‌و چیخۆف‌و گۆرکی‌و هەمەنگوای‌و کاترین مانسفیلدو بۆنین‌و سومەرت مۆم‌و ولیەم سارۆیان‌و... هتد.

مەودای کات‌و وەخت لە رۆماندا بۆی هەیە توولان بکێشێت‌و چەندین ساڵ‌و سەردەم‌و عەیام بخایەنێت. بەڵام لە کورتە چیرۆکدا کات‌و وەخت چڕ دەبێتەوەو لە مەودایەکی زەمەنی کورتدا رووداوەکان دەسوورێنەوە. رۆمان خۆی لە قەرەی کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و ئاینی‌و دەروونی دەدات، بەڵام ناوەڕۆکی کورتە چیرۆك باسی رووداوو هەڵوێستێکی کاتی کورتی دیاریکراو دەکات. هینری جێمس لەبارەی رۆمانەوە دەڵێت: ((کە وەکو کیسەو هەگبەیەکی گەورە وەهایەو بۆت هەیە زۆر شتی تێدا بئاخنیت)) بەداخەوە رۆمان‌و چیرۆکی ئەم سەردەمەی ئێستامان بگرە لە هەموو جیهاندا کەشو هەوای سازگارو رەونەقی ئاڵوواڵای خۆی لە دەست داوە. دەبینیت رۆماننووس لانس وەردەگرێت‌و رۆمانێکی قەبەی حەوت سەد یا هەشت سەد لاپەڕەیی رەش دەکاتەوەو، لەسەر باسێکی لابەلاییدا دەیان لاپەڕە تۆمار دەکات، بەڕادەیەك

مێشێکت لێ دەکات بە گایەکو لە بیریان دەچێتەوە کە ئەم سەردەمە بەخێرایی وەسف دەکرێت. جاری ئەوتۆش هەیە ئەگەر سەد لاپەڕەی نێو ڕۆمانێك وەلاوە بنێیتو باز بدەیت بەسەریداو نەیخوێنیتەوە، ئەوا لە ئەنجامدا هەستی پێ ناکرێتو هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەگەر رووی خۆمان بەلای کورتە چیرۆکدا وەرچەرخاند، ئەوا کۆمەڵێك کێشەو ئاستەنگی جۆراو جۆرمان دێتە پێش چاو. چیرۆکنووسە جیهانییەکانی ئەم سەردەمە بە هیچ کلۆجێك ناگەنە ئاستی چیرۆکنووسە کۆنەکان بە تایبەتی چیرۆکی کوردی ڕۆژگاری ئێستامان لە خاتیرەیەکو ئینشاو دارشتنێکی بێزارکەر بەولاوە تێپەڕ ناکات. هەمیشە لاپەڕەی ڕۆژنامەو کۆوارەکان تاوتوێ دەکەم، تاوەکو کورتە چیرۆکێکی ئەوتۆم بێتە پێش چاوو بە خوێندنەوەی کورد واتەنی ئاهی دڵم بشکێنێت، بەڵام سەرەنجام هەر وەخت لەم رووەوە دەستەخەڕۆو نائومێد دەردەچم.
لە ژمارە ٦٥ی کۆواری "نەوشەفەق"دا چیرۆکێکی نووسەری کوردی ئێرانی ناسراو "عەلی ئەشرەف دەروێشیان"م بە ناوونیشانی "نیشانە"وە خوێندەوە، کە برای بەڕێز غەریب پشدەری بە زمانێکی پاراو وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی. لێرەدا لەم نووسینەمدا دەمەوێت چەند هەڵوێستەیەك لەسەر ئەم چیرۆکە بکەمو چەند بەراوردکارییەکو باری سەرنجی خۆم لە بارەیەوە بخەمەڕوو. وەنەبێت مەبەستم شکاندنەوەی نووسەر بێو خوانەخواستە لە ئاستی ئەو نووسەرە گەورەیە کەم بکەمەوە. چونکی لە راستیدا عەلی ئەشرەف دەروێشیان نووسەرێکی لێهاتووی بە برشتەو مایەی شانازییە بۆ ئێمە. هەروەها ئەگەر لە سەرەتاوە رەخنەی توندوتیژمان دەبڕیبێت دەرهەق بە ڕۆمانو چیرۆکی ئەم سەردەمە، ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە مەبەستمان بەڕێزی نووسەر دەروێشیان بێت، بەڵکو ئێمە بە شێوەیەکی سەراپاگیری دواوینو مەبەستمان کەسێکی تایبەتیو نووسەرێکی دەستنیشانکراو نییە. بەڵام لە بواری بەراوردکاریدا ئەگەر رەخنەی توندمان دەرهەپ بە چیرۆکی "نیشانە" دەربڕی، هیوادارین برای نووسەرمان دڵ زویرو نیگەران نەبێت لێمان. جاری ئەوتۆ هەیە کە نووسەرێك بابەتێك دەنووسێت، وەها رێك دەکەوێت بەبێ ئاگایی نووسەر کاتی خۆی

پێشتر نووسەرێکی تـر هـەمان بابـەتی داڕشـتووە، هـەروەها بـۆی هەیـە کـە نووسـەرێك بابـەتی نووسـینێکی لـە نووسـەرێکی پـێش خۆیـەوە وەرگرتبێـت یـاخۆ لـە داسـتانو حیکایەتێکەوە هـەڵی هێنجابێـت. لێـرەدا کـارێکی ئاسـاییە ئەگـەر نووسـەر دانـی پێـدا بنێـتو بڵێـت نـاوەڕۆکی بابەتەکـەم لـە فـلان نووسـەرەوە وەرگرتـووە، یـاخۆ لـە فـلان سەرچاوەوە ئیلهامم وەرگرتووە. لەم حاڵەتەیشدا ئەگەر نووسەرێك لە ژێـر کاریگەریـەتی نووسەرێکی پێش خۆیو سەرچاوەیەکی دیاریکراوەوە بابەتەکەی داڕشت، پێویـستە بـە دیدگاو گۆشەنیگایەکی تازەوە بێتە بەرهـەمهێنانو شـتێکی نـوێ بڵێـتو بنووسـێت. بـۆ نموونە تاوەکو ئێستا چەندین نووسەر داستانی ئۆدیبیان لە نووسینەکانیاندا خستووەتە کار، هەر یەکەیشیان مەبەسـتێکی جیـاوازی هـەبووەو بـە گۆشـەنیگایەکی تـازەو نوێـوە هاتووەتە مەیدانی نووسینو داهێنان. یـاخۆ بەشـێکی زۆری شـانۆنامەکانی شکسپیر لـە حیکایـەتو داسـتانو رووداوە مێژووییەکانـەوە وەرگـیراون، نووسـەریش تووانیویـەتی بەهرەی دانسقەو دەگمەنی خۆی بخاتە کارو شاکارێکی زینـدوو بهێنێتـە بەرهـەم، بـەڵام ئەگەر نووسەرێك دەقاودەقو کتومت بابەتی نووسەرێکی تر بـە هەنـدێك دەسـتکارییەوە دابڕێژێتەوە، بێگومان خوێنەر هەست بەو کارە دەکات. ئـەو نووسـەرەش لـە لایەکـەوە بابەتی کەسێکی تری بە ناهـەق وەرگرتـووەو، لـە لایـەکی تریـشەوە ویـستوویەتی رووی داهێنـانی نووسـەرێکی تـریش بـشێوێنێت. لـە چـیرۆکی "نیـشانە"دا بـەڕێز دەروێـشیان کرۆکو ناوەڕۆکی چیرۆکەکەی لە یەکێك لـە چـیرۆکەکانی "گابرێـل گارسـیا مـارکیز"ەوە وەرگرتـووە کـە بـە ناوونیـشانی "نیـوەڕۆ خـەوی رۆژی سێـشەمە"یـە بـەبێ ئـەوەی دەستنیشانی ئەو شتەی کردبێت. لـە یـەکێك لـە چاوپێکەوتنەکانی "مـارکێزدا"دا ئـەم چیرۆکەی بە باشـترین چـیرۆکی خـۆی وەسـف کـردووە. تـاکو ئێـستایش بەناوونیـشانی "قیلولـە الپلاپـاو"ەوە بـۆ چـەند جارێـك وەرگێڕدراوەتـە سـەر زمـانی عـەرەبی. لـە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا ئـەم چـیرۆکەی مـارکێزم وەرگێڕاوەتـە سەر زمانی کوردی، بە دوو ئەلقە لە رۆژنامەی "هاوکاری"دا بڵاو بووەتەوە.

کورتە چیرۆك لە کەسایەتیو کاتو وەختو شوێنو دیمەنو ناوەڕۆكو کرۆكو کێشەو کۆتایی پێك دێت. بە خوێندنەوەی هەردوو دەقەکە بۆ خوێنەر دەردەکەوێت کە دەقاودەق ئەم رەگەزانە لە هەردوو بابەتەکەدا دووبارە بوونەتەوە. بۆمانیش هەیە بڵێین کە دەقەکەی مارکێز لە رووی هونەریو دارشتنو وەسفو وردەکارییەوە بالادەستترو چڕوپڕترە.

کەسایەتیی سەرەکیی هەردوو دەقەکە بریتین لە دایکێکی رەشپۆشی نەختێك بە تەمەنو کچێکی توولاز. لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دەڵێت: ((کچەکە تەمەنی دووازدە ساڵان)) بوو لەلای دەرویشیانیش دەڵێت: ((کچەکە دە ساڵانە)). مارکێز وەسفی ژنەکە دەکاتو دەڵێت: ((جەستە لاوازو بێ نموودەکەی لە نێو جلو بەرگە رەشەکەیدا کە لە پۆشاکی قەشە دەچوو نقوم بووبوو)) دەرویشیانیش دەڵێت: ((دەموچاوێکی درێژکۆڵەی لاوازی هەبوو))و ((جلی ژنەکە رەش بوو)). لە هەردوو دەقەکەدا دایكو کچ بە خەمبارییەوە بەرەو شارێکی تر دەچن، بەڵام بە یەك جیاوازییەوە ئەویش ئەوەیە کە ئامرازی گەیاندنەکە لەلای مارکێز شەمەنەفەرەو، لەلای دەرویشیان ئوتوبیسە. لە هەردوو دەقەکەدا دایكو کچ سەفەر دەکەن بۆ سەروسۆراخی رووداوی کوشتنی کوڕی ژنەکە یانی برای کچەکە لە شارێکی تر. وەك لە ناونیشانی چیرۆکەکەی مارکێزدا دەردەکەوێت کاتو وەخت سێشەممەیە، بەڵام دەرویشیان لە سەرەتاوە دەنووسێت ((چوار شەممە بوو)). دایكو کچ لە میانی پەنجەرەکانەوە تەماشای دەشتو دەرو رێگەوبانو خانووەکان دەکەن. مارکێز دەڵێت: ((عەرەبانەیەك کە گا رای دەکێشا بە مۆزی سەوز بار کرابوو)). دەرویشیان دەڵێت: ((لە قەراغی جادەکەوە گوێدرێژێك بە بارە دارێکی قورسەوە بە نشێوەکەدا خوار بووبووەوە)). لەلای مارکێز دایکەکە بە کچەکە دەڵێت: ((لە هەموو گرینگتر نامەوێت گوێم لە گریانو نوزەنوزت بێت)). لەلای دەرویشیان دایکەکە بە کچەکە دەڵێت: ((نەیکەیە گوێم لە گریانو نوزەنوزت بێت)). لەلای دەرویشیان دایکەکە بە کچەکە دەڵێت: ((نەیکەیە شینو گریان)). لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دایكو کچ لە نێو فارگۆنەکەدا نیوەڕۆژە دەکەنو پاش ئەوەی کیسەکەیان

دەکەنەوە ((تەماشای کرد دایکی خۆراکی داناوەو چاوەڕوانی دەکات. پارچە پەنیرێکو پارچە نانێکی لە گەنمەشامی دروستکراوو پارچە پسکیتێکی دایە دەستییەوە)) لە چیرۆکەکەی دەروێشیانیشدا پاش ئەوەی دەگەنە شارە دوورەکە دەڵێت: ((هەردووکیان لە کونجێکی پلیکانەکانەوە دانیشتن. ژنە پرێسکەکەی هێنایە دەرێ. دوو پارچە نانە چەورەو دوو هێلکەو دوو تەماتەو پارچە کاغەزێکی پێچراوی..)) لە چیرۆکەکەی مارکێزدا کچەکە چەپکە گوڵێکی پێیە بۆ ئەوەی بیبات لەسەر گۆڕی براکەی دابنێت. لە چیرۆکەکەی دەروێشیاندا بە هەمان شێواز کچەکە چەپکە گوڵێکی پێیە تاوەکو بیبات بە تەنیشتی وێنەی برا کوژراوەکەیەوەی دابنێت. لە هەردوو دەقەکەدا کە دەگەنە شارە نامۆکە کاتو وەخت دوای نیوەڕۆیە. مارکێز دەڵێت: ((کاتو وەخت نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆ بوو، لەو کاتەدا هەموو خەڵکی هەلاژابوونو چاویان گەرم کردبوو)). دەروێشیانیش دەڵێت: ((دوای نیوەڕۆ بوو کە گەیشتنە شاری. شەقامەکان چۆڵ بوون. دەستگێڕەکان بە تەنیشت شتەکانیانەوە خەوە کوتکەیان بوو)).

بە یەك ئاراستە هەردوو چیرۆکەکە کۆتاییان پێ دێت لە چیرۆکەکەی مارکێزدا دایكو کچ خۆیان دەگەیەننە لای قەشە بۆ ئەوەی کلیلی گۆڕستانەکەی لێ بستێننو بچن سەردانی گۆڕی کوڕەکەیان بکەن، کە هەفتەیەك پێشتر بە مەبەستی دزیکردن لە کاتی نیوەشەوێ هەڵی کوتابووە سەر ماڵی بێوەژنێكو هەر بە گوللەی دەمانچەی ئەو ژنەیش کوژرابوو. لە چیرۆکەکەی دەروێشیاندا دایكو کچ روو دەکەنە پێشانگایەك کە وێنەی کوژراوانی تێدا نمایش کراوە. لە ئاکامدا کچەکە وێنەی لاتەنیشتی براکەی دەناسێتەوە کە پاش کوژرانی ئەو وێنەیەی بۆ گیرابوو. بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت دەروێشیان وەها دیارە نایەوێت بە ئاشکرا بڵێت گوایە کوڕی ئەو ژنە لە کوێ کوژراوە.؟

* لە ژمارە (٦٨)ی مانگی ئایاری ساڵی (٢٠٠٩)ی گۆڤاری (نەوشەفەق)دا بڵاو بۆتەوە.

# نیوەڕۆ خەوی ڕۆژی سێشەممە
# گابریێل گارسیا مارکیز

**و: موعتەسەم ساڵەیی**

شەمەنەفەرەکە لەنێو ئەو تونێڵەوە دەرچوو کە لە بەردی خاو هەڵکۆڵرابوو. بە خێرایی کێڵگەی دارمۆزە بێ کۆتاییە ڕێکوپێکەکانی دەبڕی. هەوای ئەو ساتەوەختە شێداربوو. دایك و کچ لەنێو فارگۆنەکەدا هەستیان بە شنەبای دەریا نەدەکرد. لە پڕ تەوژمێك لە چڕە دووکەڵ هاتە ژوورەوە. بەسەر ڕێگا باریکەکەی تەنیشتی هێڵە ئاسنەکەوە چەند عەرەبانەیەك کە گا ڕایدەکێشتن بە مۆزی سەوز بارکرابوون. چەند فەرمانگەیەك دەبینران کە لە کەرپووچی سوور دامەزرابوون و پانکەی کارەباییان تێدابوو. چەند خانوو بەرەیەکی پەرشوبڵاویش بە دی دەکران. کاتژمێری یازدەی نیوەڕۆ بوو. هێشتا تینی گەرماکە زیادی نەکردبوو، کە ژنەکە بە کچەکەی وت: – وەها چاکە پەنجەرەکە پێوە بدەیت، ئەگینا سەر و پرچت پڕ دەبن لە هیسی دووکەڵ. کچەکە ویستی پەنجەرەکە پێوەبدات، بەڵام بە هۆی ژەنگ هەڵاتووییەوە بۆی دانەخرا. هەردووکیان لەنێو فارگۆنی پلە سێدا بوون و دووکەڵی مەکینەی شەمەنەفەرەکەیش بێوچان پەنجەرەکەی دەبڕی و بە ڕوویاندا دەپژا. کچەکە ناچار شوێنەکەی خۆی بەجێهێشت و شتومەکەکانی دانا، کە بریتیی بوون لە کیسەیەك نایلۆن و چەپکە گوڵێك کە بە پارچە ڕۆژنامەیەك پێچرابووەوە. کچەکە دوور لە پەنجەرەکە بەرامبەر بە دایکی بەسەر کورسییەکەوە دانیشتبوو. هەردووکیان جلوبەرگی ڕەشی شڕۆڵەوی تازێبارییان لە بەردابوو. کچەکە تەمەنی دوازدە ساڵان دەبوو. بۆ یەکەم جاربوو لە ژیانیدا کە سواری

شەمەنەفەر ببێت. ئافرەتەکەیش گەورە و بەتەمەن دیاربوو. پێ نەدەچوو کە دایکی ئەو کچە بێت و دەماری شین بە بان پێڵووی چاوەکانییەوە زۆربوون، جەستە لاواز و بێ نموودەکەی لەنێو جلوبەرگە ڕەشەکەیدا کە لە پۆشاکی قەشە دەچوو نوقم ببوو، پشتی دابووە کورسییەکەوە و جانتاکەیشی بەدەستەوە گرتبوو کە لە پێستەیەکی بریقەداری ڕەنگ چووەوە دروست کرابوو. لە جێیەکەی خۆیدا ئۆقرەی گرتبوو بە شێوەی کەسێك کە لەسەر هەژاری ڕاهاتبێت. نزیك کاتژمێری دوازدە تینی گەرمای نیوەڕۆکە زیادی کرد. بۆ ماوەی دە دەقە شەمەنەفەرەکە لە ئێستگەیەکدا هەڵوێستەی کرد بۆ ئەوەی ئاو وەربگرێت. هیچ شار و شارۆچکەیەك بەدی نەدەکران، بە تەنیا کێڵگەکان بە ڕێکوپێکی کشومات دەبینران. بۆنی پێستەی خۆشەنەکراو لە نێو فارگۆنەدا هەستی پێدەکرا. کاتێك شەمەنەفەرەکە جووڵەی کرد و کەوتەڕێ، زۆر بەپەلە و خێرایی بەرەو پێشەوە ملی دەنا. لەنێو دوو شاردا وەستا کە خانووبەرەکانیان بە یەك دەچوون و بەدار دروستکرابوون و بە بۆیەی بریقەداریش ڕەنگ کرابوون. سەری ئافرەتەکە لاربووەوە و خەو بردیەوە و کچەکەیش پێڵاوەکانی لە پێی خۆی داکەند و ڕۆیشت بۆ ژووری ئاودەست، چەپکە گوڵەکەی لەئاو هەڵکێشاو تەڕی کرد. کاتێك گەڕایەوە تەماشای کرد دایکی خۆراکی داناوە و چاوەڕوانیی دەکات. پارچە پەنیرێك و پارچە نانێکی لە گەنمە شامی دروستکراو و پارچە پسکیتێکی دابە دەستییەوە. لە نێو کیسەکەدا هەر ئەوەندەیشی بۆ خۆی دەرهێنا. لەو کاتەدا کە خۆراکیان دەخوارد، شەمەنەفەرەکە هێدی هێدی پردێکی ئاسنینی بڕی و بەنێو شارێکدا ڕەتبوو کە لە شارەکانی پێشوو دەچوو، بەڵام بە یەك جیاوازییەوە ئەویش ئەوەبوو کە لە مەیدانەکەیدا لە ژێر تیشکی خۆرەتاوە گەرمەکەدا کۆمەڵە کەسانێك مۆسیقایەکی بەواژەواژیان دەژەنی. لەوسەری شارەکەوە کێڵگەکان لە پێ دەشتێکی شەقار شەقاری وشك و برینگدا کۆتاییان پێدەهات. ئافرەتەکە لە خواردنەکەی بووەوە و وتی: – پێڵاوەکانت لە پێ بکە" کچەکە تەماشایەکی دەرەوەی کرد، لە پێ دەشتییە چۆڵەکە بەولاوە هیچی تری نەکەوتە بەرچاو. شەمەنەفەرەکە سەرلەنوی بەخێرایی کەوتەڕێ. کچەکە پارچە پسکیتەکەی

خستەوە نێو کیسەکە و پێڵاوەکانی لە پێکردەوە. دایکی شانەیەکی دابەستییەوە و پێی وت: – پرچت شانە بکە. لەوکاتەیدا کە کچەکە قژی دادەهێنا شەمەنەفەرەکە شووتی لێدا. ژنەکە بە پەنجەکانی ئارەقەی دەموچاوی خۆی سڕیەوە. هەرکە کچەکە لە شانەکردنی سەری بووەوە، شەمەنەفەرەکە بە نێو خانووبەرەی شارێکی گەورەدا ڕەتبووە، بەڵام ئەو شارە لە شارەکانی تر خامۆشتربوو. ژنەکە وتی: – چیت هەیە ئێستاکێ پێی هەڵسە، چونکی گەر لە تینوێتیدا بخنکێیت چیتر ئاوت دەستناکەوێت. لە هەمووی گرنگتر نامەوێت گوێم لە گریان و نووزە نووزت بێت. کچکە سەرێکی بۆ لەقاند. بایەکی وشکی گەرم لەگەڵ دەنگی شاوری شەمەنەفەرەکە و واژەواژی ئۆتۆمبیلە کۆنەکان، لە میانی پەنجەرەکەوە هاتنە ژوورەوە. ئافرەتەکە کیسە نایلۆنەکەی لوولدا لەگەڵ پاشماوەی خۆراکەکەدا خستییە نێو جانتاکەی دەستییەوە. شارەکە لەو ڕۆژەی سیشەممەیەی مانگی سێدا لە چوارچێوەی پەنجەرەکەوە پرشنگدار خۆی نوواند" کچەکە چەپکە گوڵەکەی بە ڕۆژنامە تەڕەکە پێچایەوە و نەختێك لە پەنجەرەکە دوورکەوتەوە و چاوی بڕیە دایکی. شەمەنەفەرەکە بە هێواشی ولە سەرخۆ ڕێگەی دەبڕی و شووتی لێدەدا. پاش تاوێك وەستا" تاقە کەسێك لە ئێسگەکەدا بەدی نەدەکرا. لەوبەر جادەکەوە ولەسەر ئەو شوستەی کەداری بادەم سێبەری خستبوو، بەتەنیا هوڵی بلیارد یاریکردن دەرگاری واڵا بوو، شارەکە نوقمی گڕی گەرماکە ببوو.دایك و کچ دابەزین و ئێستگە چۆڵەکەیان بەجێ هێشت " نەرمە گیایەك لەم لاودا ڕووابوون. هەردووکیان ڕووبانکرد بەلای پاش نیوەڕۆ بوو. لەو کات و وەخت نزیکەی دووی پاش نیوەڕۆبوو. لەو کاتەدا هەموو خەڵکی هەڵێژابوون چاویان گەرم دەکرد، شارەکەیش وەنەوزی دەدا " دایەرەو دەکان وبازاڕو قوتابخانەکان هەر لە کاتژمێری یازدەوە دەرك و دەروازەیان داخستبوو بۆ جارێکی تریش پێش کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ سەرلەنوی دەرگاکانیان دەکردەوە. ئوتێلی بەرامبەر ئێستگەی شەمەنەفەرەکە لەگەڵ مەیخانەکە و هۆڵی بلیارد و دایەرەی پۆستە بە تەنیشتی مەیدانەکەوە هەموو دەرگایان واڵێ کراوە بوو. ماڵەکان کە لەسەر شێوازی کۆمپانیاکانی مۆز دامەزرابوون،

دەرگایان داخرابوو پەردەکانیشیان دادرابوونەوە. کەش وهەوای نێو ماڵەکان زۆر گەرم بوو، بەڕادەیەك دانیشتووانەکانیان هەر لە ژوورەوە نیوەڕۆژەیان دەکرد. هەندێك بەسەر کورسیەکانیانەوە لەسەر شەقامەکاندا و لە ژێر سایەی دار بادەمەکاندا نیوەڕۆ خەویان دەکرد و چاویان چووبووە خەو. ژنەکە و کچەکە بەبێ ئەوەی هەڵێژانی خەڵکەکە بشێوێنێ، لەژێر سێبەری دار بادەمەکاندا هەنگاویان دەناو یەکسەر ڕوویانکردە ماڵی قەشەکەدا. تاوێك چاوەڕوانی کردو بۆ جارێکی تریش پەنجەکانی کێشا بەسەر شووشەکەدا. دەنگی پانکایەکی کارەبایی لە ژوورەوە وزەوزی دەکرد. ژنەکە و کچەکە گوێیان لەترپەی پێ بوو کەلە ژوورەوە بەرەو ڕوویان دەهات. لەپشتی دەرگاکەوە دەنگێك پرسی: – کێیە لە دەرگا دەدات؟ ژنەکە ویستی لەپەنجەرەی دەرگاکەوە تەماشا بکات و ئەوجا هاتە وەڵام: – دەمەوێت چاوم بەجەنابی قەشە بکەوێت. – ئێستا ڕاکشاوە وخەوی لێکەوتووە. – کارێکی زۆر پێوست و گرنگم پێیەتی. لەدەنگیدا دیاربوو کە زۆر سوور بوو لەسەر داواکارییەکەی. بەبێ چرپە دەرگا لە ڕووی کرایەوە. ئافرەتێکی بەتەمەنی قەڵەوی زەردباوی قژ ڕەنگ ئاسن دەرکەوت. لەپشت چاویلکە ئەستوورەکەیەوە چاوەکانی ورد دیاربوون. لەبەر دەرگاکە وتی: –فەرموون بێنە ژوورەوە. چوونەژوورێکەوە کەبۆنی گوڵی تێدا بڵاوببووەوە. ئافرەتەکە هەردووکیانی گەیاندە لای کورسیەکی دارین و پەنجەی بۆ درێژ کردن تاوەکو دابنیشین " کچەکە دانیشت بەڵام دایکی بەواق وڕمانەوە بە پێوە وەستا و بەهەردوو دەستیشی جانتاکەی. لە دەنگی وزەوزی پانکاکە بەولاوە هیچ دەنگێکی تر نەدەبیسترا "پاش ئەوەی ژنی ماڵەکە دیارنەما، بۆ جارێکی تر لەوسەری ژوورەکەوە لەلای دەرگاکەوت و بەدەنگێکی نەوی وتی: – ئەوەتا دەڵێت وەها چاکە سەعات سێ بێنەوە. هەمووی بۆ پێنج دەقە دەچێت کەخەوی لێکەوتەوە. ژنەکە وەڵامی داوە و وتی: – بەڵام شەمەنەفەرەکە لە کاتژمێری سێ و نیودا دەڕوات وەڵامی ئافرەتەکە کورت وپڕ لە برووا بە خۆکردن بوو. ژنەی ماڵەکە بۆ یەکەم جار بزەیەکی کردو وتی: – تێگەیشتم. کاتێك دەرگاکە داخرا ژنەکە بەتە نیشتی کچەکەیەوە دانیشت. ژووری میوان تەنگ و ساکار و پاك و خاوێن

بوو. لەو سەری ژوورەکەوە مێزێك دانرابوو کە بە پارچـە کوتاڵێـك داپۆشـرابوو، ئـامێری چاپدان و گوڵدانێك و دەفتەری کڵێسە بە سەریەوە دانرابوون وەها دیار بوو کە ژوورەکە لەلای کچێکەوە ڕێکخرابوو. دەرگاکە ئەوسەری کرایەوە قەشەکە بە چاوی خـەواڵووەوە. دەرکەوت و بە دەستەسڕەکەی چاویلکەکەی دەسـڕیەوە. هـەر کـە چاویلکەکەی کـردە چاوی بەباشی دیاربوو کـە بـرای ئـافرەتی نێـو ماڵەکـە بـوو. قەشـەکە پرسـی: — چۆن دەتـوانم یارمـەتیت بـدەم؟ ژنەکـە لەوەڵامـدا وتـی: — بـە کلیلـی گوڕسـتانەکە. کـچەکە دانیشتبوو چەپکە گوڵەکەیشی لە ئامێز گرتبوو. لە خوارەوەیش هەردوو پێی لە یەك گیر کردبـوو. قەشــەکە ڕووانیــە کــچەکە و لــە پاشــاندا دیقــەتی ژنەکــەی دا. ئەوســا لــە پەنجەرەکەوە تەماشایەکی ئاسمانە ساماڵە شـینە بێگەردەکـەی کـرد. بـە ژنەکـەی وت:
— بۆ چی بەم گەرمایە هاتوویت "نەدەبوو چاوەڕوانیت بکردایە تاوەکو ڕۆژ ئاوا دەبوو. !
ژنەکـە بـە بێـدەنگی سـەری بـادا، قەشـەکە بـەرەو ئەوبـەر چـوو. لـە نێـو دۆلابەکـەدا دەفتەرێکی دەرهێنا، کەبە موشەما پۆشرابوو. هەروەها قەڵەم و مەرەکەبیشی دەرهێنا. بەرامبەر بە مێزەکە لێی دانیشت دەست و پەنجەکانی زۆر تووکن بوون بە پێـچەوانەوەی کەللە سەریەوە کە رووتابووەوە. لە ژنەکەی پرسی: —کـام گـۆڕت مەبەسـتە کـە سـەری لێبـدەیت؟ ژنەکـە وتـی: — گـۆڕی کـارلۆس سـانتیانۆ. قەشـەکە هێـشتا بـە باشـی لـە قسەکەی تێنەگەیشتبوو" ژنەکە هەمان دەنگ و سەدای پێشوو وتی: —ئـەو کـابرا دزەی کە هەفتەی رابوردوو لێرەدا کوژرا. من دایکی ئەوم" قەشەکە بەباشی لێی ورد بـووەوە. ژنەکەیش بە توندی چاوی تێبڕی. قەشـەکە ڕەنگـی سـوور هەڵگـەڕا و سـەری داگـرت و دەستی بە نووسین کرد. لەو کاتەیدا کە قەشەکە لاپەڕەکەی دەنووسی داوای لـە ژنەکـە کرد بۆ ئەوەی خۆی پێ بناسێنێت و بێتەگۆ. ئافرەتەکە بەبێ دوودڵی بە کـورتی هـەموو شتێکی وت. کـچەکە یـەك لـە دووای یـەك پێڵاوەکـانی لـە پێـی خـۆی داکەنـد. لـە ڕۆژی دووشــەممەی هەفتــەی ڕابــردوودا و لــە کاتــژمێری ســێی شــەودا، لــەدووریی چــەند خانووبەرەیەك لەو شوێنەوە هەموو شتێك ڕوویدا" ڕەبیکای بێـوەژن بـە تـاك و تـەنیا لـە خانوویەکی پڕ لە شتومەکدا دەژیا. سەرەڕای ئەوەی باران بە نەرمی پڕووشـەی دەکـرد،

بەڵام لەپڕ دەنگێکی کەوتە بەرگوێ. کەسێك لەدەرەوە ویستی خۆی بکوتێتە نێو دەرگای حەوشەکەی. رەبیکا بەپەلە لەخەو ڕاپەڕی و لەنێو باوڵی جلوبەرگەکانیدا دەمانچەیەکی کۆنی دەرهێنا، کە هەر لە سەردەمی پایەبەرز (ئۆرلیانۆ بیوندیا)ەوە بەکارنەهێنرابوو" بەبێ ئەوەی گلۆپەکان دابگیرسێنێت چووە ژووری دانیشتنەوە. بەرەو ڕووی دەنگی چرکەچرکی کلیلی دەرگای ژوورەکە ڕۆیشت. بەدرێژایی بیست و هەشت ساڵی ژیانی هەندەی ئەو ئان و ساتە نەترسابوو، لە مێشکی خۆیدا بەس بەتەنیا دەرگاکەی نەخستبووە پێش چاوی خۆی، بەڵکو بەتەواوەتی ئاستی بڵندی کلیل و کلۆمەکەیشی دەستنیشان کردبوو. بە توندی بە هەردوو دەستی دەمانچەکەی گرت و چاوی نووقاند و پەنجەی نایەسەر پەلاپیتکەی دەمانچەکەوە. یەکەمجاری بوو کە لە ژیانیدا دەمانچە بەکاربهێنێت. پاش تەقەی گوللەی دەمانچەکە، لە دەنگی خرمەی بارانی سەربانەکە بەولاوە گوێی لە هیچ شتێکی تر نەبوو" زۆری پێنەچوو دەنگی بەربوونەوەی پارچە ئاسنێکی لەسەر زەمینە چەمەنتۆ ڕێژەکەدا کەوتە بەرگوێ" لە پاشاندا دەنگێکی نەرمی پڕ لە شەکەتیی بیست کە وتی(ئای" دایە"!) بۆ بەیانی تەرمی کابرایەکی کوژراویان لە بەردەمی ماڵەکەدا بینی. کەپووی بە تەواوەتی داڕزابوو، پانتۆڵێکی لە بەردابوو کە لەبری پشتێن گوریسێکی بە نێوقەدیەوە بەستبوو. فانیلەیەکی خەت خەتی ڕەنگاوڕەنگی تەنکیشی لەبەردابوو. بەپێخاوسی و بەبێ گیان یەك تەختە لێی ڕاکشابوو" هیچ کەسێك لە شارەکەدا نەیناسییەوە" کاتێك کە قەشەکە لە نووسین بووەوە هەندێ مرخەمرخی کرد و ئەوسا وتی: – کەواتە کوژراوەکە ناوی (کارلۆس سانتیانۆ)یە"! ژنەکە وتی: – سانتیانۆ ئەپالا" تاقە کوڕی من بوو. قەشەکە گەڕایەوە بۆلای دۆڵابەکە، کە تیایدا دوو کلیلی ژەنگاویی گەورە هەڵواسرابوون. کچەکە وەهای بە مێشکدا هات کە ئەو کلیلانە هی پاکمەند (پوترس)ن، هەروەها دایکیشی کە تازە هەڵدەچوو هەمان شتی بە مێکشدا هاتبوو" تەنانەت قەشەکەیش ڕۆژێك لە ڕۆژان هەمان بۆچوونی هەبوو" قەشەکە کلیلەکانی دەرهێناو خستییە سەر لاپەڕە نووسراوەکە و پەنجەی درێژ کرد و بە ژنەکەی وت: – لێرەدا پەنجەمۆر بکە" بەخەتێکی تێکەڵ و

پێکـەڵ ژنەکـە نـاوی خـۆی تۆمـار کـرد و جانتاکەیـشی خـستبووە ژێـر هەنگڵییـەوە. کـچەکەیش چـەپکە گوڵەکـەی بەدەسـتییەوە گرتبـوو بـە قورسـی هـەنگاوی دەنـاو بەسەرسامییەوە چاوی بڕیبووە دایکی. قەشەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: — قەت ڕۆژێك ڕێنماییت نـەکرد و ڕێـی ڕاسـتیی و دروسـتیت پیـشانی نـەدا"! — کوڕەکـەم مرۆیەکی دڵپاك بوو" قەشەکە ڕووانییە ژنەکـە و پاشـتریش تەماشـایەکی کـچەکەی کـرد. سەری سووڕما سەبارەت بەوەی کە بۆی دەرکەوت هەردووکیان بێباك بوون و بە تـەمای گریان نەبوون" ژنەکە هەڵیدایە و بەهەمان دەنگـی پێـشوو وتـی: — پـێم وتبـوو کـە دزی نـەکات" بـەڵام سەرپێـچی قـسەکانمی دەکـرد" لەلایـەکی تریـشەوە هەرچـەند لـە یـاریی مشتەکۆڵە و بۆکسێن دەهاتەوە، بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە نێو جێگادا ڕادەکشا و لە ئاکامی ئەو مشتەکۆڵانەی کە بەری کەوتبوون ئازاری دەکێشا" کچەکە قـسەی بـە دایکـی بـڕی و وتی: — دەبوو هەموو ددانەکانی نێو دەمی هەڵبکێشرانایە" دایکـی قـسەکەی سـەلماند و وتــی: — ئەمەیـشیان ڕاسـتە" هـەر پارووییـەك کـە دەچـووە نێـو دەممـەوە، تـامی ئـەو مشتەکۆڵانەی دەدا کە لە ڕۆژانی شـەموودا بـەر کوڕەکـەم دەکـەوتن. قەشـەکە وتـی: — ئیش و کاری خـوا کـەس سـەری لێدەرناچـێت" بـە دوودڵییـەوە ئـەو قـسەیە لـە دەمـی قەشەوە دەرچوو، چونکە تین و گڕی گەرماکە تەنگی پێهەڵـچنی بـوو. باوێـشکی دەدا و خەریك بوو چـاوانی بنـووقێن و خـەو بیباتـەوە. لـە پاشـاندا کلیلەکـەی پێـدان و بۆیـانی ڕوونکردنەوە کە بە هیچ شـێوەیەك گۆڕی (کـارلۆس سـانتیانۆ) دەدۆزنـەوە، پێیانیـشی ڕاگەیاند کە لە کاتی گەڕانەوەندا لەسەر قەبر لە دەرگای ماڵیان نـەدەن، بـەڵکو کلیلەکـە لە ژێر دەرگای ماڵدا بەجێ بهێڵن. گەر لـە توانایـشیاندا هەیـە وەهـا باشـە یارمەتییـەکی کڵێسە بدەن. ژنەکە گوێڕایەڵی ڕێنماییـەکانی قەشـەکە بـوو. بەڕوویـەکی گـرژ و مۆنـەوە سوپاسی کابرای قەشەی کرد. لە پڕ قەشـەکە سـیمای کەسـێکی کەوتـە پـێش چـاو کـە لـووتی نووسـاندبوو بـە پەنجـەرەی دەرگاکـەوە و تەماشـایانی دەکـرد. هـەروەها چـەند منداڵێکیش بە تەنیشتییەوە کۆمەڵیان بەستبوو. هـەر کـە قەشـەکە دەرگاکـەی کـردەوە، ئیتر یەکسەر هەموو بڵاوەیان لێکرد و ڕۆیشتن. لەو کات و ساتەدا وەها چاوەڕوان دەکـرا

کە کەس لە دەرەوەدا نەبووایە، بەڵام لەژێر داربادەمەکاندا چەند کەسانێك بە پێوە وەستابوون. قەشەکە چاوی بە جادەکەدا گێڕا کە گەرماییەکی زۆر خۆی بەسەریدا کێشابوو" لە پاشاندا هەموو شتێکی بۆ ڕوون بووەوە. بە هێمنی دەرگاکەی پێوەدا و بەبێ ئەوەی تەماشای ژنەکە بکات پێی وت: — وەها چاکە پەلەنەکەیت و تاوێك خۆت دوابخەیت" لەوسەری ژوورەکەوە خوشکی قەشەکە دەرکەوت، کە ڕۆبێکی ڕەشی خەوتنی لەبەردابوو. قژەکەیشی بەسەر شان و ملیدا پەرش و بڵاو ببووەوە. قەشەکە پرسیاری لێکرد و وتی: — چی ڕوویداوە"!؟ ورتەورتێکی کرد و وتی: — خەڵکەکە دەرکیان بە هەموو شتێك کردووە. قەشەکە بە دایك و کچەکەی وت: — وەها باشە خۆتان پیشانی خەڵکی داخ لە دڵ نەدەن و لە دەرگای پشتەوە خۆتان دەرباز بکەن. خوشکی قەشەکە وتی: — جیاوازیی نییە، چونکی خەڵکەکە لە هەموو لایەکەوە ئاپوورەیان کردووە و گەمارۆی ماڵەکەیان داوە. ژنەکە بە کەمتەرخەمییەوە نەیویست گوێ بۆ قسەکانی قەشەکە شلّ بکات. لە میانی پەنجەرەکەوە تەماشای شەقامەکەی کرد. بەرەو دەرگاکە هەنگاوی نا و کچەکەیشی بەدووی کەوت. قەشەکە ئاگاداری کردەوە و پێی وت: — پەلە مەکە و خۆت تووشی گێچەڵ مەکە و چاوەڕوانی ڕۆژئاوابوون بکە. خوشکی قەشەکە هاتە قسە و وتی: — گەرمای ئەم قرچەی نیوەڕۆیە لە کێشدا نییە و هەردووکتان هەڵدەپرووکێن" چاوەڕوانی بکەن، بەڵکو چەترێکتان پێدەسپێرم. ژنەکە وەڵامی داوە و وتی: — سوپاست دەکەم ئێمە ئەم حاڵەمان پێ چاکترە. دەستی کچەکەی گرت و بەجووتە بۆ سەر جادەکە دەرچوونە دەرەوە و ڕۆیشتن.

# ( ماچ )
# لەلای شاعیرانی کورد

هەردەم ماچ مانا و واتای ئەوپەڕی خۆشەویستی دەگەیەنێت. دایک و باوک ڕوومەت و تەوقی سەری جگەرگۆشەکانیان ماچ دەکەن، هەروەها لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەستی دایك و باوك و کەسانی بە تەمەن ماچ دەکرێت، زۆرجاریش دوو هاوەڵ پاش دابڕان و دوورکەوتنەوەیەك، ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە و ئەملا و ئەولای یەکتری ماچ دەکەن.. بەڵام ئەم ماچ و مووچەی نێوان پیاوان جاران لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا نەبووە، بەڵکو لەم بیست و سی ساڵەی دواییەدا لە کۆمەڵگای عەرەبیەوە وەها دیارە وەرمانگرتووە. بەڵام گەر کوڕ و کچێکی ئەویندار لە ژووانێکدا بۆیان ڕەخسا و دەمیان نایە نێو دەمی یەکترەوە، ئەوا گیانی هەردووکیان دەکەوێتە باڵەفڕە و بەرزدەبنەوە تاوەکو دەگەنە بەرزترین ئەستێرەی ئاسمان.

برناردشۆ دەڵێت: گوایە ماچ چرپەیەکە بۆ بنی گوێ، بەڵام ڕێی هەڵەدەکات و لەنێو دەمدا دەگیرسێتەوە..

شاعیرانی هەموو دنیا لە بارەی ماچومووچەوە دواون و خستوویانەتە نێو چوارچێوەی هەڵبەستەکانیانەوە، بەتایبەتی شاعیرانی کورد زۆرجار وەسفی تام و چێژی ماچیان کردووە..

تاهیر بەگی جاف و ناری لە هەڵبەستێکی هاوبەشدا دەڵێن:

بەغەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین

بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین

شێخ ڕەزای تاڵەبانیش لە شیعرێکی گاڵتەئامێزدا دەڵێت:

خواستی لێی ماچێ (ڕەزا) کافرە نەیدا و وتی

ئەی خوا لەم کوڕە شێخ زادەیە چەند بێ ئەدەبە

عەلی باپیر ئاغایش لە شیعرێکدا دەڵێ:

نەك بەتەنها تیری غەمزەت جەرگمی کون کون کردووە

تیغی ئەبرۆت جەرگ و دڵمی ئەنجن ئەنجن کردووە

باسەریشم دابنێم قابیل نییە دەست هەڵگرم

خوا منی بۆ ماچی ئەو لێوانە نەوسن کردووە

(گۆران)ی هەست ناسکیش دەڵێ:

کوا مەمکی پڕ چنگ؟

لیمۆی باخی سنگ؟

کوا ماچی لیمۆی ئاڵ؟

جورعەی ئەبەدی خەیاڵ

(نالی) بە وشە وێنەی ماچێك دەنەخشێنێت و دەڵێ:

لەبت (میم) و قەدت (ئەلف) و زولفت (چیم) دەزانی بەم سییانە تالبی چیم

(هێمن)ی شاعیری خاوەن بەهرەیش سەبارەت بە ماچ دەڵێت:

تۆ بەڵێنم پێبدە بەرەو ژوان ببمەوە

بمدەیە ماچێکی تەڕ لەم لێوە باجوان ببمەوە

(بایرۆن)ی گەورە شاعیری ڕۆمانسیی ئینگلستانی دەرهەق بە ماچ خۆزگە دەخوازێت و دەڵێ:

داخی گرانم. ! خۆزگە دەم و لێوی هەموو ئافرەتانی دنیا

دەبوون بە یەك دەم و لێو.. منیش ماچم دەکرد و دڵم دادەسەکا. !

(هەڵمەت)ی شاعیریش پرسیار دەکات و دەڵێ:

ئەرێ ئەگەر هەرچی شیرینی زەوی هەیە

لە دڵۆپێ ئاوی ڕووندا

بتوێتەوە

هێندەی ماچێك شیرین ئەبێ.؟

شـاعیرێکی ڕۆمانـسیی مـەزن وەکـو (شـیلی) لـە هەڵبەسـتی (فەلـسەفەی دڵـداری)دا، بەشکۆمەندییەوە دەڕوانێتە ماچ، (ئەحمەد هەردی) بـە هەسـتێکی شـاعیرانەی بـەرزەوە ئەو هەڵبەستەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی کە دەڵێ:

کە جۆگا تێکەڵی چەم بێ و چەمیش تێکەڵ بەدەریابێ
شەماڵیش پڕ لە هەست بێ، نییە شت تاك و تەنیا بێ
بەقانوونی خودا ئەشیا ئەبێ تێکەڵ بە یەکتر بن
ئیتر بۆچی من و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ.!؟
کە کێووکەژ بکەن ماچی هەموو ئاسمانی بەرز و شین
شەپۆلیش هەروەکو دڵدار لە مل یەك دەستی ئالآبێ
ئەبەد نابێ کە خوشکی گوڵ برای دەرکات و لێی دوور بێ
کە تیشکی ڕۆژ زەمینی هەروەکو دولبەر لە کۆشابێ
ئەوا مانگیش ئەکا ماچی بەحر.. گەر تۆش نەکەی ماچم
هەمووی بێ کەڵکە ئەم ماچانە.. بێ تۆ فائیدەی نابێ

لەم هەڵبەستەی شیلیدا دەردەکەوێت کە تێکڕای ڕووالەتەکانی سروشت ئاوێتەی یەکتری بوونە و دەست لە ملانن و یەکتری ماچ دەکەن، لە کۆتایی هەڵبەسـتەکەدا شـاعیر دەڵـێ کە هەموو ئەو ماچوموچانەی سروشت بێ سوودن، گەر خۆشەویستەکەی شاعیر نەیەت و ماچـێکی پـێ کـەرەم نـەکات.! وەهـا دیـارە (گـۆران)ی شـاعیری خۆمـان لـە ژێـر کاریگەرێتیی ئەم هەڵبەستەدا وەسفی سروشت دەکات و دەڵێ:

به ئاسمانەوە ئەستێرەم دیوە
لە باخچەی بەهار گوڵم چنیوە
شەونمی درەخت لە ڕووم پژاوە
لە زەردەی زۆرکەل سەرنج داوە
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر

چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر
هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆدرە و
زۆر هاتوون و چوون بە ڕۆژ و بەشەو
خوڕەی قەڵبەزی کەف زیوینی چەم
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناوتەم
میوەی گەیشتووی زەردوسووری باخ
جریوە و جۆگەی دارستانی شاخ
لە گەرووی شمشاڵ لە تەلی کەمان
گەلێ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان

(گۆران) پاش ئەم وردەکارییەی سەرەوە بۆ وەسف کردنی جوانیی سروشت، لە ئەنجامدا دەگاتە ئەو خاڵە گرنگەی کە بڵێ:

ئەمانە هەموو جوانن شیرینن
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن
بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز

کاك محەمەدی مەلا کەریم لە ژمارە (٦٤)ی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی لە بارەی گۆرانەوە بڵاوکردۆتەوە و دەڵێ:

(گۆران خۆی بۆی گێڕامەوە کەوا کاتی خۆی لەسەرەتای هەرزەکاریدا لەتاو بۆردوومانی ئینگلیز و تاڵان و برۆی یارمەتیدەرەکانیان، هەڵاتبوون بۆ هەورامان و لە چەمی بیارەدا دەژیان دەڵێ:

ڕۆژێکیان لەناو باخێکدا دەگەڕام پشتێنێکی چیتی جوانم لە پشت بەستبوو.. لووتم بەلووتی کچێکی جوانەوە تەقی، کچی ئەو ڕۆژگارەی هەورامان... دیاربوو گوڵی زەرد و سووری پشتێنە ڕەنگاوڕەنگەکەم زۆر کاری لە دڵی کچۆڵە ناسك و نازدارە هەورامییەکە کردبوو.. هات بەلامەوە بە هەورامیانە داوای لێکردم ماچێکی بۆ بگۆڕمەوە بەقەد بەرگە

دوعایەك لە چیتی پشتێنەکەم.. گۆران وتی دیارە بەو سەودا و مامەڵەیە زۆر مەمنوون بووم، بەڵام لە جیاتی بەشی بەرگە دوعایەك بەری بەشە سوخمەیەکم لە پشتێنەکەم بۆ دادڕی تاوەکو سنگ و مەمکی تێوە پێچی.

تەنانەت ئەگەر ڕووی خۆمان بەرەو شیعری فۆلکلۆری کوردیش وەرچەرخاند، ئەوا کۆمەڵێك شیعر و هەڵبەستی فۆلکلۆریی زیندوومان لە بارەی ماچەوە دەکەوێتە بەر چاو و گوێ، کە بەدرێژایی سالانی داهاتوویش هەر بە زیندوێتی دەمێننەوە. گەرچی لە کۆمەڵگەی کشتوکاڵیی کۆنی کوردەواریدا ماچکردن لەنێوان دوو ئەوینداری کوڕ و کچدا قەدەغە بووە، بەڵام بەدزیشەوە بووبێت هەردەم دڵداران دوور لە چاوی ڕەقیبان ماچمووچی خۆیان هەر کردووە، هەروەك ئەوەی لەم شیعرە فۆلکلۆرییەدا دەردەکەوێت:

ئەمبەر ئەوبەرە ناسکە دولبەرە

لەسەر ماچێکی شەڕە خەنجەرە

زۆرجار شیعرە فۆلکلۆرییە کوردییەکان لەنێو وەرزێر و جوتیارانی گوند و لادێکاندا سەری هەڵداوە، ئەوەتا لە بارەی ماچەوە وتراوە:

دەمەو ئێوارە یارم مانگای دەدۆشی

داوای ماچم لێکرد ڕووی خۆی داپۆشی

یاخود وتراوە:

ئەوا مانگ هەڵهات دای لەناو هۆبە

ئامینێ و ئامین بەتۆ دەڵێم تۆبە

ماچکردن خۆشە نۆبە بەنۆبە

یاخود لە شیعرێکی فۆلکلۆریی تردا لە بارەی ماچەوە دەڵێت:

دەمەکەت بێنە بینێ نێو دەمم

بەڵکو ساکین بێت دڵەی پڕ دەردم

بەشداربوونی میدییەکان لە شەڕی تەروادەدا

سەرەتا داستانی ئیلیادە بەوە دەست پێدەکات کە شای تەروادە (بریام) کوڕێکی دەبێت بە ناوی (پاریس)ەوە.

هەر لە سەردەمی منداڵییەوەی، پێشبینەکان نوقڵانەی لێدەدەن و دەقیرێنن و دەڵێن گوایە ئەو منداڵە پێ و قەدەمی بەخێر نییە و، گەر گەورە ببێت سەر بەگۆبەن دەبێت..!

کاتێك (پاریس) گەورە دەبێت، لاوێکی زۆر قۆزی لێدەردەچێت. ڕۆژێك هەر سێ ئافرەتی خواوەند (هیرا) و (ئەفرۆدێت) و (ئەسینا) دەبێت بەناکۆکی و مشت و مڕیان سەبارەت بە دەستهێنانی (سێوی زێڕینی) شاجوانی.. هەریەکەیان دەیویست خۆی ببێت بە شاجوانی ئافرەتان. لە پاشاندا وەها ڕێککەوتن کە (پاریس)ی لاو نێوبژیوانییان بکات و ئەو شاجوانێك هەڵبژێرێت، ئەوەبوو (پاریس) سێوی زێڕینی شاجوانیی بەخشی بە (ئەفرۆدێت).. لەبری ئەو دەستنیشانکردن و هەڵبژاردنە (ئەفرۆدێت) گفت و بەڵێن بە (پاریس) دەدات کە جوانترین و شۆخترین ئافرەتی سەر ڕووی زەویی پێببەخشێت. (ئەفرۆدێت) ڕێنمایی (پاریس) دەکات بۆئەوەی ڕووبکاتە وڵاتی یۆنان و لەوێدا جوانترین ئافرەتی سەر ڕووی زەویی ببێت بەنسیب، کە ئەویش خاتوو (هێلین)ی شۆخ و شەنگە، بەڵام لە بەدبەختیدا کاتێك (پاریس) دەگاتە وڵاتی گریگ، دەبینێت (هێلین) شووی بە (مینیلاس)ی شای (ئەسپارتە) کردووە.. پاش ئەوەی (پاریس) و (هێلین) چاویان بە یەکتری دەکەوێت، زوو بەزوویی حەز لە یەکتری دەکەن، (پاریس) هەلی بۆ دەڕەخسێت و هێلین دەڕفێنێت و دەیبات بۆ وڵاتی خۆی لە تەروادە، یۆنانییەکان ڕق و قینیان هەڵدەستێت و پاڵەوانەکانیان کۆدەبنەوە و داوای تۆڵەسەندنەوە لە تەروادییەکان دەکەن.

بە هەزاران سەرباز و پاڵەوانی یۆنان، سواری کەشتی دەبن و بەرێی دەریادا ڕوودەکەنە شاری تەروادە و گەمارۆی دەدەن، لە ئاکامی شەڕە شمشێرێکدا (ئەخیل)ی گەورە پاڵەوانی یۆنان، (هکتوار)ی ئازاترین جەنگاوەری تەروادە دەکوژێت و لاشەکەی بەدووی

عەرەبانــەدا ڕادەکێــشێت، بــەڵام پــاش ئــەوەی باوکــە پیرەکــەی کوژراوەکــە دێــت و دەپاڕێتەوە، دڵی (ئـەخیل) نـەرم دەبێـت و لاشـەی کـوڕە کوژراوەکـە دەدات بەدەسـتی باوکە پیرەکەیەوە، لەپاشاندا تیرێك دێت و دەدات لە پاژنەی (ئەخیل) و دەیکوژێـت، لـە داسـتانەکەدا وەهـا هـاتووە کـە (ئـەخیل) بەمنـداڵی لـە ئـاوی نـەمری و زیندەگانیـدا هەڵدەکێـشرێت و بەتـەنیا قولـەپێی بـەر ئـاوی نـەمری ناکـەوێت.. بۆیـە کەتیرەکـە بـەر پاژنەی دەکەوێت، یەکسەر دەیکوژێت، بۆماوەی دە ساڵی ڕەبەق یۆنانییەکان گـەمارۆی شاری تەروادە دەدەن و زۆریان لێدەکوژرێت، (ئۆدیسیۆس)ی پاڵەوانی یۆنـانی پـەی بـە پیلانێك دەبات و، پێـشنیار دەکـات کـە ئەسـپە دارینەیـەکی زەبـەلاح دروسـت بکرێـت و کۆمەڵە پاڵەوانێکی ئازا و بەجەرگی یۆنانی خۆیانی تێدا مەڵاس بـدەن و لەگـەڵ خۆیانـدا بـەرەو مەیـدانی جـەنگی بـەرن، لـە پـاش شـەڕ و پێکادانـدا، یۆنانییـەکان پاشەکشەی لێدەکـەن و ئەسـپە دارینـە زەبەلاحەکـە لـە گۆڕەپـانی جەنگدا بەجێدەهێڵن، ئـەوەبوو پیلانەکە سـەری گـرت و، تەروادییـەکان بەوپـەڕی خۆشـی و سـەرکەوتووییەوە، ئەسـپە دارینــە زەبەلاحەکــە دەبەنــە نێــو شــارەکەیان.. لەنیوەشــەودا تەروادییــەکان ئاهــەنگ دەگێڕن و خۆیان مەسـت و سـەرخۆش دەکـەن، پاڵەوانـە یۆنانییـەکانیش لـەنێو ئەسـپە دارینەکە دەردەچنە دەرەوە و دەرك و دەروازەی شارەکە واڵا دەکەن و دەیانخەنە سەر پـشت، سـەرباز و سـوپای یۆنـانیش هێـرش دەبـەن و دەچـنە نێـو شـاری تـەروادەوە و داگیری دەکـەن، (مینـیلاس)ی مێـردی (هـێلین) لەگـەڵ (پـاریس)دا ڕووبـەڕووی یـەکتری دەبنەوە و دەکەونە شەڕەشیر، لە پڕ شمشێرەکەی دەستی (مینـیلاس) بەردەبێتـەوە و (پاریس) شاڵاوی دەباتە سەر بۆ ئەوەی بیکوژێت، بـەڵام لـەپڕ یـەکێك لـە سـەربازەکانی (مینیلاس) لە پشتەوە شمشێری خۆی دەوەشێنێت و (پاریس) دەکوژێـت.. (پـاریس)ی ئەویندار بە کـوژراوی ڕادەکشێت و (هـێلین) بـەگریان و فرمێسك هەڵڕشـتنەوە دەچـێتە سەر تەرمەکەی، (مینیلاس)ی مێردی هاواری بەسەردا دەکات و پێی دەڵێت:

(دەستی خۆت لە خوێنی وەردە و خۆت پاك بکەوە).

هێلین وەڵامی مێردەکەی دەداتەوە و دەڵێت:

(ئەم خوێنە خوێنی منە و بەشێکە لە ژیانم، جاچۆن خۆمی لێ ڕزگار بکەم؟!)
(مینیلاس) بەرەو ڕووی (هێلین) دەچێت و دەیباتەوە بۆ لای خۆی و بەرەو وڵاتی یۆنان دەگەڕێنەوە.
ئەمەی سەرەوە کورتەیەکی داستانی (ئیلیادە) بوو کە دەووترێت، گوایە لەلایەن شاعیری نابینای گریکی (هۆمیرۆس)ەوە نووسراوە، ئەم شاعیرە لە نێوەڕاستی سەدەی نۆی پێش زایینیدا ژیاوە و وەهایش مەزەنە دەکرێت کە شەڕی یۆنانییەکان و هێرش بردنیان بۆ سەر تەروادە، دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دوازدەی پێش زاین، وەك بۆ مێژوونووسان و شوێنەوار ناسان دەرکەوتووە کە ئەو شەڕە بەڕاستی ڕوویدابێت، بەڵام لە داستانەکەدا زیادەڕۆیی کراوە و خەیاڵ و ئەندێشە زاڵە بەسەر ڕووداوەکانیدا، بۆنموونە خواوەندەکان دەوری سەرەکی دەگێڕن و زۆرجار ڕەوتی شەڕوشۆڕەکان و چارەنووسی کەسایەتییەکان دەستنیشان دەکەن، پشکنینەکان دەریانخستووە کە شاری تەروادەی داستانی ئینیادە، لەڕاستیدا ناوی (ویلۆشا) بووە و دەکەوێتە وڵاتی تورکیای ئێستا لەسەر ڕۆخی دەریای سپی، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی بە پیت و بەرەکەت بووە، بۆیە یۆنانییەکان چاویان تێبڕیوە و داگیریان کردووە، بەهیچ کلۆجێکیش ئەو هێرشە پێوەندیی بەژن ڕفاندنەوە نەبووە، بەڵکو مێشك و ئەقڵی نەتەوایەتیی گشتیی یۆنانی، ئەو داستانەی هەڵبەستووە و، لەپاشانیشدا (هۆمیرۆس) بە شیعر داستانی (ئیلیادە) و (ئۆدیسەی) داڕشتووە، هەندێکیش وەهای بۆدەچن، گوایە دانەری ئەو داستانە نادیارە و (هۆمیرۆس)یش کەسایەتییەکی خەیاڵییە و بوونی نییە، وشەی (هۆمیرۆس) بە زمانی گریکی کۆن بەمانای کوێر دێت.
نووسەری میسری (درینیی خشبە) ئەو داستانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە باسی شەڕەکاندا ناوی میدیەکانیش هاتووە، کە هاوپەیمان بوونە لەگەڵ خەڵکی تەروادە یاخود شاری ویلۆشای کۆن، لەلاپەڕە (٥٦)ی ئەو کتێبەدا نووسراوە: (ئەوەتا میرزادەکانی میدیایش ئامادە بوونە بە زۆری و هەریەك لەوان دێوێکی تۆقێنەرە بۆخۆی).

لەڕاستیدا لەو سەردەمە کۆنانەدا، تورکی سامی نەژاد هەرگیز لە وڵاتی تورکیای ئێستادا بوونیان نەبووە، بەڵکو هیتیە ئاری نەژادەکان لەو وڵاتەدا ژیاون، (پیتریا) کە ئێستا (بوغاز کۆی) پێدەوترێت لە تورکیا، پایتەختی کۆنی هیتییەکان بووە، پاشتریش پایتەختەکەیان گواستۆتەوە بۆ (ختوشەش) یاخود ( هاتوساس)، لەو سەردەمە کۆنانەدا میللەتی ئەرمەنیش لەودیو چیای ئاراراتەوە بوونیان هەبووە، میدیەکانیش کە باوباپیروانی کورد پێکدەهێنن، لە چیای زاگرۆس و پێدەشتییەکانی خواریدا ژیاون، لەنێوان ساڵانی (٧٠٠–٥٥٠) پێش زاینی حوکمڕانییان کردووە و پایتەختەکەیان شاری (ئەکپاتان) بووە کە ئێستا پێی دەووترێت شاری (هەمەدان)، (زەردەشت)یش هەر خەڵکی میدیا بووە و لە ناوچەی ورمێ لە دایك بووە، ماددەکان وەکو ڕەگەزێکی ئاری نەژاد، بەشێوەی کۆچباری لەگەڵ تەوژمی هیند و ئەوروپاییدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوچەی قەزوینەوە هاتوونەتە چیای زاگرۆس لە کوردستانی ئێستادا، شاری ئاشووری شلیمەنسەری سێ (٨٥٨–٨٢٤) پێش زاینی ئاماژەی بەوە کردووە کە لە ساڵی (٨٤٤)ی پێش زاییندا هێرشی بردۆتە سەر ماددەکان لە ناوچەی زاگرۆس، شەڕی تەروادەیش لە سەدەی دوازدەی پێش زاینی ڕوویداوەو، وەکو (هۆمیرۆس) لە سەدەی نۆی پێش زاینیدا داستانی ئیلیادی داناوە، باس لەوە دەکات کە میدیەکان هاوپەیمانی تەروادییە دراوسێکانیان بوونە و دژی یۆنانییە گریکەکان شەڕیان کردووە.

زۆرجار شەڕی گەورە لەنێوان هەخامنشیە فارسەکان و یۆنانییەکان ڕوویداوە وەکو شەڕی (ماراسۆن)ی بەناوبانگ (٤٩٠) پێش زاینی و، شەڕی (سەلامیس) ساڵی (٤٨٠)ی پێش زاینی، میدییەکان بە چڕی وەکو هاوپەیمانی هەخامنشییەکان، بەشدارییان لەو شەڕانەدا کردووە، بۆیە زۆرجار یۆنانییەکان ناوی ئەو شەڕانەیان ناوە شەڕی میدیاییەکان.

وەکو مێژوو دەگێڕێتەوە، باوباپیرانی کورد هەر لە دێر زەمانەوە لەم ناوچەیەدا بوونیان هەبووە، هەروەها فارس و ئەرمەنیش لە کۆنەوە هەر هەبوونە، هیتیەکانیش لە وڵاتی تورکیای ئێستادا حوکمڕانییان کردووە و، بەڵام مێژووی ڕەگەزی تورك لە تورکیادا

تازەیەوە، ناچێت بەناخی مێژوودا، بەڵکو لە ئاسیای بچووکەوە پاش سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلام، بەرەو ئەنادۆڵ کۆچیان کردووە، هۆمیل (HOMMEL) باوەڕی وایە لە پاشماوەی هیتی زمانی گورجی دروست بووە.
پرۆفیسۆر (مار)یش لەو باوەڕەدایە کە پاشماوەی زمانی هیتی لە زمانی ئەرمەنیدا دەردەکەوێت.

# مۆلێر و شانۆی کۆمیدی

(ژان پاتیست بـۆکلن) نـاوی راسـتەقینەی نووسـەری فەرەنـسایی (مـۆلێر)ە.. لـە سـاڵی (١٦٢٢)دا هاتۆتـە دونیـاوەو لـە سـاڵی (١٦٧٣)دا کۆچـی دوایـی کـردووە. نووسـەرێکی شـانۆیی لێهـاتوو ئاکتـەرێکی بـەتوانابووە، بگـرە بەمـەزنترین نووسـەری کۆمیـدیی و گاڵتـەجاڕی لـە جیهانـدا دەناسـرێت. لـە سـەرەتادا لـە (کلیرمـۆم)دا لەسـەر دەسـتی یەسووعییەکاندا خوێندی. وەها چاوەڕوان دەکرا کە ببێت بە پـارێزەر، بـەڵام لـە سـاڵی (١٦٤٣)دا دەستبەرداری پیشەکەی بوو چووە ڕیزی خێزانێکەوە بەناوی (بیکار)ەوە، کە کار و پیشەیان نواندن بوو. توانییان تیپێك بەناوی (شانۆی ڕەسەن)ەوە پێك بهێنن. لـە ئەنجامدا تیپەکە تووشی نوشوستی هات.. ئەوەبوو لە ئاکامی قەرز و قۆڵەیـەکی زۆرەوە مولێر خرایە کونجی زیندانەوە. لە پاش دەرچوونی لە زینداندا بـۆ جـارێکی تـر (مـۆلێر) چـووە ڕیـزی تیپێکـی شـانۆییەوە. لـەنێوان سـاڵانی (١٦٤٥–١٦٥٨)دا بـە ناوچـە جۆراوجۆرەکانی وڵاتی فەرەنسادا سووڕانەوەو نمایشی شانۆییان پێشکەش بە جـەماوەر کرد. وەها دەردەکەوێت کە مۆلێر چەند شانۆنامەیەکی کۆمیـدیایی گاڵتـەئامێزی کـورتی بۆ ئەو تیپە نووسیبێت. بەڵام سەرکەوتنی راستەقینەی لە مەیدانی نووسیندا لە شـانۆیی (نوژداری ئەویندار)ەوە دەسـتپێدەکات. ئـەم دەقـە کۆمیدییـە لـە بـەردەم شـای وڵاتـی فەرەنگدا پێشکەش کرا، ئەویش وەکو پێشوازییەکی شای وڵات لە کـاتی گەیـشتنیدا بـۆ شاری پاریس. شای وڵات چاودێری تیپەکەیان و تیپێکی ئیتالیایی کردو، بینـای شـانۆی (بۆربۆنی بچووکی) بۆ تەرخان کردن. تیپەکەیان لە ئاکـامی ئـەو شـانۆنامە کۆمیدیانـەی کـە لەلایـەن مـۆلێرەوە دەنووسـران، سـەرکەوتنی باشـی بەدەسـت هێنـاو بـووە مایـەی ڕەزامەندیی خەڵکی و جەماوەری بینەران.

له کۆتایی ساڵی ١٦٥٨دا شانۆنامه بەناوبانگەکەی خۆی نووسی کە بەناوی (ژنە زمان لووسەکان–المتحذلقات)ەوه بوو. لەم بەرهەمەیدا گاڵتە و تەشقەڵە بەچینی تازەپێگەیشتووەکان دەکات. پاش ئەمەیش چەندین سەرکەوتنی تری بەدەست هێنا.
نووسەر راسپێردرا بۆ ئەوەی نەخشەی چەندین نمایشی شانۆیی دابڕێژێت، لە پێناوی تەسەللا و کات بەسەربردنی پاشای وڵات و دەست و پێوەندەکەی لە دەرباری پاشایەتیدا. ئەوەبوو چەندین نمایشی شانۆیی پێشکەش کران، کە لە سەرووی هەموویانەوە (وتنی سەرپێیی ڤەرەسایی) دێت لە ساڵی (١٦٣٣)دا. پاش نواندنی شانۆگەریی (سکاناریل یاخود مێردە هەڵخەڵەتاوەکان)، تیپەکەیان لە ساڵی (١٦٦٠)دا بۆ هۆڵێکی پان و بەرینتر گوازرایەوە کە پێی دەوترێت شانۆی (پالی رۆیال). لەوێدا چەندین شانۆگەری یەك لەدوای یەکدا پێشکەش کران وەکو (قوتابخانەی هاوسەرەکان ١٦٦٢) و (رەخنەگرتن له قوتابخانەی ژنه بەشووەکان ١٦٦٢).
له ساڵی (١٦٦٤)دا شانۆنامەیەکی باوی (دووڕوو–المنافق)ەوه دانا، کە تیایدا هێرش دەباتە سەر ئەوانەی کە لەژێر پەردەی ئایندا مەرایی و دووڕوویی دەکەن. لە ئەنجامدا ئاینپەروەرە توندڕەوەکان توانیان ڕێگری لە پیشاندانی شانۆگەرییەکە بکەن. لە پاشاندا هەمان بابەت بەشێوەیەکی تایبەتی و بەروخسارێکی دەستکاری کراوەو پێشکەش کرا.
له بەرهەمە نوێیەکانیدا چەند دەقێکی شانۆیی دیکە دێن وەکو (دۆن جوان ١٦٦٥) و (دوژمنی مرۆ ١٦٦٦) و نوژداری زۆرەملێ ١٦٦٦) و جۆرج دندان ١٦٦٨).. گەورەترین نمایش کە بۆ دەرباری پاشایەتی پێشکەش کرا، شانۆگەریی (دڵدارە شکۆدارەکە)بوو لە ساڵی (١٦٧١)دا.
لە ساڵی (١٦٧١)دا مۆلێر شانۆنامەی (دەوڵەمەندی خانەدان–البری النبیل)ی دانا. هەروەها بۆ شانۆی (پالی رۆیال) له نێوان ساڵانی (١٦٧٢–١٧٧٣)دا هەردوو شانۆنامەی (ژنە زمان لووسەکان) و (نەخۆشی وەهمدار)ی نووسی.

له سالّی (١٦٧٣)دا لەو کاتەیدا کە مۆلێر لە دوا شانۆگەریی خۆیدا کە وەکو ئەکتەرێك دەوری دەگێڕا، کتوپڕ لەسەر تەختەی شانۆدا کەوت و مرد..

مۆلێر ئەکتەرێکی کۆمیدیایی گاڵتەجاڕی بەتوانابوو، بەڵام لە دەرگێڕانی تراژیدیاو مەرگەساتدا دۆش دادەما. هەروەها لە هەمان کاتدا دەرهێنەرێکی شانۆیی سەرکەوتوویش بوو. یەکەم دانەر بوو لە شانۆی فەرەنساییدا کە توانی کۆمیدیا بەرەو ئاستی تراژیدیا بەرز و بڵند بکاتەوە، ئەویش لە پێناوی تەسەللای چینی رۆشنبیر و مرۆی زیرەکدا.

# دوو داهێنەری ئەویندار

ولیەم فۆکنەر:

نووسەری ئەمریکایی ناسراو ولیەم فۆکنەر (١٨٩٧-١٩٦٢) بە یەکێك لە نووسەرە سەرکەوتووەکانی سەدەی بیستەم دەژمێردرێت، خاوەنی چەندین رۆمانی بەناوبانگە وەکو رۆمانی (هەراو توند و تیژی). ئەم نووسەرە بەوە ناسرابوو کە ژیانی خۆش دەویست و زۆریش دڵسۆز بوو بۆ ماڵ و منداڵی. لە هەمان کاتدا بەدرێژایی ماوەیەکی زۆر بەشێوەیەکی نهێنی ئافرەتێکی خۆش دەویست، لە ساڵی (١٩٧٧)دا پاش مردنی نووسەر بە پازدە ساڵ، پیرەژنێك بەناوی (میتا)وە کتێبێکی بڵاو کردەوەو پەردەی لەسەر چەند لایەنێکی شاردراوەی نووسەر هەڵماڵی.. ئەم ئافرەتە کاتی خۆی دۆست و ئەوینداری فۆکنەر بوو. لە ساڵی (١٩٣٥)دا چاویان بەیەکتری دەکەوێت و دەبن بە دۆست و ئاشنای یەکتری. لەو ساڵانەیشدا خاتوو (میتا کاپینتەر وایلد) نووسەری دەقی سینەمایی دەبێت. فۆکنەریش لە هەرەتی لاوێتیدا دەبێت و هەردەم هەڵپەی بوو لە پێناوی بەدەستهێنانی پارەوپوول و بەڕێوەبردنی گوزەرانی.

خاتوو میتا لە کتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە بە درێژایی سی و پێنج ساڵی رەبەق ئەوینداری یەکتری دەبن. دەگێڕێتەوە کە چۆن فۆکنەر هەردەم قردێلەی هەرزان بایی بۆ دەکڕی تاوەکو بیئاڵێنێت بە قژە سەریەوە. یاخود دەڵێت مراویی لاستیکی بۆ دەکڕیم و، منیش دەمبردە شوێنی خۆشۆرین و لەنێو تەشتی پڕ ئاودا دامدەنا و تەماشام دەکرد.

ئەو خۆشەویستییە بە نهێنی مایەوەو، فۆکنەریش لە ساڵی (١٩٢٩)دا خاتوو (ئەستیل)ی خواست و بوون بە هاوسەری یەکتری.. خاتوو میتای پیرەژنی حەفتا ساڵی و کۆنە

دۆستی فۆکنەر دەڵێت: لە ساڵی (١٩٦٢)دا کۆتایی بەو خۆشەویستییە هات کە دەکاتە ساڵی مردنی فۆکنەری نووسەری ئەمریکایی. ئەو خۆشەویستی و ئەویندارییەی کە بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ درێژەی کێشاو، لە پاشاندا کۆتایی بەو چیرۆکە هات...

پابلۆ نیرۆدا:

لە ساڵی (١٩٩٠)دا خاتوو (ئیلبیرتیا رۆسا ئەسۆکار) لە تەمەنی هەشتاو حەوت ساڵیدا لە شاری (سانتیاگۆ)ی پایتەختی (چیلی) کۆچی دوایی کرد. ئەوەی شایانی باسە ئەم خانمە یەکێك بوو لە هاوەڵە نزیکەکانی شاعیری چیلیی بەناوبانگ (پابلۆ نیرۆدا). بەیەك ساڵیش لە شاعیر گەورەتر بوو. هەر لە مێژەوە ئەم دووانە یەکتریان ناسی و بوون بە هاوەڵ و ئاشنای یەکتری.

خاتوو (ئیلبیرتینا) لە ساڵی (١٩٨٣)داو پاش مردنی نیرۆدا، کتێبێکی لەژێر ناوونیشانی (نیرۆدای لاو)دا بڵاوکردەوە. کتێبی ناوبراو گەلێك لەو نامانەی گرتبووە خۆی کە کاتی خۆی نیرۆدا بۆ ئەو ئافرەتەی رەوانە کردبوو. ئەو ئافرەتە دەنووسێت کەوا نیرۆدا زۆرجار هەڵبەستەکانی خۆی بۆ دەخوێندمەوە. لە پاشانیشدا داوای لێدەکردم تاوەکو دووبارە بەدەنگی خۆم بۆی بڵێمەوە..

خاتوو (ماتیلدا)ی دواژنی شاعیر لە مێردەکەی دەپرسێت:

– ئایا راستە کە بەتەنیا سێ ئافرەت لە ژیانتدا دەوریان گێڕاوە..؟

–نیرۆدا بەپێکەنینەوە لە وەڵامدا دەڵێت:

– نەخێر... بەڵکو ژمارەیان سی و سێ ئافرەتە...!

ئەوسا ژنەکەی قسەی دووبارە دەکاتەوەو دەپرسێت:

– راستم پێ بڵێ.. وەکو من بزانم بەتەنیا چوار ئافرەت بەچڕوپڕی کەوتوونەتە ژیانتەوە...!

خاتوو ماتیلدای ژنی شاعیر ئەوپەڕی راستی پێکابوو، چونکی لە سەردەمی لاوێتی نیرۆدای شاعیردا چوارەمین ئافرەتی خۆشەویستی بە تەواوەتی هەست و سۆزی کەمەندکێش کردبوو. هەر لەبەر خاتری ئەو ئافرەتە خۆشەویستەی دیوانی (بیست

هەڵبەستی خۆشەویستی و یەك گۆرانی پڕ لە نائومێدی)ی دانابوو. پێش ئەو مێـژووەیش سێ ئافرەت بەڕادەیەکی زۆر تێکەڵ بە ژیانی نیرۆدا ببـوون کـە ئـەوەیش ئەمانـە بـوون: خاتوو داليا ديل كاريل و... خاتوو ئەنتۆنيتا و... خاتوو ماتيلدا نورويتا..

سەرەڕای خۆشەویستی و ئەویندارییی بۆ ئەم ئافرەتانە، کەچی پابلۆ نیرۆدا لە سەردەمی هەرزەکاری و لاوێتیدا، نوقمی ئەوینی کچۆڵەیەکی جوانکیلە ببوو، بەڵام ئەو کیـژە بـەدڵ ڕەقییەکی زۆرەوە دەستی بەڕووی شاعیرەوە نابوو و بەجێی هێشتبوو. شـاعیریش هـەر ئەوەندەی لەدەست هاتبوو کە دیوانی (بیست هەڵبەستی خۆشەویستی) بۆ ئـەوینی ئـەو کیژە تەرخان بکات و بەچاپی بگەیەنێت. ئـەو دیوانـەیش وەرگێڕدراوەتـە سـەر زۆربـەی زمانانی زیندووی جیهان و، لە بازاڕی کتێبدا ڕەواجێکی زۆری هەیە..

# بلاۆکراوەکانی کۆمەڵەی روناکبیریی و کۆمەڵایەتی کەرکوك

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەنفال و شۆڕەبی | شیعر و بیرەوەریی | مەلا شاخی | | ١٩٨٨ |
| ٢ | سروودی منالان | سروودی نەتەوایەتی | کۆمەڵێك شاعیر | | ٢٠٠٣ |
| ٣ | دیوانی ئالیاسین | شیعری وەرگێڕدراو | محمد حسین ئالیاسین | ئاوات حسن | ٢٠٠٥ |
| ٤ | ژیلەمۆی گەرمیان | بیرەوەریی | سەعید شاکەلی | | ٢٠٠٥ |
| ٥ | کۆنفرانسی ماددەی (٥٨) | وتار و دیکۆمێنت | | | ٢٠٠٥ |
| ٦ | راگەیاندن بەرجەستەکردنی ستەمی ئایدیۆلۆژی | لێکۆڵینەوە | شێرکۆ جەبار | | ٢٠٠٦ |
| ٧ | خورماتوو لە پاکتاوی رەگەزیدا | لێکۆڵینەوە | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٨ | فەرهەنگی(ماچۆ)ی کاکەیی | فەرهەنگسازی | هاشم کاکەیی | | ٢٠٠٦ |
| ٩ | لەنێوان ئێستا و رابوردوودا | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم سالەیی | | ٢٠٠٦ |
| ١٠ | مێژووی ئەو کۆمەڵە و رێکخراو | مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | ٢٠٠٦ |
| ١١ | عەلی بەستێ | کورتە رۆمان | حەسەن جاف | | ٢٠٠٦ |
| ١٢ | ژیاننامە و بەرهەمەکانی پرۆفیسۆر د.زەنون پیریادی | لێکۆڵینەوە | د. زەنون محەمەد | | ٢٠٠٦ |
| ١٣ | نەخۆشییەکانی ئاژەڵ کە تووشی ئادەمیزاد دەبن | لێکۆڵینەوە | د. عبدالکریم حاجی محمد | | ٢٠٠٦ |
| ١٤ | کەرکوك لەنێوان پیلان | کۆمەڵە گوتار | هێمن مەولود | | ٢٠٠٦ |
| ١٥ | کۆمەڵە وتار | وتار | تەها سلیمان | | ٢٠٠٦ |
| ١٦ | شکستی بلیمەتی | کۆمەڵە وتار | عەبدوڵڵا مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٧ | کەرکوك لەنێوان حەزی خەڵکەکەی و | لێکۆڵینەوە | عەلی مەحمود | | ٢٠٠٦ |
| ١٨ | دەروونناسی گشتی | دەروناسی | د. عبدالستار تاهیر | | ٢٠٠٦ |
| ١٩ | گەنج و تازەگەری | وتار | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢٠ | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | شیعر | فەرمان هیدایت | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٦ |
| ٢١ | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | مێژوو | حەسەن بارام | | ٢٠٠٦ |
| ٢٢ | "الأرجوان" قصص كوردية | چیرۆکی وەرگێڕدراو | محمد صابر محمود | | ٢٠٠٧ |
| ٢٣ | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | مێژوو | مستەفا نەریمان | | ٢٠٠٧ |
| ٢٤ | کێشەی ویلایەتی مووسڵ | لێکۆڵینەوە | و: شێخ محمد شاکەلی | | ٢٠٠٧ |
| ٢٥ | بەشێك لە حیکایەتی ئەنفالی(٣) | مێژوو | هاوار عباس | هاوکاری کۆمەڵە | ٢٠٠٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | شووشه | شيعر | هێمن خورشيد | هاوكارى كۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٢٧ | شێتبوون | شيعر | عومەر سەيدە | | ٢٠٠٨ |
| ٢٨ | مدينة اغرقت في الظلام | صور ووثائق | شرف الدين جباري | | ٢٠٠٨ |
| ٢٩ | سووتان بەبۆنى بارانى نامۆ بوون | دەق | تەها سليمان | | ٢٠٠٨ |
| ٣. | گوڵبژێرێك له شيعر و شاعيرانى گەرميان | كۆكردنەوە و ئامادەكردن | ساڵح هەلاج | | ٢٠٠٨ |
| ٣١ | شهود عيان عن الانفال | ديكومينت ودراسة | عارف قورباني | حسن شيخانى | ٢٠٠٨ |
| ٣٢ | المتاهة | مجموعة قصص | سالار اسماعيل سمين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٣ | "شانۆكار" گۆڤارى شانۆيى | شانۆ | تيپى شانۆى كەركوك | هاوكارى كۆمەڵە | ٢٠٠٨ |
| ٣٤ | سەما لەگەڵ گورگە بۆرەكان | وتار | ستران عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٣٥ | وەرزى بێ تاقەتى | شيعر | شەهيد سۆران مامە حەمە | | ٢٠٠٨ |
| ٣٦ | صفحات من تاريخ اليهود | تاريخ | صلاح الدين مجيد | | ٢٠٠٨ |
| ٣٧ | ديوانى شاعيرانى كوردى گۆڕان | لێكۆڵينەوە | هاشم كاكەيى | | ٢٠٠٨ |
| ٣٨ | كورد و توركمان و رابردوويەكى پڕ له قەيران | لێكولێنەوە | معتصم نجم الدين | | ٢٠٠٨ |
| ٣٩ | جلولاء في صفحات التاريخ | دراسة | نجم عبدالله | | ٢٠٠٨ |
| ٤. | قسە خۆشەكانى ناوچەى گەرميان | پەندو سەر... | شكور حەمەى هەيەر | | ٢٠٠٨ |
| ٤١ | شاكر فەتاح و رۆڵى له... | لێكۆلينەوە | بهاء الدين احمد | | ٢٠٠٨ |
| ٤٢ | خوايە وەرە بۆ ئەمريكا | شيعر | لەتيف هەڵمەت | | ٢٠٠٩ |
| ٤٣ | كاتژمێر دوو | چيرۆك | ئاسۆ سەعيد | هاوكارى كۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٤٤ | شێخ ئەحمەد شاكەلى | ديوان و يادداشت | هاشم كاكەيى | | ٢٠٠٩ |
| ٤٥ | پەيوەندييەكانى ئاسوورييەكان و بەريتانيا | لێكۆڵينەوە | سيروان حەمە سەعيد | | ٢٠٠٩ |
| ٤٦ | شعراء جماعة كركوك | دراسة | هشام القيسي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٧ | قراءة استدلالية في المسرح الكوردي | دراسة | بشار عليوي | | ٢٠٠٩ |
| ٤٨ | كركوك الحقائق والأرقام | وثائق | عارف قورباني | | ٢٠٠٩ |
| ٤٩ | دانيشتن بە ديار ئەنفالەوە | وتار و ديدار | خەڵەف غەفور | | ٢٠٠٩ |
| ٥. | لە كۆتايى چاوەڕوانيدا | چيرۆك | عومەر سەيد | | ٢٠٠٩ |
| ٥١ | كەركوك لە ڕوانگەى مێژووەوە | لێكۆڵينەوەى مێژوويى | و: د. ئازاد عبدالواحد | | ٢٠٠٩ |
| ٥٢ | بيبيليۆگرافياى چالاكييەكانى كۆمەڵە بۆ ساڵى ٢٠٠٨ | چالاكى كۆمەڵە | ئا: نەوزاد شێخانى | | ٢٠٠٩ |
| ٥٣ | رموزنەكان | كۆمەڵە چيرۆك | بەكر دەروێش | | ٢٠٠٩ |
| ٥٤ | ڕامان لە ئايديۆلۆژياكان | هزرى سياسى | محمد فاتح عبدالرحمن | | ٢٠٠٩ |
| ٥٥ | تاوان و تۆڵە | شيعر | حەميد مەجيد جوامێر | | ٢٠٠٩ |
| ٥٦ | التركمان في وثائق البعث | وثائق | صمد چاوشين | ن:سامان | ٢٠٠٩ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | بابان | |
| ٥٧ | كوردستان له چاخی مەغۆلدا | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | د .عەبدوڵا عەلیاوەیی | و:ستار شێخانی | ٢٠٠٩ |
| ٥٨ | مۆدلیانی | هونەر | | گرفتار كاكەیی | ٢٠٠٩ |
| ٥٩ | ڕێبەری دەزگای ڕۆیتەرز | ڕۆژنامەوانی | | و: عمر عبدالكريم | ٢٠٠٩ |
| ٦. | خطوة على طريق النقد | دراسة نقدية | جليل البصري | | ٢٠٠٩ |
| ٦١ | هزری ڕەخنەیی و ئستاتیكای دەق | لێكۆڵینەوەی ڕەخنەیی | سەعید مەحەممەد بەرزنجی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٢ | بەشێك له بیرەوەریەكانی مام جەلال | مێژوو | | و . سوران عەلی | ٢٠٠٩ |
| ٦٣ | مێرووله | چیرۆكی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٤ | گوڵ و ئاسك و هەنگ | چیرۆكی منداڵان | نەوزاد شێخانی | | ٢٠٠٩ |
| ٦٥ | نەورۆز نامــە | | محەمەد عەبدولرەحمان زەنگنه | | ٢٠٠٩ |
| ٦٦ | دور نواب كركوك في العهد الملكي | دراسه تأريخيه | د. نبيل محمود عكيد | | ٢٠٠٩ |
| ٦٧ | تۆبزاوه | پرسی ئەنفال و جینۆساید | ناوەندی چاك | لەسەر ئەركی كۆمەڵە | ٢٠٠٩ |
| ٦٨ | نەوت بەرانبەر به خاك | لێكۆڵینەوه | | و: سابیر عەبدوڵڵا | ٢٠١٠ |
| ٦٩ | چەمچەماڵ له چەرخی بیستدا | مێژوو | د. زەنوون پیریادی | | ٢٠١٠ |
| ٧٠ | شیعر كوژی | چەند پەیڤێك دەربارەی شیعر | حەمه كەریم عارف | | ٢٠١٠ |
| ٧١ | گیرفان | گۆڤارێكی ڕۆشنبیریی | كۆمەڵێك روناكبیر له گەرمیان | هاوكاری كۆمەڵه | ٢٠١٠ |
| ٧٢ | وته و پەندی بەنرخ | پەند | عەدنان ئیبراهیم | هاوكاری كۆمەڵه | ٢٠١٠ |
| ٧٣ | مانــدێلا و دیموكراســی ئــەمڕۆ و باشووری ئەفریقیا | لێكۆڵینەوه | شادمان مەلا حەسەن | | ٢٠١٠ |
| ٧٤ | صفحات من تاريخ اليهود في العراق وكوردستان | دراسه تأريخيه | صلاح الدين صالح مجيد | الطبعة الثانية | ٢٠١٠ |
| ٧٥ | أبعاد كوردستانية قضاء خورماتو | دراسة تأريخية | حسن بارام | | ٢٠١٠ |
| ٧٦ | پیاوێك گرەو له نەمری دەباتەوه | لێكۆڵینەوه | ئا: ساڵح هەلاج | | ٢٠١٠ |
| ٧٧ | عمليات الأنفال في كوردستان العراق | دراسة تأريخية | فاتح محمد سليمان | | ٢٠١٠ |
| ٧٨ | چه یانەی شوكر خەیاتەوه | لێكۆڵینەوه | گەرمیان شوكر | | ٢٠١٠ |
| ٧٩ | ئەنفال و سەگه ڕەشەكه و بیابان | لێكۆڵینەوه مێژوویی | هێمن مەولوود | | ٢٠١٠ |
| ٨٠ | شەبەك | لێكۆڵینەوه مێژوویی | هاشم عاصی كاكەیی | | ٢٠١٠ |
| ٨١ | یەكێتیی قوتابیانی كوردستان ١٩٥٣ – ١٩٧٥ | لێكۆڵینەوەی مێژوویی | سامان كەریم مەحموود | | ٢٠١٠ |
| ٨٢ | دیوانی شێخ كەریم بەرزنجی | شیعر | كەریم بەرزنجی | | ٢٠١٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٨٣ | **ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩١٤ـ١٩٤٥)** | **لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی** | **حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ** | | **٢٠١٠** |
| ٨٤ | **کەرکوك لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا** | **لێکۆڵینەوەی مێژوویی** | **سمکۆ بەهرۆز** | | **٢٠١٠** |
| ٨٥ | **سێشەممە دەبمە جەللاد** | **فکری** | **خالد سلێمان** | | **٢٠١٠** |
| ٨٦ | زۆرانبازی لەگەڵ سەدەی ٢١دا | **وتار** | **ستران عبدالله** | | **٢٠١٠** |
| ٨٧ | شەوی سەفەر | **شیعر** | **سەیران شەوانی** | هاوکاری کۆمەڵە | **٢٠١٠** |
| ٨٨ | سۆزی شاعیر | **شیعر بۆ گۆرانی** | **ستار ئەحمەد عبدالرحمن** | | **٢٠١٠** |
| ٨٩ | **طوزخورماتو التأريخ والشراكة الحقيقية لبني البشر** | **دراسة تأريخية** | **برهان البرزنجي** | | **٢٠١١** |
| ٩٠ | ئەدەب و هونەر (بەرگی دووەم) | لێکۆڵینەوە | موعتەسەم ساڵەیی | | **٢٠١١** |